# پرسی دانانی عەلی رەزا بەجێنشین لەنێوان سیاسەت و باوەڕدا

## (201-203ك/817-819ز)

**ID No.688**

(PP 307 - 336)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.2.19

**بەختیار عبدالله کریم**

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

bakhtyar.karim@univsul.edu.iq

**وەگـــــرتن : 2022/10/16**

**پەسندکردن : 2022/11/23**

**بڵاوکردنەوە : 2023/04/17**

**پوختە**

هەرچەندە لەسەرەتای سەدەی دووەمی کۆچیدا بانگەوازی عەبباسی لەدژی ئومەوییەکان، لەژێر دروشمی (رازیبوون لە خانەوادەی پێغەمبەر)دا دەستپێکرد، بەڵام بەدامەزراندنی دەوڵەتی عەبباسی، ململانێیەکی توندو خوێناوی لەنێوان (عەلەوی و عەبباسی)یەکاندا، دیارترین دوو بەرەبابی خانەوادەی پێغەمبەر (د.خ) سەریهەڵدا؛ عەلەوییەکان چەندین راپەڕینیان دژی دەسەڵاتی ئامۆزاکانیان بەرپاکرد، لەئاکامیشدا خۆیان و شوێنکەوتەکانیان بوونە قوربانی. لە سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچیدا خەلیفە مەئمون (198-218ك/814-833ز)، لە هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراوو پێچەوانەی سیاسەتی عەبباسییەکان، (علي بن موسى بن جعفر بن محمد بن علي بن حسين بن علي بن أبي طالب 203ك/819ز)ی عەلەوی کرد بە جێنشینی خۆی؛ جگەلەوەی کارەکە بووە هۆی هەڵگەڕانەوەی عەبباسییەکانی بەغداد و هەندێك لە بەرپرس و سەرکردەکان؛ هاوکات بەهۆی نامۆیی هەنگاوەکەو مردنی لەناکاوی عەلی رەزا، لەدوای تێپەڕبوونی نزیکەی دوو ساڵ بەسەر جێنشینییەکەیدا، گومان لە نیازپاکی خەلیفە مەئمون دەکرێت و لێکدانەوەو بۆچوونی جیاواز بۆ نییازو مەبەستەکەی، خراوەتەڕوو.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تاوتوێکردنی لێکدانەوەکانی تایبەت بە پاڵنەرەکانی خەلیفە مەئمون لەپشت دانانی عەلی رەزا بەجێنشین، روونکردنەوەو شیکردنەوەی لێکدانەوەکان لە رووی گونجانیان یاخود رووکەشیبوونیان و کاریگەربوونیان بە ئایینزاو ئایدۆلۆژیای تێڕوانینی سیاسی خاوەنەکانیان، ئەمەش بە ئامانجی گەیشتن بە وێنایەکی نزیك لەو بەرنامە سیاسییەی خەلیفە مەئمون و ئەو چوارچێوە هزرییەی کە هۆکاربوو بۆ دانانی عەلی رەزا بەجێنشین.

**کلیلە وشە:** خەلیفە مەئمون؛ جێنشین؛ عەبباسی؛ عەلەوی؛ بەرنامەی سیاسی.

### پێشەکی:

قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا لەدەستی بنەماڵەیەکداو بەپشتاوپشتکردنی، بووە هۆی گۆڕینی سیستەمی فەرمانڕەوایی ئیسلامی و رەوایەتیدان بە خەلیفەکان، ئەمەش تەنها بە فەرامۆشکردنی رۆڵی خەڵك لەدیاریکردنی خەلیفەدا نەوەستا، بەڵکو هێزی سەربازی و دارایی دەوڵەت تەرخانکرا بۆ سەپاندنی سیاسەتی بنەماڵەی فەرمانڕەواو دەستبەرکردنی ملکەچیی سەرۆك هۆزو بنەماڵە دیارەکانی کۆمەڵگە. لەلایەکی دیکەوە پاڵنەربوو بۆ هەوڵدانی بنەماڵەکانی دیکە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، کە خۆیان لە ئومەوییەکان بەشیاوترو لەپێشتر دەزانی بۆ سەرکردایەتیکردنی مسوڵمانان؛ بەتایبەتیش (عەلەوی و عەبباسی)یەکان، بەهۆی ئەوەی لە بنەماڵەی پێغەمبەر(د.خ) بوون، دەسەڵاتیان بۆ خۆیان بەرەواتر دەبینی؛ بەشێك لە نەیارانی دەوڵەتی ئومەوی هاندەرو پاڵنەربوون، تا سەرکردایەتی چەندین راپەڕین بکەن لەدژی دەسەڵاتی ئومەوی. لە ئاکامیشدا عەبباسییەکان توانیان لەژێر دروشمی (رازیبوون لەخانەوادەی پێغەمبەر)دا دەوڵەتی ئومەوی بڕوخێنن.

عەبباسییەکان بە گەیشتنیان بەدەسەڵات، پێچەوانەی دروشمی بانگەوازەکەیان، دەستیانکرد بە بەگەڕخستنی تواناکانی دەوڵەت بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان و پەراوێزخستن و سەرکوتکردنی عەلەوییەکان؛ بەڵام خەلیفە مەئمون پێچەوانەی سیاسەتی پیادەکراوی عەبباسییەکان و لە هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراودا، (علي بن موسى 203ك/819ز)ی عەلەوی کرد بە جێنشینی خۆی؛ ئەمەش لەلایەك بووە هۆی هەڵگەڕانەوەی عەبباسییەکانی بەغداد و هەندێك لە بەرپرس و سەرکردەکانی دەوڵەت؛ لەلایەکی دیکەوە، جگە لەوەی، بەهۆی ئەوەی کارەکە نامۆو پێچەوانەی سیاسەتی عەبباسییەکان بوو، هاوکات مردنی لەناکاوی جێنشین

(عەلی رەزا) لەدوای تێپەڕبوونی نزیکەی دوو ساڵ بەسەر جێنشینییەکەیدا، گومانی لەسەر نیازپاکی مەئمون، لەلای بەشێك لە گێڕەرەوەو مێژوونووسانی ئیسلامی و زۆر لەتوێژارنی هاوچەرخی بواری مێژوو، دروستکردووە، بەوەی کە مەئمون بەپیلان عەلی رەزای کردووە بەجێنشین، کە بەپاڵنەری سیاسی و جیاوازی ئایینزاییەوە، لەچوارچێوەی گومان براوەتە دەرو هەندێك وەك راستییەکی مێژوویی حاشاهەڵنەگر جەخت لە بوونی پیلان دەکەنەوەو زۆر بە دڵنیاییەوە مەئمون بە کوشتنی عەلی رەزا تاوانباردەکەن. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تاوتوێکردنی بۆچوون و لێکدانەوەو بەڵگاندنەکان، بەئامانجی گەیشتن بە لێکدانەوەیەکی وردتر لەدەرەوەی ئاڕاستەو پاڵنەری سیاسی و ئایینزایی و دووپاتکردنەوەی بۆچوونی باودا.

هەوڵمانداوە بەگوێرەی میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوویی توێژینەوەکە ئەنجامبدرێت. جگە لەکاری کۆکردنەوەی دەقە مێژووییە جیاوازەکان، تەنها باسکردنو خستنەڕووی گێڕانەوەکان نەبێتو نەبێتە شوێنکەوتەی گێڕانەوەکان، بەڵکو لەلایەك چەندین گێڕانەوەی نەشازو نەگونجاو لەگەڵ ژێریدا هەڵاورد کراوە، لەلایەکی دیکەشەوە پەیڕەوی میتۆدی بنکۆڵکاریو چوونە بنجو بناوانی پرسەکان پەیڕەوکراوە، بۆ گەیشتن بەمەبەستی شاراوەی پشت دەقو گێڕانەوەکان، دەقەکان کاری بەراوردکارییان بەگوێرەی ئاڕاستەی سیاسیو ئایینزایی گێڕەرەوەو مێژوونووسەکان بۆکراوە، پاشان شرۆڤەکردنو هەڵێنجاندنی ناواخنی دەقەکانو گونجاوی دەقەکە لەگەڵ رەوشی باوی سەردەمەکەیدا. لەمەشدا هەوڵدراوە بەگوێرەی توانا لە وەرگرتنی راستەوخۆ دووربکەوینەوە. هاوکات لەشوێنە پێویستەکاندا سەرنجو تێڕوانینی توێژەر لەسەر دەقەکانو تەنانەت بۆچوونی توێژەرانی هاوچەرخیش تاوتوێکراوەو خراوەتەڕوو.

توێژینەوەکە بۆ سێ تەوەرە دابەشکراوە، تەوەری یەکەم تایبەتە بە رێکارەکانی دانانی عەلی رەزا بەجێنشین و لێکدانەوەی گێڕانەوەو کاردانەوەکان. تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ تاوتوێکردنی خوێندنەوەو لێکدانەوەکان بۆخستنەڕووی پاڵنەرو ئامانج لە بەجێنشیکردنی عەلی رەزا. لە تەوەری سێیەمدا هەوڵدراوە وێنای ئەو بەرنامە سیاسییەی خەلیفە مەئمون بکرێت، کە لەچوارچێوەیدا عەلی رەزا بووبە جێنشین.

**1- رێکارەکانی دانانی عەلی رەزا بەجێنشین...لێکدانەوەی گێڕانەوەو کاردانەوەکان**

ناوی (علي بن موسى)یە، لەبارەی ساڵی لەدایکبوونی بۆچوونی جیاواز هەیە، وتراوە ساڵی (148ك/765ز، 151ك/768ز، 153ك/770ز) لەدایکبووە (الكليني، 1363ش: 486/1؛ الخصيبي، 1991: 279؛ كمال الدين الشافعي، د.س: 455؛ ابن خلكان، 1900: 270/3)، کەسێکی شارەزاو زانا بووەو لە مزگەوتی پێغەمبەردا فەتوای داوە (ابن الجوزي، 1992: 10/119-120؛ سبط ابن الجوزي، 2013: 388/13؛ الذهبي، 2006: 115/8)، لە رۆیشتنیدا بۆ خۆراسان، گەیشتۆتە هەر شارێك زاناو فەقیهەکانی شارەکە چوون بۆ پێشوازیکردنی، بۆنموونە لە نەیشاپور (يحيى بن يحيى، إسحاق بن راهويه، محمد بن رافع، أحمد بن حرب و...) چوونە پێشوازیی (ابن الجوزي، 1992: 120/10)، جگەلەوەی شیعەی ئیمامی بە ئیمامی هەشتەمی خۆیانی دادەنێن، لەلای مسوڵمانانی دیکەش پایەدارو رێزدار بووە، تا ئەوەی وتراوە شیاوو شایەنی خیلافەت بووە (الذهبي، 2006: 118/8).

لەساڵی (200ك/816ز)دا خەلیفە مەئمون لە مەدینە بانگهێشتیکرد بۆ خۆراسان و (رجاء بن أبي الضحاك)ی ئامۆزای فەزڵی وەزیرو خزمەتکارە تایبەتەکەی خۆی نارد بەدوایدا (الطبري، 1387هـ: 544/8؛ ابن الاثير، 1997: 478/5؛ المسعودي، 2005: 24/4؛ الشيخ الصدوق، 1984: 159/1). زۆربەی گێڕانەوەکان ئاماژەدەکەن بەوەی مەئمون بەئامانجی دانانی بەجێنشین ناردوویەتی بەدوای عەلی رەزاو تالبییەکاندا، بۆیە لەنێوان گەیشتنی و راگەیاندنی جێنشینبوونیدا، ماوەیەکی ئەوتۆی نەخایاندووە، تەنانەت دەوترێت سەرەتا مەئمون ویستوویەتی واز لە خیلافەت بهێنێت بۆی، بەڵام ئەو رەتیکردۆتەوە (الشيخ المفيد، 1993: 259/2؛ الفتال النيسابوري، د.س: 223؛ الشيخ الطبرسي، 1417هـ: 72/2)؛ بەگوێرەی گێڕانەوەکانی شیعەش چەندینجار لەدوای کوژرانی ئەمینی برایەوە نامەی بۆ رەزا ناردووە تا بچێت بۆ خۆراسان، بەڵام ئەو بە بیانووی خراپی تەندروستییەوە نەچووە، تا دواجار ناچاربووەو چووە، مەئمون داوای لێکردووە ببێت بە خەلیفە لەجیاتی ئەو (الكليني، 1363ش: 488/1-489؛ الشيخ الصدوق، 1984: 160/1-162). خەلیفە مەئمون لە رۆژی بەیعەتدان بەجێنشیندا، پۆشاکی سەوزی بە کاربەدەست و بەرپرسەکان پۆشی، رێزێکی زۆری بۆ عەلی رەزا دەربڕیوەو لەنێوان دوو پشتی گەورەدا دایناوە، پاشان فەرمانیکردووە بە عەبباسی کوڕی سەرەتا بەیعەتی پێبدات، دوای ئەوەی ئامادەبووانی دیکە بەیعەتیان پێداوە، پاشان مەئموون خەڵاتی بەسەر عەبباسی و ئامادەبووەکاندا دابەشکردووە، تا پارە تەواوبووە؛ پاشان بە عەلی رەزای وتووە، وتار بۆ خەڵکەکە بدات؛ ئەویش وتوویەتی:"بەهۆی پێغەمبەری خوداوە مافمان بەسەرتانەوە هەیە، بەو هۆیەوە ئێوەش مافتان هەیە لەسەرمان ، ئەگەر ئێوە مافی ئێمەتان دا، ئەوا لەسەر ئێمەش مافی ئێوە

پێویستدەبێت" (أبو الفرج الأصبهاني، 1965: 455؛ الشيخ المفيد، 1993: 2/261-262؛ الشيخ الطبرسي، 1417هـ: 2/72-74). هەروەها نازناوی (الرضا يان الرضى من آل محمد)ی لێنا (الطبري، 1387هـ: 8/544؛ أبو الفرج الأصبهاني، 1965: 455؛ الشيخ المفيد، 1993: 2/263؛ ابن الاثير، 1997: 5/484)، بەگوێرەی دەقی پەیمانی سپاردنی جێنشینییەكەش بۆیە ئەم نازناوەی بۆداناوە، چونكە جێگەی رەزامەندی مەئمون بووە (ابن أبي الفتح الإربلي، 1985: 3/127).

**1-1 دەقی پەیماننامەی جێنشینییەكە:**

لە دوو گێڕانەوەو ئاڕاستەی جیاوازەوە، دەقی پەیماننامەكە خراوەتەڕوو؛ یەكەمیان دەوترێت (هبة الله بن الفضل بن صاعد الكاتب 560ك/1165ك) خۆی پەیماننەكەی بە دەستنووسی خەلیفە مەئمون بینیوە، كە (يحيى بن صاعد)ی خاڵۆی بە دووسەد دینار كڕیویەتی و بردوویەتی بۆ میر (سيف الدولة صدقة بن منصور بن دبيس بن مزيد الأسدي 479-501ك/1086-1107ز) (ابن الجوزي، 1992: 10/99). لەگێڕانەوەی شیعەشدا دەوترێت لەساڵی (670ك/1271ز)دا كەسێك هاتووە بۆ گڵكۆی عەلی رەزاو پەیماننامەو بڕیارە دەستنووسەكەی مەئموونی پێبووە، كە لەنێوان دێڕەكانداو لەپشتەوە عەلی رەزا وەڵامی خۆی نووسیوە، (ابن أبي الفتح الإربلي 693ك/1294ز)ش ئاماژەی پێدەكات كەوا دەستنووسەكەی بینیوەو پیت بەپیت نووسیویەتییەوە؛ پەیماننامەكە (800) وشە زیاترە؛ نووسینەكەی عەلی رەزاش لە پشتی پەیماننامەكەدا نزیكەی (300) وشەیە (1985: 3/124-128).

ئەگەرچی تاڕادەیەك جیاوازی لە داڕشتن و وشەو دەستەواژەكانی نێوان دوو دەقەكەدا هەیە، بەڵام باسكردنی لەدوو ئاڕاستەی ئایینزایی جیاوازەوەو تەبایی مانایی لە ناوەڕۆكی هەردووكیاندا، دەمانگەیەنێتە ئەوەی كە لەسەدەی شەشەم و حەوتەمی كۆچیدا دەستنووسێكی پەیماننامەكە هەبووە، كە بەدەستنووسی مەئموون ناسێندراوە، بەگوێرەی دەستنووسەكەش مەئمون هەردوو بەرەبابی عەبباسی و عەلەوی بەیەك بنەماڵەو بەخانەوادەی پێغەمبەر داناوە، دوای بیركردنەوەو ئەنجامدانی نوێژی (الاستخارة) تا بزانێت لەنێو نەوەكانی (عبد الله بن العباس)و (علي بن أبي طالب)دا كێكات بەجێشینی خۆی و ئەمیری مسوڵمانان، گەیشتۆتە ئەو بڕیارەی (علي بن موسى بن جعفر) دابنێت بەهۆی رێزو پایەداری و زانایی و خولیانەبوونی بۆ دەسەڵات و بێگەردی و دونیا نەویستی و لەخوداترسانییەوە (ابن الجوزي، 1992: 10/94-97؛ ابن أبي الفتح الإربلي، 1985: 3/126). رێوڕەسمی دانانەكەشی رۆژی دووشەممە رێككەوتی (7ی رەمەزانی 201ك/817ز) بووە (اليعقوبي، د.س: 2/448؛ ابن الجوزي، 1992: 10/97، 99؛ ابن أبي الفتح الإربلي، 1985: 3/127). عەلی رەزاش لەو شوێنانەی ویستوویەتی چەند وشەیەكی نووسیوە، وەك ئەوەی لە باسی ئەوەی لەنێو دوو خانەوادەكەدا (علي بن موسى)ی هەڵبژاردووە، نووسیویەتی:مافی خزمایەتیت بەجێهێناو خودا پادشتی چاكەت بداتەوە… لەشوێنێكی دیكەدا نووسیویەتی: بە قوربانت بم. هەروەها لە وەڵامی ئەوەی نووسراوە ناویناوە (الرضا)، ئەو بۆی نووسیوەتەوە خودا لێترازیبێت و رازیتبكات و لەهەردوو دونیادا بەچاكە پاداشتت بداتەوە. هاوكات لەپشتی پەیماننامەكەوە، عەلی رەزا وەڵامی داوەتەوەو گەواهی ئەوە بۆ مەئمون دەدات كە گوێڕایەڵبوونی خودای لەپێشترگرتووە، هەقی ئەوانی رەچاوكردووەو هەقی خزمایەتی بەجێهێناوە، كە كەسانی دیكە پشتگوێیان خستووە؛ پەیمانی كاروبارو ئیمارەتی گەورەی پێسپاردووم بۆ دوای خۆی، ئەگەر بمێنم… پاشان بەڵێنی پابەندبوونی خۆی داوەو پەیماندەدات كە بەگوێرەی قورئان و سوننەت كاربكات؛ هەروەها ئومێدی وایە كارەكە ببێتە هۆكاری تەبایی و پێكەوەبوون و پاراستنی خوێنی مسوڵمانان و بەهێزیی بۆ ئایینەكەیان،…داوا دەكات دەستوبردیان بۆ گوێڕایەڵی خوداو پاشان ئەمیری بڕواداران هەبێت؛ نووسیویەتی ئەمەشی بە ئامادەبوونی ئەمیری بڕواداران و (الفضل بن سهل، يحيى بن أكثم، عبد الله بن طاهر، ثمامة بن أشرس، بشر بن المعتمر، حماد بن النعمان) نووسیوە (ابن الجوزي، 1992: 10/98-99؛ ابن أبي الفتح الإربلي، 1985: 3/127-129).

پشتڕاستكردنەوەی دەقی پەیماننامەكە، بەتایبەتی ناساندنی بەدەستنووسە رەسەنەكەی مەئمون، كارێكی ئەستەمە، بەتایبەتیش كە مێژوونووسەكانی هاوچەرخی رووداوەكەو دوو سەدەی دواتر، ئاماژەیان بە پەیماننامەكەو وەڵامی عەلی رەزا نەكردووە، لەكاتێكدا دەوترێت لە هەموو شارو ئاوەدانییەكان خوێندراوەتەوە (ابن خياط، 1397هـ: 470؛ الفسوي، 1981: 1/192-194؛ البلاذري، 1988: 42)، بەدیاریكراویش دەوترێت پەیماننامەكەی ناردووە بۆ مەككەو مەدینە، لە كەعبەو لەنێوان گڵكۆو دوانگەی پێغەمبەردا خوێندراوەتەوە (سبط ابن الجوزي، 2013: 13/369)؛ بەڵام دروستر ئەوەیە فەرمانی جێنشینییەكە بۆ هەرێمەكان نێردراوە، نەك پەیماننامەكە (اليعقوبي، د.س: 2/445؛ الطبري، 1387هـ: 8/544؛ ابن مسكويه، 2000: 4/131). سەبارەت بە دوو گێڕانەوەكەش لەلایەك ئەگەرچی (ابن الجوزي) هاوسەردەمی دەركەوتنی دەقە نووسراوەكە بووە، بەڵام خۆی نەیبینیوەو دەڵێت (هبة الله) بینویەتی، لەلایەكی دیكەش، ئاماژەدانی دووەمیش دوای سەدەیەك زیاترە لە ئاماژەی یەكەم و باسی دوو دانەش دەكات، یەكەمیان

لەساڵی (670ك)دا لەلای یەكێك لە سەردانکارانی گڵكۆی عەلی رەزا بووە، دووەمیش دەڵێت لەساڵی (677ك/1278ز)دا دەستنووسەکەی عەلی رەزا کە لەوەڵامی نووسینەکەی مەئموونداو نووسیویەتی، لە (واسط) بینیومە (ابن أبي الفتح الإربلي، 1985: 130/3)؛ ئەمەش جێگەی سەرنجە ئەگەر وەڵامەکەی عەلی رەزا لە نێوان دێرەکانی پەیماننامەکەداو لە پشتییەوە بووبێت، چۆن بەتەنها ئەوەیانی بینیوە، یان لەگەڵ ئەوەی ساڵی (670ك)دا ئەمی نەبینیوە؟؛ ئەمە ئاماژەو ئەگەرە بۆئەوەی بەناوی دەستنووسەکەوە چەندین دانە نووسراوەتەوەو بڵاوبووەتەوە؛ پێدەچێت دەنگۆی ئەوەی پەیماننامەکە نێردراوە بۆ هەموو هەرێم و شارەکان، بواری زیاتر رەخساندبێت تا لەلایەن کەسانێکی نادیارەوە پەیماننامەیەك بەگوێرەی ویست و ئامانج و ئاراستەی سیاسی و ئایینزایی خۆیان، بەسوودوەرگرتن و لەژێر رۆشنایی گێڕانەوەکانی تایبەت بە بەیعەتدانەکەو وتاری خەلیفەو جێنشین لە رێوڕەسمی بەیعەتەکەدا، دارێژرابێت؛ بۆنموونە دەقی نووسینەکەی عەلی رەزا، هەمان وتەکانی وتارەکەیەتی بە درێژتر، لەگەڵ زیادبوونی ناوی گەواهیدەرەکان (ابن شهر آشوب، 1956: 473/3-474)؛ سەبارەت بە گەواهیدەرەکانیش، لەلای (الاربلی) ناوی (سهل بن الفضل) وەك کەسێکی نەناسراو ناویهاتووە، هاوکات (عبد الله بن طاهر) گەنج بووە، ئایا ئەو رۆڵە دیارەی هەبوو تا ببێتە گەواهیدەری پرسێکی سیاسی گرنگی وا؟ لەکاتێکدا باوکی ناوی نەهاتووە؟ یان کارەکە بەئامادەبوونی کەسایەتییە دیارەکانی بەنی هاشم و کاربەدەست و سەرکردە سەربازییەکان بووە، بەڵام کەسیان وەك گەواهیدەر ناویان نەهاتووە؛ ئەمە جگە لەوەی عەلی رەزا باسی دوو پەرتووکی (الجامعة)و (الجفر) دەکات (ابن أبي الفتح الإربلي، 1985: 129/3؛ ابن الطقطقي، 1997: 215)، ناوهێنانی ئەم دوو پەرتووکە نەبینراوەش، گومانەکە بەهێزتر دەکات؛ هاوکات دوورودرێژی و درێژدادڕی پەیمانەکە و وەڵامی عەلی رەزا لەنێو دێڕەکاندا ئاماژەیە بۆ ئەوەی نووسراوە رەسەن و فەرمییەکە نییەو دروستکراوە، نووسەرێك بەبێ دانانی هیچ ئەگەرێك بۆ نادروستی پەیماننامەکە، ئەمە دەکاتە بەڵگە بۆ نیازخراپی مەئمون بەرامبەر بە عەلی رەزاو دەڵێت:"نامۆیە خەلیفەیەك بە دەستنووسی خۆی پەیماننامەیەکی درێژی لەوجۆرە بنووسێت، لەوەش نامۆتر ئەوەیە داوا لە عەلی رەزا دەکات کە بە دەستی خۆی رازیبوونی بنووسێت، کە کارێکی باونەبووە" (جعفر مرتضى، 1978: 345-357)؛ بەڵام دروستر ئەوەیە هەمان سەرنج و نامۆبوونەکە دەبنە ئاماژە بۆ نادروستی پەیماننامەکە.

**2-1 تاوتوێکردنی رۆڵی (الفضل بن سهل)ی وەزیر لە پرسی بەجێنشینکردنی عەلی رەزادا:**

هەندێك مێژوونووس و توێژەر، پرسی دانانی عەلی رەزا بەجێنشین، بە پیلان و کاری (الفضل بن سهل) یان بە هاندانی ئەوی دادەنێن[1]؛ بەڵام لەگەڵ جیاوازییان لەباسکردنی رۆڵ و شێوازی کارەکە لەلایەن فەزڵەوە، هاوکات گێڕانەوەکان بە سەرچاوەی پێشترو گێڕەرەوە پشتڕاست نەکراونەتەوە، بۆنموونە دەوترێت سەهل نامەی بۆ عەلی رەزا نووسیوە، لە نامەکەدا بەنازناوی رەزا ناویبردووە، هاوکات باسی گێڕانەوەی مافی خیلافەتی کردووە بۆی (القزويني، 1987: 425/3-426)؛ یان دەوترێت فەزڵ نیگەرانبوونی مەئمونی لە تیاچوون و کوژرانی ئامۆزا عەلەوییەکانی قۆستۆتەوەو لەکارو هەوڵدابوو تا مەئمونی رازیکرد خیلافەت بدات بە عەلی رەزا (شوقي ضيف، 1995: 31/3)؛ گوایە بەئامانجی گێڕانەوەی شکۆ بۆ فارس، کارەکەی کردووە (عبدالعزيز الدوري، 2009: 212-213؛ فاروق عمر، 1977: 133)؛ ئەم بۆچوونەش دەرهاویشتەی گێڕانەوەی تایبەتە بە مشتومڕی (نعیم بن خازم) لەگەڵ فەزڵدا، کە دەوترێت مەئمون دەربارەی دانانی عەلی رەزا، راوێژی بە کەسایەتییە دیارەکان کردووە، (نعیم) رەتیکردۆتەوەو بە فەزڵی وتووە تۆ دەتەوێت دەسەڵات بگوازیتەوە بۆ نەوەکانی عەلی، هەروەها وتوویەتی:"خەڵکی خۆراسان بەیعەت نادەن بەکەسێك کە خوێنیی لە شمشێرەکانیان دەچۆڕێت"؛ مەئمون ویستوویەتی نوعەیم بکوژێت، فەزڵ وتوویەتی دووریبخەرەوە، "تۆ دوێنێ هەرسەمەت کوشت" (الجهشياري، 1938: 212-213)؛ دەقی گێڕانەوەکە ئاماژەیە بۆ نادروستی زانیارییەکان، چونکە مەئمون هەرسەمەی نەکوشتووەو فەزڵیش نەك ناتوانێت ئەو تۆمەتەی بداتەپاڵ، بەڵکو نەیویستووە هەرسەمە وەبیر مەئمون بهێنێتەوە، لەکاتێکدا خۆی بەبێ ئاگاداری مەئمون کوشتوویەتی.

هەندێك گێڕانەوەی شیعە، پێشنیارەکە دەدەنە پاڵ فەزڵ، کە پێشنیاری بۆ مەئمون کردووە بەدانانی رەزا لەخوداو پێغەمبەرەکەی نزیکببێتەوەو هەڵوێستی هارونە رەشید (باوکی مەئمون) بەرامبەریان بسڕێتەوە (الشيخ الصدوق، 1984: 158/1،

1- الاسكافي، 1979: 201-202؛ القزويني، 1987: 425/3؛ حسن الأمين، 1995: 15. عبدالعزيز الدوري، 2009: 212؛ محمد عـثمان، 2009: 85. یـان دەوترێـت لەوانەیە فەزڵ کارەکەی لا جوانتر کردبێـت بـۆ دامرکانـدنەوەی عەلەوییەکان...سـەوز دروشـمی شـیعەیە. بڕوانە:(احمـد الرفـاعي، 1927: 265/1). تـوێژەرێکیش لەپـاڵ ئەگەری ئەوەی فەزڵ کـارەکەی لەلا پەسـەندکردبێت؛ بـێ پشتبەسـتن بەهـیچ زانیـاری و لێکـدانەوەیەك، ئەگەری ئەوە دادەنێـت کە کـارەکە مەرجێکـی لەپێشتری فەزڵ بووبێت، بەرامبەر بەگێڕانەوەی خیلافەت بۆ مەئمون. بڕوانە:(محمد بيومي، 1995: 122/3).

176)؛ هاوكات توێژەرێك بۆچوونی وایە خەلیفە رۆڵی سەرەكی هەبووە لەدانانی عەلی رەزادا، بەڵام كارەكە لەگەڵ چوارچێوەی نەخشەو پلانی فەزڵ بۆ زیادبوونی دەسەڵاتی و لەناوبردنی نەیارەكانیدا گونجاوە، بۆیە كارەكەی لەلای مەئمون جوانتركردووە، دوای كوژرانیشی گێڕەرەوەكان هەموو خراپی سیاسەتەكانی مەئمونیان خستۆتەپاڵ فەزڵ (فاروق عمر، 1977: 144-145)؛ بەڵام لەلایەك دەقی پێشنیارەكە ئاماژەیە بۆ هەڵبەستراوێتی وتەكە، چونكە ناكرێت پێشنیارێكی لەوجۆرە لەگەڵ لەكەداركردن و تاوانباركردنی باوكی مەئموندا ئێهەڵكێش بكرێت و مەئمونیش رازیبێت، چونكە لەلایەك ئەمە لەگەڵ لێزانی و سیاسەتی فەزڵدا ناگونجێت، لەلایەكی دیكەشەوە پێناچێت فەزڵ بوێری هەبوویێت وابڵێت؛ هاوكات مەئمون خۆی لەدانانی عەلی رەزاو باشی كارو سیاسەتەكانی بێبەری نەكردووە، تا گێڕەرەوەكان بە ئاڕاستەكردنی ئەو یان لەبەر بەرژەوەندی و لەترسی خۆیان، كارەكەیان دابێتە پاڵ فەزڵ. جگەلەوە بەگوێرەی گێڕانەوەكانی هەمان ئەو سەرچاوانە، ناڕازییەكان وتوویانە پیلانی فەزڵە، كاتێك مەئمون ئەوەی بیستۆتەوە، وتوویەتی:"كێ دەتوانێت بێت بۆلای خەلیفەی كوڕی خەلیفە، كە كاروباری خەڵك و سەركردەكان و سوپاو خیلافەتی بۆ یەكلاییبووەتەوە، بڵێت: خیلافەت لە دەست خۆت دەربهێنەو بیدە بەیەكێكی دیكە؟ ئایا ژیری ئەمە قبوڵدەكات (الشیخ الصدوق، 1984: 162/1-163)؛ هەروەها رووداوەكانی دواترو پەیوەندی عەلی رەزاو فەزڵ، ئەوە رەتدەكەنەوە، بەڵكو مەئمون ناردوویەتی بەدوای فەزڵداو پێیڕاگەیاندووە كە دەیەوێت عەلی رەزا بكاتە جێنشینی خۆی و رایسپاردووە لەگەڵ حەسەنی برایدا راوێژبكات، بەڵام حەسەن لە مەترسی كارەكە ئاگاداریكردۆتەوەو پێیوتووە بەمە خەلیفایەتی لەدەست خانەوادەكەت دەردەچێت (أبو الفرج الأصبهاني، 1965: 454؛ الشیخ المفید، 1993: 261/2) ، كە كوڕانی سەهل سووربوونی مەئمونیان بینیوە وازیان لە نەیاربوونی دانانی رەزا هێناوە (الشیخ المفید، 1993: 261/2)؛ ئەگەرچی حەسەن لەوكاتەدا لە عێراق بووە، نەك لە خۆراسان، هاوكات هیچ ئاماژەو گێڕانەوەیەك نییە باسی چوونی بۆ خۆراسان بكات؛ بەڵام وەك دەوترێت پێدەچێت فەزڵ ناچاربوویێت لە دانانی عەلی رەزادا گوێڕایەڵی مەئمون بێت، تا وەك بەرمەكییەكانی لێنەیەت، كە لەگەڵ سیاسەتی هارونە رەشیددا خۆیان نەگونجاند (م. ركايا، 1998: 8914/28)؛ ئەگەرنا فەزڵ وازهێنانی مەئمونی لەخیلافەت بۆ عەلی رەزاو رەتكردنەوەی لەلایەن عەلی رەزاوە، بە سوكایەتیكردن بە خیلافەت و بێنرخكردنی داناوە (الشیخ المفید، 1993: 260/2؛ ابن أبي الفتح الإربلي، 1985: 70/3).

وادیارە دانانی كارەكە بە فیت و پیلانی فەزڵ، دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوی بانگەشەی ئەوەی دەوترێت بەرپرس و كاربەدەستە فارس و خۆراسانییەكانی دەوڵەتی عەبباسی سۆزیان بۆ عەلەوییەكان بووەو كاریانكردووە بۆ گۆڕینی دەسەڵات بۆ ئەوان، بۆیە لەم سۆنگەیەشەوە، (نعیم بن خازم)و[2]، عەبباسییە ناڕازییە هەڵگەڕاوەكانی بەغداد بەبێ بەدواداچوون بۆ كارەكەو لەگەڵ بیستنی هەواڵەكەدا، كارەكەیان دایە پاڵ فەزڵ و تۆمەتباریانكرد بەوەی دەیەوێت دەسەڵات بگوازێتەوە بۆ عەلەوییەكان[3]؛ هەروەها ناردنی كەسێكی خزمی فەزڵ بۆ هێنانی عەلی رەزا؛ گومانەكەی بەهێزتر كردووە، وەك دەردەكەوێت خۆیشیان بەدوای بیانووەكدا گەڕاون لەدژیان بەكاریبهێنن، چونكە لەدەسەڵاتی كوڕانی سەهل نیگەرانبوون و هەڵگەڕانەوەشیان بۆ دژایەتی ئەو دووبرایە بووە، كە بەمەجوس ناوزەدیانكردوون (اليعقوبي، د.س: 450/2)؛ تەنانەت لەدوای كوژرانی ئەمین و بەیعەتدان بە مەئمون، خەڵكی بەغداد ویستوویانە بەیعەتبدەن بە (ابراهيم بن المهدي) (ابن أعثم، 1411هـ: 417/8).

2 - عبدالعزيز الدوري، 2009: 212.-213. ئەگەر فەزڵ كارەكەی كردبێت، چۆن دەكرێت مەئموون بۆ رازیكردنی عەلی رەزا هەڕەشەی لێبكات، ئەمەش بكەیتە بەڵگە بۆ ئەوەی مەئمون ناچاربووە بۆ رازیكردنی خۆراسانییەكان.

3 - بڕوانە:(ابن الطقطقي، 1997: 216-217). نووسەرێك بۆچوونی وایە بۆئەوە بووە تا پارێزگاری لەكەسایەتی مەئمون بكەن، بۆیە مەئموونیان كردووە بە داشی دامەی دەستی فەزڵ، لەوانەشە بە پلانی مەئمون، بەتایبەتی دوای كوشتنی فەزڵ، ئەم دەنگۆو قسەو بیانوویانەیان بڵاوكردبێتەوە. هاوكات لەگەڵ ئەوەی رۆڵبوونی فەزڵ رەتدەكاتەوە، بەڵام بەبێ پشتبەستن بەهیچ گێڕانەوەو زانیارییەك خەمڵاندن دەكات و دەڵێت مەگەر لەئەگەری بوونی پیلانێك لە نێوان مەئمون و فەزڵدا، رۆڵی هەبوویێت... ئەگەریش هەیە فەزڵیشی هەڵخەڵەتاندبێت و بووبێتە قوربانی، چونكە بەگوێرەی ئاماژەی دەقە مێژووییەكان فەزڵ وەك بووكەڵەیەك وابووە بەدەست مەئموونەوە، داماوە فەزڵ، مەئموون توانی خۆی بێبەری بكات لە هەموو تاوانە گەورەو مەترسیدارەكان و دایە پاڵ ئەو، بۆیە ئەویش دەترسا لەوەی لەگەڵیدا بچێتەوە بۆ بەغداد. بڕوانە:(جعفر مرتضى، 1978: 262-264، 268-272). دروستتر ئەوەیە لەگەڵ رەتكردنەوەی بەیعەتدان بە جێنشینێتی عەلی رەزا، ئەوەیان راگەیاند، هاوكات هەموو گێڕانەوە مێژووییەكان، بەگێڕانەوەكانی شیعەشەوە كۆكن لەوەی كە فەزڵ مەئمونی دابڕیوە لە عەبباسی و سەركردەو بەرپرسەكان، نەك بەپێچەوانەوە فەزڵ بووكەڵەبووبێت، تەنانەت نووسەر خۆی لە لاپەڕە (210)دا لەباسی ئەوەی گوایە مەئمون ویستوویەتی كچكی خۆی بدات بە فەزڵ، دەڵێت:"رای گشتی لەگەڵ فەزڵدا بووەو مەئمون نەیدەتوانی ناچاریبكات، بەڵام ئیمام ناچاربوو"!؛ هەروەها ئایا ئەنجامدانی كارەكە لەلایەن فەزڵەوەو وێناكردنی خەلیفە بە بێدەسەڵات و بوكەڵە بەدەست فەزڵەوە، خۆی خراپترین شكاندنی كەسایەتی مەئموون ناگەیەنێت؟.

**3-1 کاردانەوەکانی نەیارانی جێنشینییەکە:**

لەنێو عەبباسییەکاندا چەندین کەسایەتی چاویان لەوەبوو کە خۆیان ببن بەجێنشین و خەلیفەی داهاتوو، دەوترێت راشکاوانە بە مەئموونیان وتووە کە خیلافەت لەنێو نەوەکانی عەبباس دەرنەکات بۆ نەوەکانی عەلی (الشيخ الصدوق، 1984: 181/1-182؛ الطبري (الشيعي)، 1413هـ: 379-380؛ ابن حمزة الطوسي، 1412هـ: 469-470)، بۆیە وەك دەوترێت بە دانانی عەلی رەزا قیامەتی عەبباسییەکان بەگشتی و نەوەکانی ئەبو جەعفەری مەنصور بەتایبەتی بەرپابوو (الذهبي، 2006: 115/8)؛ کارەکەش لەکاتێکدابوو، کە نیگەرانی خەڵکی بەغداد لە رۆڵ و هەژموونی کوڕانی سەهل و لادانی (طاهر بن عبدالله)و دانانی (الحسن بن سهل) بە والی و سەربەخۆیانە بەرێوەبردنی کاروبارەکانیان، گەیشتبووە دۆخی تەقینەوە (الطبري، 1387هـ: 528/8، 549، 555)، کە بەمەجوسی کوڕی مەجوسی ناویاندەبرد (الطبري، 1387هـ: 549/8؛ ابن مسكويه، 2000: 127/4؛ ابن الاثير، 1997: 478/5، 482). هۆکاری راپەڕینی (ابن طباطبا)ش لەساڵی (199ك/815ز)دا دەگێڕنەوە بۆ ئەم هۆکارە (الطبري، 1387هـ: 528/8؛ ابن مسكويه، 2000: 114/4؛ سبط ابن الجوزي، 2013: 319/13)؛ هەروەها هەڵگەڕانەوەی برای ئەبو سەرایا دوای ئەوە بوو (الطبري، 1387هـ: 558/8). واتە پێش دانانی عەلی رەزا بەجێنشین، بارودۆخی بەغداد لە تەقینەوەدا بووەو بەشێك لە جەنگاوەرەکان لە دژی والی وەستاونەتەوەو کاربەدەستەکانیان لەبەغداد دەرکردو (إسحاق بن موسى بن المهدی)یان وەك جێگری مەئمون لە بەغداد داناو خەڵکی هەردوو بەری شارەکەش بەمە رازیبوون[4]. ئەگەرچی هەندێك لە عەبباسییەکان و خەڵکی بەغداد ئامادەبوون بەیعەتبدەن و سەوز بپۆشن، بەڵام زۆربەیان بە رابەرایەتی ئیبراهیم و مەنصوری کوڕانی خەلیفە مەهدی، کارەکەیان بە پیلانی (الفضل بن سهل)و بە دەرچوونی دەسەڵات لەدەست عەبباسییەکان داناو رەتیانکردەوە (الطبري، 1387هـ: 544/8-555؛ ابن مسكويه، 2000: 132/4؛ ابن الجوزي، 1992: 94/10)، سەرەتا لەساڵی (201ك/816ز)دا بەیعەتیاندا بە (منصور بن المهدي)و کردیان بە خەلیفەی خۆیان، بەڵام ئەو رەتیکردەوەو وتی من جێگری خەلیفە مەئموونم تا کاربەدەستێك دیاریدەکات (ابن مسكويه، 2000: 127/4، 131؛ ابن الجوزي، 1992: 92/10؛ ابن الاثير، 1997: 480/5) ؛ بەڵام ناڕازییەکان پێداگریی زیاتریان کردو مەئمونیان بە رافیزە دانا (ابن الاثير، 1997: 500/5)، لە (25ی ذي الحجة)ی هەمان ساڵدا مەئمونیان لاداو بەیعەتیان بە (ابراهيم بن المهدي) داو دوای ئەویش بە (إسحاق بن موسى بن المهدي) (الطبري، 1387هـ: 555/8، 557-563).

بەمجۆرە بەجێنشیکردنی عەلی رەزا کاردانەوەی مەترسیداری بۆ دەسەڵاتی مەئمون لێکەوتەوە، کە جگە لە عەبباسییەکانی بەغداد، (إسماعيل بن جعفر بن سليمان العباسي) کاربەدەستی بەسرە سەوزپۆشی رەتکردەوەو بەیعەتی بە عەلی رەزا نەدا، مەئمون سوپای ناردەسەرو دەستگیریکردو لە جرجان بەندیکردو هەر لەوێش مرد (اليعقوبي، د.س: 448/2-449)؛ هاوکات چەندین سەرکردەی نزیك لە مەئمون ناڕازیبوون، وەك (علي بن أبي عمران، أبو يونس، الجلودي)، دواجاریش پێش گەڕانەوەی بۆ بەغداد هەموویانی کوشت (الشيخ الصدوق، 1984: 171/1-172؛ محسن الأمين، 1983: 15/2). هەروەها چەند بەرپرسێکی هەرێم و شارەکان کارەکەیان رەتکردەوە، بۆ نموونە (محمد بن علي بن عيسى بن ماهان) لەمەککە رێگریکرد لە (إسحاق بن موسى) جێنشینایەتی عەلی رەزای برای رابگەیەنێت (الفسوي، 1981: 192/1)؛ (يحيى بن عامر بن إسماعيل بن عامر) سەوزپۆشی رەتکردەوە، بۆیە دەستگیرکراو لە خۆراسان هەڵواسرا (ابن حزم الأندلسي، 1962: 414)؛ تەنانەت ئەگەرچی کاتی ناکۆکی ئەمین و مەئمون، بەشێك لە بەرپرسانی میسر لەساڵی (196ك/811ز)دا بەیعەتیان بە مەئمون داوە، بەڵام کە عەلی رەزای دانا، هەندێك لە سەرکردە سەربازییەکان بەیعەتیاندا بە ئیبراهیم (المقريزي: 1418هـ: 329/1، 331). ناڕەزایەتییەکە تەنها لەنێو عەبباسی و لایەنگرانیاندا قەتیس نەبوو، بەڵکو کاتێك (العباس بن موسى بن جعفر العلوي) کرا بە کاربەدەستی کوفە، داوای بەیعەتدانی خەلیفایەتی بە مەئمون و جێنشینایەتی بۆ عەلی رەزای برای لە خەڵکەکە کرد، بەڵام بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوفە رەتیانکردەوەو ئامادەیی خۆیان دەربڕی تا بەیعەتی خەلیفایەتی بە عەلی رەزا یان کەسێکی دیکەی عەلەوی بدەن؛ بەمجۆرە زۆربەی شیعەکانی کوفە شوێنی نەکەوتن (الطبري، 1387هـ: 559/8؛ ابن مسكويه، 2000: 134/4-135؛ ابن الاثير، 1997: 497/5)، بەگوێرەی گێڕانەوەکان ئەوانەی شوێنیکەوتوون گێرەشێوێنەکان بوون و خەریکی سوتاندن و تاڵانی و کوشتن بوون، بۆیە خەڵکەکە داوایانکرد کوفە بەجێبهێڵێت (الطبري، 1387هـ: 561/8)؛ هاوکات دروشمی عەبباسییەکانی کوفە بریتیبوو لە (يا إبراهيم يا منصور، لا طاعة للمأمون) بوو، لەئاکامدا شەڕ لەنێوان سەوزو رەشدا روویداو جەنگاوەرانی (العباس العلوي) بەسەرکردایەتی (علي بن محمد بن جعفر العلوي) و (أبو عبد الله)ی برای (ابو السرايا)، شکستیانهێنا (الطبري، 1387هـ: 560/8-561؛ ابن الاثير، 1997: 497/5-498).

[4] - ابن أعثم، 1411هـ: 428/8؛ ابن مسكويه، 2000: 124/4. بۆ زانیاری دەربارەی شەڕو ئاژاوەکانی بەغداد لەدژی حەسەن، بڕوانە:(الطبري، 1387هـ: 546/8-550, 553؛ ابن مسكويه، 2000: 124/4-127).

هاوکات هەندێك سەرکردەو بەرپرس ئاڵۆزی بارودۆخەکەیان قۆستەوەو هەڵگەڕانەوە، وەك (منصور بن عبد الله بن يوسف البرم) لە خۆراسان و (حمدويه بن علي بن عيسى بن ماهان) لە یەمەن (اليعقوبي، د.س: 449/2).

**4-1 خوێندنەوەی پرسی جێنشینی عەلی ڕەزا لە دیدگای شیعەی ئیمامیدا:**

پەسەندکردنی جێنشینییەکە لەلایەن عەلی ڕەزاوە پێچەوانەی تێڕوانینی ڕەوتی شیعەگەرییە بۆ دەسەڵات و دەسەڵاتی عەبباسی، بۆیە کارەکە بە لێدان دادەنێن بۆ بانگەشەی مافی عەلی و کوڕو نەوەکانی بۆ خیلافەت و بوونی دەق لەسەریان (جعفر مرتضى، 1978: 253)؛ هەروەها ناتەبایە لەگەڵ ئەو فەرموودانەی دەربارەی فەرمانڕەوا و وەرگرتنی ئەرك و یارمەتیدانی و کارکردن بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی و داواکردنی پێویستی لێی، لە ئیمامەکانیانەوە دەیانگێڕنەوە، تەنانەت بە هاوتای بێباوەڕان دانراون (القمي، د.س: 176/1؛ العياشي، د.س: 238/1، 162/2)، دەگێڕنەوە خۆیشی وتوویەتی:"هەر کەسێك یارمەتی ستەمکارێك بدات، خۆی ستەمکارە"(الشيخ الصدوق، 1984: 260/1)؛ یان گوایە دەوڵەتی سەردەمەکەی خۆی بە پووچ و ناهەق و ناڕەوا داناوە (الكليني، 1362ش: 447/8)؛ واتە دەوڵەتەکە لە بنەڕەتەوە ناڕەوا بووە، ئەمەش پاڵنەرە تا لێکدانەوە بۆ ڕازیبوونی بەجێنشینییەکە بکەن و بڵێن ناڕەوابوونی دەوڵەتەکە ڕێگر نەبووە لە ئامۆژگاریکردنی مەئمون، واتە ڕازیبوونەکەی بۆ فەرمانکردن بەچاکەو ڕێگرتن بووە لەخراپەو لادانی ستەم لەسەر مسوڵمانان، هاوشێوەی عەلی و خەلیفەکانی پێش خۆی (المجلسي، 1983: 313/49)؛ بەڵام ئامۆژگاریکردن و بوون بەجێنشین دووشتی زۆر جیاوازن؛ دروستتر ئەوەیە شیعەکان نیگەرانبوون لە ڕازیبوونی بە جێنشینییەکە، بۆ ئەمەش چەندین وتەیان بەبێ زنجیرەی گێڕانەوەو بەناوی (لە هەندێك لە هاوەڵانمانەوە) گێڕاوەتەوەو گوایە عەلی ڕەزا بۆ ڕازیبوونەکەی، نموونەی فیرعەون و یوسف پێغەمبەری هێناوەتەوە، کە پێغەمبەرێك بووەتە کاربەدەستی هاوبەشدانەرێك، لەکاتێکدا ئەم پێغەمبەر نییەو وەسییە، مەئمونیش مسوڵمانە؛ یوسف خۆی داوایکرد، بەڵام من ناچاکراوم، لەنێوان کوشتن و ڕازیبووندا، ڕازیبوونم هەڵبژارد (الشيخ الصدوق، 1984: 150/1-151؛ الفتال النيسابوري، د.س: 224؛ ابن أبي الحديد، 1959: 11/ 34-35)؛ هەروەها دەوترێت بەڵگەی بەوە هێناوەتەوە کە باپیری چووەتە ئەنجوومەنە شەش کەسییەکەی کە عومەر دایnan(ابن شهر آشوب، 1956: 473/3).

وادیارە هەر ئەم ئاڕاستەو تێڕوانینە بۆ جێنشینییەکە، کاریگەری هەبووە لەسەر گێڕەرەوە شیعەکان، بۆیە بەدڵنیایی تەواوەوە جەختدەکەنەوە لەوەی عەلی ڕەزا لەلایەن مەئمونەوە کوژراوە، تا لێرەوە بیسەلمێنن کە مەئمون بە پیلان کارەکەی کردووە، نەك بەنیازپاکی، بۆیە گێڕانەوەکان بەئاڕاستەی هەوڵدانن تا هەموو ئەو کارانەی مەئمون بۆ عەلی ڕەزا ئەنجامیداون، بخرێنەژێر گومانەوەو بە بەشێك لە پیلانەکەی دابنێن. دەتوانین بڵێین پەرتوکی سەرمەشقی ئەم بوارە کە هەموو ئەو ئاڕاستانەی لەخۆگرتووە، پەرتوکی (عيون أخبار الرضا (ع)یە، دانەر خۆی دەڵێت، وتەو گێڕانەوەکان بەئامانجی وەڵامدانەوەی ئەو شیعانە دانراون کە لەدوای مردنی (موسى الكاظم)ەوە ئیتر بانگەشیان بۆ هیچ ئیمامێك نەکردو عەلی ڕەزایان بە ئیمام دانەنا(الشيخ الصدوق، 1984: 97/2-98)؛ لەنێو دانراوە هاوچەرخەکانیشدا دەکرێت پەرتوکی (حياة الإمام الرضا ع)ی (السيد جعفر مرتضى) بە کۆکەرەوەی هەموو ئەو ئاڕاستەو بەڵگەو لێکدانەوانە ئەژماربکەین کە جەختدەکەنەوە لە نیازخراپی مەئمون بەرامبەر بە عەلی ڕەزاو تاوانبارکردنی بەژەهرخواردکردنی؛ کە تەنانەت ڕێزگرتنی مەئمون بۆ عەلی ڕەزا بە ئەرێنی بۆ مەئمون لێکنادەنەوە (1978: 144). ئەم هەوڵە تەنانەت نازناوەکەشی گرتۆتەوە، کە دەڵێن بە (محمد بن على الرضا) وتراوە کەسانێك لە نەیارانتان دەڵێن مەئمون باوکتانی بۆیە ناوناوە ڕەزا، چونکە ڕازیبووە بە جێنشینییەکە، ئەویش وتوویەتی:"سوێند بەخودا درۆدەکەن، خودا ناویناوە ڕەزا...چونکە جێگەی ڕازیبوونی خودایە لە ئاسمان و پێغەمبەرو ئیمامەکانە لە زەوی، هەروەها نەیارو دوژمنەکانی و شوێنکەوتەکانی پێی ڕازیبوون"، لەگێڕانەوەی دیکەشدا (موسى الكاظم)ی باوکی نازناوی ڕەزای لێناوە[5].

5- الشيخ الصدوق، 1984: 22/2-23؛ ابن أبي الفتح الإربلي، 1985: 88/3-89. ئەم ئاڕاستەیە هۆنراوەکانیشی گرتۆتەوە، بۆنموونە (أشجع بن عمرو السلمي) هۆنراوەی بەسەر مردنی خەلیفە هارونە ڕەشیددا وتووە، بەڵام لای شیعە بەسەر عەلی ڕەزادا وتوویەتی و گوایە کە بڵاوبووەتەوە لەترسا وشەکانی گۆڕیوە بۆ دەربارەی هارونە ڕەشید (أبو الفرج الأصبهاني، 1965: 458).

يا صاحب العيس يحدي في أزمتها ... اسمع وأسمع غدا يا صاحب العيس

اقرأ السلام على قبر بطوس ولا ... تقرأ السلام ولا النعمى على طوس

فقد أصاب قلوب المسلمين بها ... روع وأفرخ فيها روع ابليس لەکاتێکدا هۆنراوەکەی بەسەر هارونە ڕەشیددا وتووەو چەندین هۆنراوەی دیکەی بەسەردا هەڵداوە. بڕوانە:(الصولي، 1425هـ: 129/1، 74-137؛ سبط ابن الجوزي، 2013: 192/13).

**5-1 پرسی بەھەڕەشە رازیكردنی عەلی رەزاو دانانی مەرجی دەستوەرنەدان لەكاروباری دەوڵەت:**

بەشێوەیەكی گشتی گێڕانەوەكانی شیعە، بۆپشتڕاستكردنەوەی ئەوەی مەئمون نیازپاك نەبووەو بە پیلان عەلی رەزای كردووە بەجێنشین؛ دەڵێن عەلی رەزا لەژێر ھەڕەشەدا رازیبووە ببێت بەجێنشین، ئەگەرچی گێڕانەوەكان ھاو ئامانجن، بەڵام لە دەق و داڕشتن و گێرەرەوەو شێوازی ھەڕەشەكەو ھەڕەشەكارەكەدا جیاوازن، دەوترێت عەلی رەزا نیازخراپی مەئمونی زانیوەو پێیوتووە:"بۆیە ئەمكارە دەكەیت، تابڵێن حەزی لەژیانی دونیایە، جێنشینی وەرگرتووە، بەئومێدی ئەوەی ببێت بە خەلیفە"؛ پاشان مەئمون تووڕەبووەو ھەڕەشەی كوشتن یان رازیبوونی لێكردووە، ئەویش وتوویەتی"خودا قەدەغەیكردووە لێمر، خۆمر بەدەستی خۆمر بەرەوڕووی تیاچوون بكەمەوە"، پاشان مەرجی بۆ مەئمون داناوە، كە ھیچ كارێكی فەرمانڕەوایی لەوێنەی (فەرمان و بڕیاردان، دانان و لادانی كاربەدەست، دادوەری و فەتوا، گۆڕینی ئەوەی لەئارادایەو پیادەدەكرێت)و دەستوەردان ناكات (الشيخ الصدوق، 1984: 151/1-152؛ الشيخ المفيد، 1993: 259/2-260؛ الفتال النيسابوري، د.س: 224-225). لەگێڕانەوەی دیكەدا مەئمون خۆی بە عەلی رەزای نەوتووەو فەزڵ و حەسەنی كوڕانی سەھل ناردووە بۆ رازیكردنی، بەڵام ئەو رەتیكردۆتەوە، ھەرچەندە ویستوویانە رازیبكەن، بەڵام ئەو ملی نەداوە، تا دواجار یەكێكیان ھەڕەشەی لێكردووەو پێیوتووە:"یان كارەكە دەكەیت یان ئێمە ئەو كارە دەكەین بەرامبەرت كە خۆمان دەمانەوێت؛ پاشان یەكیان پێیوتووە:"سوێند بەخودا فەرمانی پێكردووم لە ملت بدەمر، ئەگەر پێچەوانەی ئەوە بكەیت كە دەیەوێت"(أبو الفرج الأصبهاني، 1965: 454)؛ لەگێڕانەوەی سێیەمدا (ھشامر بن إبراھيمر)ی ناسراو بە (العباسي) پێیوتووە بە داواكەی خەلیفە رازیبێت، ئەگەرنا شمشێر بەرانبەری بەكاردێنێت (الطوسي، 1404ھـ: 791/2)؟ لەگێڕانەوەی چوارەمدا بەئامادەبوونی فەزڵی وەزیر، مەئمون ویستوویەتی واز لە خیلافەت بھێنێت بۆ عەلی رەزا، ئەویش رەتیكردۆتەوەو وتوویەتی پەنادەگرم بەخودا ئەی ئەمیری بڕواداران لەو قسەیەو نامەوێت كەس گوێبیستی بێت؛ پاشان جێنشینییەكەشی رەتكردۆتەوە، ئیتر مەئمون بە ھەڕەشە ئامێز پێیوتووە عومەر (عمر بن الخطاب) ئەنجوومەنە راوێژییەكەی لەشەش كەس پێكھێنا، كە یەكیان باپیرەت بوو، فەرمانیكرد: ھەر كەسێكیان پێچەوانەی كرد، لە ملی بدرێت. بۆیە ھەر دەبێت رازیبیت؛ ئیتر بەھەوڵێكی زۆرو ھەڕەشە ئامێز رازیكردووە(أبو الفرج الأصبهاني، 1965: 455؛ الشيخ الطبرسي، 1417ھـ: 72/2؛ ابن أبي الفتح الإربلي، 1985: 69/3-79).

شانبەشانی گێڕانەوەكانی ھەڕەشەكردن، لەنێو ھەمان ئەو سەرچاوانەدا، چەندین گێڕانەوەی دیكە ھەن ئاماژە بە ھەڕەشەركردن نادەن و تەنھا باسی رەتكردنەوەكەو بیانووھێنانەوەی عەلی رەزا دەكەن (الشيخ المفيد، 1993: 261/2؛ الشيخ الطبرسي، 1417ھـ: 73/2)؛ ھەروەھا لە گێڕانەوەی (الكلينی329ك/941ز)و ھی دیكەشدا ئاماژە بەھیچ فشارێكی زبرو ھەڕەشەیەك نەكراوە، خیلافەتی رەتكردۆتەوەو مەرجی بۆ جێنشینیبوونەكەی داناوە، مەئمونیش رازیبووە (الكليني، 1363ش: 488/1-489؛ الشيخ الصدوق، 1984: 160/1-161)؛ ئەگەر فشارو ناچاركردنی عەلی رەزا لەئارادابووبێت، ئەوا فشاری مەئمون یان رەتكردنەوەكەی عەلی رەزا، بەھۆی خولیابوونی مەئمون بووە بۆ كارەكەو خولیانەبوونی عەلی رەزا بووە بۆ دەسەڵات، بۆیە دەوترێت لە ترسی مەئمون نەبوایە، جێنشینی وەرنەدەگرت (سبط ابن الجوزي، 2013: 388/13)؛ بەستنەوەی پرسەكە بە ئەنجوومەنەكەی عومەرەوە پشتڕاستكردنەوەی ئەمر بۆچوونەیە. ئەگەرچی زۆری و جۆراوجۆری گێڕانەوەكان بەڵگەیە بۆئەوەی گێرەرەوەكان بەبۆچوونی خۆیان گێڕانەوەكەیان داڕشتووە، نەك لە گەواھیدەرو بەشداربوویەكی گفتوگاكانەوە وەریانگرتبێت، بێگومان گفتوگۆكانی نێوان مەئمون و عەلی رەزا تایبەت و داخراوو نھێنی بوون؛ بەڵام ئەگەر پرسی ھەڕەشە لەئارادابووە بۆچی عەلی رەزا خیلافەتەكەی وەرنەگرت، بەڵام بەناچاری بەجێنشینییەكە رازیبوو؟، توێژەرێك بیانوو بۆ ئەمە دەھێنێتەوە بەوەی عەلی رەزا دەیزانی كە رەتكردنەوەكەی تەنھا كوشتنی خۆی لێنەدەكەوتەوە، بەڵكو دەبووە ھۆی مەترسی و تیاچوون بۆ عەلەوی و شیعەكان، ھاوكات مسوڵمانان پێویستی زۆریان لەوكاتەدا بە ئیمامر بووە، تا رزگاریانبكات لەو تەوژمە ھزری و رۆشنبیرییە نامۆیەی لە زەندەقەو بێباوەڕی و گومان دروستكردن لەسەر بنەما خوداییەكان، كە لەوكاتەدا بڵاوبووە، بەڵام ئەگەر جێنشینییەكەی رەتبكردایەتەوە و خۆی ھاوەڵ و شوێنكەوتەكانی بەرەوڕووی تیاچوون بكردایەتەوە، ئەوا ھیچ شوێنەوارو كاریگەرییەكی مردنیان نەدەبوو(جعفر مرتضى، 1978: 304-309)؛ توێژەر ھیچ بەڵگەی بۆ لێكدانەوەو خەملاندنەكەی نییە، كەواتە بەچیدا دەزانێت عەلی رەزا زانیویەتی ئەگەر جێنشینییەكە رەتبكاتەوە، مەئمون، عەلەوی و شیعەكان كۆمەڵكوژ دەكات؟ مەئمونێك لە چەندین ھەڵگەڕاوەی عەلەوی و نا عەلەوی خۆشبووبێت، ئایا دەگونجێت تەنھا لەبەرئەوەی عەلی رەزا داوای بەجێنشینبوونی رەتبكاتەوە، ھەموو عەلەوی و شیعەكان بكوژێت؟ پاشان ئایا كارێكی لەوجۆرە بە مەئمون و خیلافەتی عەبباسی جێبەجێدەكرا؟ ئەی دوای مردنی عەلی رەزا، یان وەك گێڕانەوەكانی شیعە پێیداگری لەسەردەكەن، كوشتنی لەلایەن مەئمونەوە، كە مەئمون لەوپەڕی بەھێزی دەسەڵاتیدا بووە، بۆ نەك شیعەو عەلەوییەكانی نەكوشت، بەڵكو

کوڕەکەی عەلی ڕەزای کرد بەزاوای خۆی؟ هاوکات ئەگەر مەئمون بە هەڕەشە عەلی ڕەزای ناچارکردایە، ئەوا ئەوکاتە عەبباسییەکانی بەغدادو سەرکردەکانی دیکەش لەنیازو مەرامی دەگەیشتن و هەڵنەدەگەڕانەوەو خۆیان نەدەکردە قوربانی.

هەندێك توێژەری شیعە دەڵێن بەهۆکاری دانانی مەرجەکە، وەرگرتنی جێنشینییەکە مانای دانان بە ڕەوایی دەوڵەتەکەدا ناگەیەنێت، بەڵکو نیشانەی بوونی پرسیارو ڕەتکردنەوەی دانەنانە بە دەوڵەتەکەدا، بۆیە نایەوێت هیچ ڕۆڵێك ببینێت لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی حکومەتەکەیداو چەندینجار ڕەتیکردۆتەوە هاوکاربێت (جعفر مرتضى، 1978: 347، 348،349؛ حمود عبدالمجيد، 2012: 111)؛ بۆیە خەلیفەش ناوەناوە داوای لە ئیمام کردووە فڵان کار بکات، تا تاقیبکاتەوەو بزانێت بەتەمای دەسەڵاتە یان نا، تا بیکاتە بیانووی شکاندنی مەرجەکەی و بیکوژێت و عەلەوییەکانیش لەناوببات بۆ یەکجاری، یان لانی کەم دوژمنی لەنێو خاوەن دەسەڵات و هێزەکاندا بۆ دروستبکات (جعفر مرتضى، 1978: 370)؛ پێدەچێت هەر ئەم بیرکردنەوەو ئاڕاستەیە پاڵنەرو ئامانجی گێڕەرەوەکانی گێڕانەوەکانی (بەهەڕەشەی کوشتن ڕازیکردن و دانانی مەرجەکە) بووبێت. لەلایەك ئەگەر مەئمون بەهەڕەشە ڕازیکردبێت، ئەوا بەهەمان هەڕەشەش چۆنی ویستبێت ناچاریکردووە بەوجۆرە بجوڵێتەوە، لەم بارەشدا لایەنی زاڵ و خاوەن هەڕەشە مەرج دادەنێت نەك بەپێچەوانەوە، چونکە دانانی مەرج لەلایەن هەڕەشەلێکراوو ناچارکراوەوە کاریگەریی نییەو دانانی مەرج، هیچ بەهایەکی نابێت؛ بۆیە توێژەرێکی دیکەی شیعە بە پێچەوانەوە بۆچوونی وایە بۆیە خەلیفە خانووی لە تەنیشتی خۆی بۆ تەرخانکرد تا لە خەڵکی دابیبڕێت و فەرمان دەرنەکات، بەتایبەتیش لە پیاوانی دەوڵەت (نبيل جواد، 2012: 295). بێگومان ئەم بۆچوونەش لەشوێنی خۆیدا نییە، چونکە بەگوێرەی گێڕانەوەکانی شیعە عەلی ڕەزا دەرفەتێکی زۆری پێداراوەو هەبیووە، ڕۆژێك ڕەزا چووە بۆلای مەئمون و ڕۆژێك مەئمون چووە بۆلای ئەو، تا گەیشتۆتە ئەوەی گوایە ڕەزا لەگەڵ کچێکی ئامۆزای مەئموندا حەزیان لەیەکدی کردووە، بۆیە فەزڵ داوای لە مەئمون کردووە، کە دەرگای خانەوادەکەی بۆ سەر دیوەخانەکەی دابخات، کە ڕەزا هاتووەو بینیویەتی دەرگاکە داخراوە، پرسیاری هۆکارەکەی لە مەئمون کردووە، دواتر پێیوتووە ڕێگەنەدات فەزڵ دەستوەربداتە نێوانی ئەمیری بڕواداران و خانەوادەکەی، بە خەلیفەی وتووە دەرگاکە بکاتەوە تا کچە مامەکەی ببینێت! (الشيخ الصدوق، 1984: 165/1). لەلایەکی دیکەوە ئەگەر مەرجەکە بوونی هەبوایە ئەوا دەبوایە لەنێو پەیماننامەکەدا جێگەی بکرایەتەوەو تۆماربکرایە، تا ئامانجی دانانی مەرجەکە بەدیبهاتایەو خەڵکەکە ئاگاداربوونایەو بیانزانیایە کە عەلی ڕەزا لەژێر هەڕەشەی کوشتندا ڕازیبووەو جێنشینییەکە تەنها شانۆگەرییە؛ هاوکات ئەگەر عەلی ڕەزا کارەکەی نەکردایە، وەك وتەکە ئاماژەی پێدەکات، مەئمون دەیکوشت، ئەمەشی بە خۆتیابردن و حەرام داناوە، بەڵام خۆ دواجار بەگوێرەی زۆربەی گێڕانەوەکانی شیعەو هەندێك گێڕانەوەی دیکە، هەر کوشتوویەتی، ئەی ئەوە بۆ خۆتیابردن نییە؟، ئەگەر وابێت یەکەمجار ڕەتیبکردایەتەوەو بکوژرایە، ئەوا مەئمون بەئاشکرا تاوانبارەکراو دەسەڵاتەکەشی بەتەواوەتی دەکەوتە بەردەم مەترسی.

گێڕەرەوەو نووسەرو فەقیهەکانی شیعە، لەباس و خواسی بلیمەتی و گرنگی ڕۆڵ و پێگەی عەلی ڕەزادا، پرسی هەڕەشەو مەرجدانان و ڕەوایی دەوڵەتەکە لەیاددەکەن و لە چەندین گێڕانەوەدا باسی لێهاتوویی دەکەن لەبواری دەوڵەتداریدا، تەنانەت لە وەڵامی پەیماننامەکەی مەئموندا عەلی ڕەزا بەڵێندەدات ئەگەر کاروباری کەوتەدەست، چۆن بە پابەندبوون بە فەرمانی خوداو پێغەمبەرەکەیەوە فەرمانڕەوایی بکات (ابن أبي الفتح الإربلي، 1985: 3/128-130)؛ بەپێچەوانەوە ستایشی مەئمون دەکات بەوەی چاکەو باشەی دەربارەی پێغەمبەر نواندووە سەبارەت بە نەوەکانی و پەیوەندی خزمایەتی بەجێگەیاندووەو کۆیکردوونەتەوەو تەبایی بۆ گێڕاونەتەوەو ڕق و کینەی لەنێواندا نەهێشتوون، بەهۆی ئەوەوە بوونەتە یەك دەست و یەك قسە (الشيخ الصدوق، 1984: 1/165-170)؛ ئایا ئەمە دانان بە ڕەوایی دەوڵەتەکەدا ناگەیەنێت؟، ئەگەر بەهەڕەشەی کوشتن و مەرجی دەستوەرنەدان لەکاروباری دەوڵەت ڕازیبووبێت، چۆن ستایشی مەئمون دەکات و پەیمانێکی لەوجۆرە دەدات؟؛ هاوکات سەرچاوەکانی شیعە بایەخێکی زۆریانداوە بە پەیمانێك بەناوی (الحباء والشرط)، کە عەلی ڕەزا وەك دڵنیاییەك بۆ فەزڵی وەزیر واژۆیکردووە تا لەگەڵ مەئمون و جێنشیندا بچێت بۆ سەرکوتکردنی هەڵگەڕانەوەی بەغداد (الشيخ الصدوق، 1984: 165/1؛ المجلسي، 1983: 4/262-263)؛ لەکاتێکدا گێڕانەوەکە ئاماژە دەدات بەوەی فەزڵ بە مەئمونی وتووە با جێنشینیش مۆری بکات، بەڵام مەئمون دەڵێت وەك دەزانیت ئەو مەرجیگرتووە لەسەرمان کە هیچ کارێك لەکاروباری بەڕێوەبردندا نەکات، خۆت داوای لێبکە. ئایا ئەمە یارمەتیدانی ستەمکاران ناگەیەنێت، کە دەوترێت خودی عەلی ڕەزا لە نامیلکەکەیدا بۆ مەئمون، حەرامیکردووە (الشيخ الصدوق، 1984: 134/1، 173)؟. بەپێچەوانەوە عەلی ڕەزا بۆچوونی خۆی لەکاروبارەکاندا دەربڕیوە، پرسیاری کاروبارەکانی لە مەئمون کردووە (بڕوانە: الشيخ الصدوق، 1984: 1/171-172)؛ تەنانەت دەستوەردانیشی کردووە، بۆنموونە کاتێك فەزڵ بە مەئمونی وتووە فڵان کەسی تورکیم کردووە بە بەرپرسی فڵان سەنگەر، مەئمون بێدەنگبووە، بەڵام عەلی ڕەزا وتوویەتی نابێت خەلیفەو کاربەدەستی مسوڵمانان

کەسێك بکاتەوە بە بەرپرسی هەمان ئەو سەنگەرو دەڤەرەی کە خۆی لە تاڵانی و دەستکەوتەکانی ئەو شوێنەیە، چونکە دڵ و دەروونی بۆ نیشتمان و هاونیشتمانی و بەرژەوەندییەکانیان لێدەدات، ئەگەرچی ئایینیشیان جیاوازبێت؛ مەئمونیش وتوویەتی ئەو وتەیە بەئاوی زێڕ بنووسن (ابن النجار، 1417هـ: 136/19؛ إبن حاتم العاملي، د.س: 683)؛ هەروەها رۆژانی دووشەمەو پێنجشەممە، لە دیوانی لێپێچینەوە لە ستەمکارییەکان لەگەڵ مەئموندا بووە (ابن شهر آشوب، 1956: 477/3).

**2- تاوتوێکردنی لێکدانەوەکانی ئامانج و پاڵنەری بەجێنشینکردنی عەلی رەزا:**

لەئاکامی لەناکاو مردنی عەلی رەزاو ئەگەرو گومانبردن بە ژەهرخواردکردنی لەلایەن مەئمونەوە، مێژوونووس و توێژەران چەندین بۆچوونی جیاوازیان دەربارەی پاڵنەرو هۆکاری دانانی عەلی رەزا بەجێنشین، خستۆتەڕوو، زۆربەی بۆچوونەکانیش یان لە دیدو تێڕوانینی ئایینزاییەوە سەرچاوەیان گرتووە، یاخود زیاتر خەملاندنن نەك ئاکامی بەدواداچوون و بەڵگاندن؛ بۆنموونە توێژەرێك لەسەر خەملاندنی کوشتنی فەزڵ و عەلی رەزا لەلایەن مەئمونەوە، کارەکە بەهەنگاوێکی سیاسی دادەنێت (محمد عثمان، 2009: 88). بەشێوەیەکی گشتی گێڕەرەوە شیعەکان، بۆ پشتڕاستکردنەوەی تاوانباربوونی مەئمون بە ژەهر خواردکردنی عەلی رەزا، بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە مەئمون مەبەست و پیلانی شاراوەی هەبووە لە کارەکەدا، بۆیە مردنی لەناکاوی رەزایان خستۆتە ئەستۆی مەئمون (حسن الأمين، 1995: 7)؛ واتە گێڕانەوەکان بەو ئاقارەدا براون هەر لەسەرەتاوە مەئمون سەرڕاست نەبووە لەگەڵ عەلی رەزادا؛ ئەگەرچی گێڕانەوەکان هاو ئامانجن، بەڵام مەبەست و پاڵنەری جۆراوجۆریان خستۆتەڕوو؛ هاوکات گێڕەرەوەکان بەئامانجی وەڵامی ئەوەی مەئمون چۆن توانیویەتی پلانێکی تۆکمەی لەوجۆرە دابنێت و عەلی رەزا بۆ مەرام و مەبەستی خۆی بەکاربهێنێت و هەموو کەسایەتییەکانی هاوسەردەمی خۆی بخەڵەتێنێت بەوەی بەقەناعەتەوە کردوویەتی بەجێنشین، لەلایەنی زانایی و سیاسەتمەداری و دانایی لە بۆچوون و بەڕێوەبردندا مەئمونیان لە ئاستێکی باڵای نیمچە خەیاڵیدا وێناکردووە[6]، گوایە بەسەر هەر کەسێکەوە چاوێکی هەبووە، هەر ئەمەش نهێنی ئەوەیە کە هەندێك کەنیزەی ناردووە بۆ عەلی رەزا (جعفر مرتضى، 1978: 213)؛ بۆ راستکردنەوەی ئەمەو دروستکردنی هاوسەنگییەك، توێژەرێکی شیعە دەڵێت لە هەر شتێك گومان بکرێت، لەوە گومان ناکەین کە مەئمون بەتەواوی لە پرسەکەی کۆڵیوەتەوەو هەموو ئەگەرەکان و دەرەنجامەکانی گەمەکەی لەبەرچاوگرتووە، بەڵام بەهۆی پلانی لێزانانەی ئیمامەوە، هەموو دەستکەوتە چاوەڕوانکراوەکانی بەدینەهات(جعفر مرتضى، 1978: 253). دەکرێت کۆی بۆچوونەکان بەسەر چەند لایەنێکدا دابەشبکرێن و بخرێنەڕوو:

**1-2 پاڵنەرە راگەیەندراوەکانی (مەئمون) لە بەجێنشینکردنی عەلی رەزا:**

بەگوێرەی گێڕانەوە بەردەستەکان، خەلیفە مەئموون، دوو پاڵنەری جیاوازی بۆ دانانی عەلی رەزا بە جێنشین، باسکردووە؛ یەکەمیان ئەوەیە کە پێشتر لەسەرخۆی پێویستکردووە (الشیخ الصدوق، 1984: 177/1)؛ بەهۆی هەڵوێستی ئەمینی برای بەرامبەری و ململانێیان لەسەر دەسەڵات، بڕیاریداوە کەسێکی باش و دەسەڵاتەخواز بکاتە جێنشینی خۆی و وتوویەتی:"من پەیمانم بەخودا داوە، ئەگەر بەسەر ئەمیندا سەربکەوم، کارەکە دەدەمە دەست باشترین کەسی خانەوادەی ئەبی تاڵب، کەس ناناسم باشتربێت لەم پیاوە" (المسعودي، 2005: 24/4؛ أبو الفرج الأصبهاني، 1965: 454؛ الشیخ الصدوق، 1984: 163/1-164؛ الشیخ المفید، 1993: 261/2). دووەم پاڵنەری راگەیەندراوی مەئمون بریتییە لە وەفاداربوونی بۆ (علي بن ابي طالب)و وتوویەتی لەسەردەمی (ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان)دا هیچ کەس لەوان (واتە کوڕانی عەبباس) نەکراون بەکاربەدەست، بەڵام عەلی (عبد الله، عبید الله، معبد، قثم)ی کردووە بە والی (بەسرە، یەمەن، مەککە، بەحرەین)و کەسیانی بەبێ پۆست نەهێشتۆتەوە، ئەمەش چاکەیەکە لە گەردنماندا، پاداشتم دایەوە بەوەی بۆ کوڕەکەی کردم (ابن أعثم، 1411هـ: 425/8؛ ابن الجوزي، 1992: 127/10-128؛ ابن الطقطقي، 1997: 217).

ئەوەی گومان دروستدەکات لەسەر دروستی گێڕانەوەکە، یان پاساوو بیانووەکەی مەئمون بۆ کارەکە، بەوەی پەیمانی بەخودا داوە، ئەوەیە کە لە وتاری بەیعەتدانەکەیدا کە دوای یەکەم سەرکەوتنی سوپاکەی بەسەر سوپای ئەمیندا، بەخەلیفە خۆی ناساند، باس لەسەرخۆ پێویستکردنەکە ناکات (الیعقوبي، د.س: 438/2؛ الجهشیاري، 279:1938)، لەکاتێکدا وتارەکەی پەیماندان و لەسەر خۆپێویستکردنبوو بۆ رازیکردنی خەڵك، بەتایبەتیش خۆراسانییەکان؛ بۆیە وەك دەوترێت هۆکاری ئەوەی لە عەلی رەزا باشتری

6- بڕوانە:(جعفر مرتضى، 1978: 151؛ حسين عبدالعال، 2012: 35، 41). (جعفر مرتضى) دەڵێت:"پەرتوکەکە ئامـاژەدان بـۆ فێڵزانی و لێزانی و سیاسـەتبازیی مەئمون، نەك باسکردنی مەئمون، چونکە لەگەڵ ئامانجی و مەبەستی دانانی پەرتوکەکە ناگونجێت". (1978: 154).

نەبینیوە، رووپۆشێکە بۆ رەوایەتیدان بەکارەکەی (موفق سالم، 2008: 193)، واتە پاساوەو ئەوەمان بۆ روونناکاتەوە کە بۆچی کەسایەتییەکی عەلەوی کرد بەجێنشین. بیانووی دووەمیش لەجێگەی خۆیدا نییە، چونکە دەکرا ئەویش هاوشێوەی خەلیفەی چوارەم پلەوپایەو بەرپرسیارێتی بە زۆر کەسایەتی عەلەوی بدات، نەك بگاتە ئاستی پێدانی جێنشین، هاوکات ئەگەر مەئمون بەپاڵنەری (لەسەرخۆ پێویستکردن، باشترین کەس، وەفاداری بۆ عەلی) کارەکەی بکردایە، ئەوا هەر سێ پاڵنەرەکە لەدوای مردنی عەلی رەزاش بەردەوام و لەئارادابوون و دەبوو وێڵبوایە بەدوای هێنانەدی لەسەرخۆ پێویستکردنەکەی و بگەڕایە بۆ باشترین کەس بۆ جێنشینی یان عەلەوییەکی دیکەی بکردایە بە جێنشین.

**2-2 پاڵنەری ئایینی و بەرژەوەندی گشتی:** سێ لێکدانەوەو بۆچوون خراونەتەڕوو کە کارەکە دەگێڕنەوە بۆ پاڵنەری ئایینی و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی مسوڵمانان (جعفر موفق سالم، 2008: 193)، دوو لێکدانەوەی یەکەمیان هاوشێوەو نزیکن لە پاڵنەرە راگەیەندراوەکانی پێشتر، ئەوانیش بریتین لە:

2-2-1 مەئموون بە هۆکاری ئایینی و بۆنزیکبوونەوە لەخوداو پێغەمبەر، کارەکەی کردووە؛ بەگوێرەی پەیماننامەکە مەئمون گوێڕایەڵی و فەرمانبەریی خودای پێش خۆشەویستی کوڕەکەی خستووە (ابن الصباغ، 1422هـ: 2/ 1010)؛ ئەمەش لەدەقی وتەکانی عەلی رەزادا بۆ وەڵامی پەیماننامەکەی مەئمون، هاتووە، کە گەواهی بۆ مەئمون دەدات بەوەی گوێڕایەڵبوونی خودای پێشترخستووە (ابن أبي الفتح الإربلي، 1985: 127/3).

2-2-2 بەهۆی باشی و چاکەخوازی وخوداناسی عەلی رەزاوە (كمال الدين الشافعي، د.س: 455): بەگوێرەی گێڕانەوەکانی شیعە، مەئمون بە عەلی رەزای وتووە باشەو چاکەو زانست و خۆگرەوەیی و خۆپارێزی و پەرستشی تۆم بۆ دەرکەوتووە، دەبینم تۆ لەپێشتری لەمن بۆ خیلافەت (الشيخ الصدوق، 1984: 151/1-152؛ الفتال النيسابوري، د.س: 223-224)؛ دەوترێت باشیی و خوداناسی عەلی رەزا، بەس نییە بۆ هۆکاری دانانی بەجێنشین (عبدالعزيز الدوري، 2009: 212)؛ خۆ ئەگەر ئەوە هۆکاربوایە بۆ نەیکرد بە خەلیفەو خۆی ببوایە بەجێنشین، لەکاتێکدا تەمەنی عەلی رەزا نزیکەی دوو هێندەی تەمەنی مەئمون بوو.

2-2-3 مەئمون هەواداری عەلی بووەو لە منداڵییەوە خۆشەویستی شیعەی لەدڵدا چێندراوە (محمد بيومي، 1995: 122/3)، کاتێك زۆری ژمارەی شیعەو جیاوازی بانگەشەکارانی بینی، کە خۆیشی دەربارەی عەلی و دوو کچەزاکەی پێغەمبەر بۆچوونی هاوشێوەی ئەوانی هەبوو، بۆیە عەلی رەزای کرد بەجێنشین (ابن خلدون، 1988: 13/4). پرسی شیعەبوونی مەئمون دواتر تاوتوێی دەکەین، بەڵام سۆزبوون بۆ عەلەوییەکان، ناگاتە ئەوەی کەسێکی عەلەوی بکات بەجێنشین، کە کارەکە بە کودەتاو گواستنەوەی دەسەڵات لە عەبباسییەکانەوە بۆ عەلەوییەکان، لێکدراوەتەوە (حسن الأمين، 1995: 47؛ موفق سالم، 2008: 193).

**2-3 پاڵنەری بەرژەوەندی سیاسی و پاراستن و بەهێزکردنی دەسەڵات:**

چەند لێکدانەوەو هۆکارێك خراونەتەڕوو، کە دەرەنجامەکەیان لەژێر ئەم ناونیشانەدا یەکدەگرنەوە، وەك ئەوەی ئامانجی مەئمون بریتیبووە لە سەرکوتکردنی بزاڤ و راپەڕینەکانی عەلەوییەکان، لەڕیشەکێشانی سۆزو خۆشەویستی خەڵك بۆیان، بەدەستهێنانی دانپێدانانی عەلەوییەکان بە رەوایەتی خیلافەتی عەبباسییەکاندا، بەردەوامبوونی پاڵپشتی خۆراسانیی و ئێرانییەکان، بەهێزکردنی متمانەی خەڵك بەخۆی، دڵنیابوونەوە لە مەترسی کەسایەتی ئیمام رەزاو خۆبواردن لە پێکدادانی سەربازیی لەگەڵیدا (جعفر مرتضى، 1978: 192-193).

2-3-1 بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەی و خیلافەتی عەبباسی و پاراستنی بەرژەوەندی عەبباسییەکان؛ هەروەها تا عەلەوییەکان ناچاربکات دان بە خیلافەتەکەیدا بنێن (جعفر مرتضى، 1978: 221، 238-239؛ محمد عثمان، 2009: 91؛ نبيل جواد، 2012: 293).

2-3-2 سەرکەوتن بەسەر یاخیبوون و راپەڕینەکانی عەلەوییەکانداو خۆلادان لە راپەڕینی زیاتر (حسين عبدالعال، 2012: 41؛ المجلسي، 1983: 313/49): لەمبارەیەشەوە لێکدانەوەی جۆراوجۆر خراوەتەڕوو، لەوانە مەئمون بۆ ئەوەی بارودۆخەکەی لەدەست دەرنەچێت (شوقي ضيف، 1995: 31/3)؛ کاتێك تالبییەکان راپەڕین و بانگەشەیان زۆر ناوچەی گرتەوە، عەلی رەزای کرد بەجێنشین (ابن خلدون، 1988: 38/4)؛ واتە نزیکبوونەوە لە عەلەوییەکان بووە هۆی دامرکاندنەوەی شۆڕشەکانی عەلەوی (نبيل جواد، 2012: 295)؛ دەوترێت چونکە گوێڕایەڵی عەلی رەزا بوون و وازیان لە راپەڕین هێنا (حسين عبدالعال، 2012: 35). یان دەوترێت کارەکە بەمەبەستی دروستکردنی ناکۆکی بووە لەنێویاندا، کە زۆربەی شۆڕشەکانی عەلەوی لەلایەن حەسەنی و زەیدییەکانەوە بوو، ویستی بەدانانی عەلی رەزا و قۆستنەوەی ناکۆکی زەیدییەکان لەگەڵ باڵی شیعەی ئیمامیدا بەرەنگاریان ببێتەوەو لەناویانببات (جعفر

مرتضى، 1978: 227-238)؛ بەپێچەوانەشەوە، دەوترێت بەکارهێنانی بۆچوونەکانی شیعەی زەیدی و دانانی جێنشین لە باڵی حوسەینی، لێدانبوو لە برا راپەڕیوەکانی عەلی رەزا بە براکەیان (كامل مصطفى الشيبي، د.س: 219؛ نبيل جواد، 2012: 295).

لەڕاستیدا کارەکە دوای سەرکەوتنی بوو بەسەر راپەڕینەکانی عەلەوییەکانداو هیچ راپەڕینێکی عەلەوی نەمابوو (عبدالعزيز الدوري، 2009: 211)؛ لەلایەکی دیکەوە جێنشینێتی عەلی رەزا بووبە بیانوو بەدەست عەبباسییەکان و لەگەڵ ناڕازیبووەکانی بەغداد لە ویلایەتی (الحسن بن سهل) یەکانگیربوون و خەلیفەیەکی دیکەیان داناو بەغدادو دەوروبەریان لەژێردەسەڵاتیدا دەرهێناو بەتەواوی دەسەڵاتی مەئمون بەرەورووی هەڕەشەو مەترسی بووەوە (الطبري، 1387هـ: 554/8- دواتر).

2-3-3 بۆ رازیکردنی خەڵکی خۆراسان و شیعەکان: دەوترێت شیعە ژمارەیان زۆربووەو مەئمون زانیویەتی خۆراسانییەکان هەواداری عەلەوییەکانن، بۆیە هەوڵیداوە رازییانبکات و رای گشتی بۆ خۆی رابکێشێت، بۆیە وایدەرخست کە عەلەوییەکانی خۆشدەوێت و لایەنگیرییان دەکات، تا شیعەکان بۆ ئامانج و بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێت، ئەوانیش مەئمونیان وادەبینی کە رزگارکاریان بێت لەو زوڵم و ستەمەی پێشتر بەرامبەریان دەکرا، بەمجۆرە توانی درێژە بە پشتیوانی و متمانەی ئێرانییەکان بەگشتی و خۆراسانییەکان بەتایبەتی بدات (جعفر مرتضى، 1978: 170، 174-175، 225؛ عبدالعزيز الدوري، 2009: 213؛ محمد بيومي، 1995: 117/3).

کاتێك لەسەرچاوەکاندا دەوترێت خۆراسانییەکان، مانای هاوتای فارسەکان ناگەیەنێت، هاوکات خۆراسانییەکان هەموویان یەك ئاڕاستە نەبوون، تەنانەت هەیانبووە لەگەڵ ئەمین بووە(حسن الأمين، 1995: 84-85)، بۆیە مەئمون بە فەزڵی وتووە، ئەگەر ئەمین نامەی بۆ خەڵکی (خۆراسان، تەبەرستان، رەی، دنیاوند) بنووسیایە کە لەخەراجی ساڵێکیان خۆشدەبێت، ئەوا بارودۆخەکەی لێمان تێکدەداو هەڵدەگەڕانەوە (ابن عبد ربه، 1404هـ: 110/1-111)؛ ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی خەڵکەکە بە ژیانی خۆیانەوە سەرقاڵبوون و زیاتر هەڵوێستیان بەرامبەر بە ئاڕاستەکانی دەسەڵات و پرسە سیاسییەکان لەچوارچێوەی سوودو بەرژەوەندیدا وەرگرتووە، نەك بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیا. لەسەردەمی مەئمونیشدا شیعەگەریی هێشتا نەچووبووە قۆناغی رێکخستن و رێکخراوەییەوە بە بەرنامە کار بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات بکات، تەنانەت عەلەوییەکانیش خاوەن بەرەیەکی یەکهەڵوێست و یەکگرتوو نەبوون، راپەڕینەکانیشیان هەڵوێستی کەسی و لەناوچەیەکی زۆر بەرتەسك و زیاتر سیمای کاردانەوەی هەڕەمەکی و کتوپڕییان پێوەدیارە، نەك بەرنامەڕێژیی تەواو، باشترین بەڵگەش بەشداریکردنیانە بەشێوەیەکی پەرتوبڵاو لە راپەڕینەکەی ئەبو سەرایادا، هاوکات وەك دەوترێت لەمکاتەدا هێشتا بنکەی سەرەکی شیعەگەریی لەنێو عەرەب و لەناوچە عەرەبنشینەکاندا بووە، شۆڕشی عەلەوییەکانیش هەر لەو ناوچانەدا بوو (عبدالعزيز الدوري، 2009: 211؛ فاروق عمر، 1977: 134)؛ ئەمە جگەلەوەی کە هەموو شیعەکان نەچوونە ژێرباری جێنشینبوونییەکەی عەلی رەزاو شوێن مەئمون نەکەوتن.

2-3-4 سوودەوەرگرتن لە سۆزی خەڵك بۆ خانەوادەی پێغەمبەر، بۆ فراوانکردنی بنکەی جەماوەری خۆی و کەمکردنەوەی ناڕەزایەتییان لە عەبباسییەکان (جعفر مرتضى، 1978: 216-217). چونکە عەبباسییەکان لای خەڵکی خوازراو نەبوون و ویستی لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبداتەوەو بەو رێگەیە رای گشتی بۆ خۆی رابکێشێت (نبيل جواد، 2012: 295).

2-3-5 تا بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵببێت و ناڕەزایی خەڵکەکە بڕەوێنێتەوەو سەرنجیان بۆ پرسێکی دیکە ئاڕاستەبکات و سەرنجیان لەسەر خراپی بارودۆخەکەو ئاژاوەکان لابدات (جعفر مرتضى، 1978: 222؛ حسين عبدالعال، 2012: 35).

**4-2 پاڵنەری پەیوەندی و ناکۆکی و ململانێی بنەماڵەیی:**

هەندێك لە لێکدانەوەکان لە چوارچێوەی پەیوەندی هەردوو بنەماڵەی عەلەوی و عەبباسیدا خۆیاندەبیننەوە، زۆربەشیان لێکدانەوەی نەرێنین و بریتین لە:

2-4-1 ترسان لە عەلی رەزاو خستنەژێر چاودێرییەوە: نووسەرێك زیاتر لە بیست لاپەڕەی تەرخانکردووە بۆ باسی خراپی دۆخی مەئموون و زۆری دوژمنەکانی و لاوازی دەسەڵاتەکەی و دەڵێت: مافی عەلەوییەکان بۆ خیلافەت بووبووە کارێکی پەسەندو خوازراو لای خەڵکی، هاوکات مەئمون دەیزانی کە ئیمام عەلی رەزا بجوڵێت چەند مەترسیدارە، پێکدادانی سەربازییش لە بەرژەوەندی نەبوو، بۆیە بۆ دڵنیابوونەوە لە نەبوونی مەترسی و خۆلادان لە پێکدادانی سەربازیی لەگەڵیداو خستنەژێر چاودێرییەوە، کردوویەتی بەجێنشین (جعفر مرتضى، 1978: 186-187، 192-193، 206، 297؛ نبيل جواد، 2012: 295)؛ لە گێڕانەوەکانی شیعەدا هاتووە مەئمون بەهەندێك لە عەبباسییە ناڕازییەکانی خۆراسانی وتووە:"...ئەم پیاوە شاراوە بووە لە ئێمەو بانگەشەی بۆخۆی دەکرد، کردمان بەجێنشین تا نزاو پاڕانەوەو بانگەشەکەی بۆ ئێمەبێت و دان بەدەسەڵاتماندا بنێت، بزانێت دەسەڵات و خیلافەت بۆ ئێمەیە، تا بۆ شەیدابووانیشی دەربکەوێت ئەوەی بانگەشەی بۆدەکات وانییەو ئەمکارە بۆ ئێمەیە بەبێ ئەو، ئەگەر وازمان لێبهێنایە دەترساین

لەوەی شتێك بەرامبەرمان بکات توانامان بەسەریدا نەشکێت..." (الشيخ الصدوق، 1984: 181/1-182؛ الطبري (الشيعي)، 1413هـ: 379-380؛ ابن حمزة الطوسي، 1412هـ: 469-470).

لەلایەك گێڕانەوەی باسوخواسێکی وا هەستیارو نهێنی خەلیفە لەگەڵ بەرەی ناڕازی بەدانانی عەلی رەزا، لەلایەن بەرەی بەرامبەرەوە جێگەی گومانە، بەتایبەتیش کە گێڕانەوەکە بانگەشەکردنە بۆ رووداوی پەڕجوو لەسەردەستی عەلی رەزا، بەزمانی (محمد الجواد)ی کوڕیشیەوە وتراوە، کە ئەوکاتە تەمەنی چوار بۆ پێنج ساڵ بووە، هاوکات لەگەڵ باوکیدا نەبووەو لەمەدینە بووە[7]؛ دواتریش خۆی بووە بەزاوای مەئمون. لەلایەکی دیکەوە بەگوێرەی ئەم بۆچوونە خوێنەر ئەگەر ئاگاداری رووداوەکان نەبێت، وادەزانێت عەلی رەزا نیازی راپەڕینی هەبووەو ئامادەکاریی بۆکردووە، بۆیە مەئمونیش بۆئەوەی نەتوانێت هیچ جموجوڵێك لەدژی بکات، بەناوی جێنشینییەوە دەستبەسەری کردووە یان خستوویەتییە ژێرچاودێری خۆیەوەو ئەو هەموو چاودێرەی بۆ داناوە!، ئەگەر مەئمون بیزانیایە عەلی رەزا هەوڵ بۆدەسەڵات دەدات، ئەگەر نەیشی کوشتایە، ئەوا لە بەندیخانەی توندەکرد، نەك بیکات بەجێنشین، لەکاتێکدا عەبباسییەکان چەندەها کەسایەتی عەلەویان کوشتووەو بەگوێرەی گێڕانەوەکانی شیعە باوکی عەلی رەزاش لەلایەن باوکی مەئمونەوە ژەهرخواردکراوە. بەپێچەوانەوە عەلی رەزا لەگەڵ راپەڕین و هەڵگەڕانەوەدا نەبووە، وەك وتراوە لەدوای کارەساتی کەربەلاوە، وازیان لە راپەرین هێنا؛ هاوکات رەزا سوێندی خواردووە بۆ مەئمون کە خیلافەت شتێك نەبووە بە خەیاڵ و بیریدا هاتبێت (الكليني، 1362ش: 151/8؛ الشيخ الصدوق، 1984: 177/1؛ جعفر مرتضى، 1978: 212-213، 324).

2-4-2 لێکدانەوەی دووەم هاوشێوە یان نزیکە لە لێکدانەوەی یەکەم، دەوترێت بۆئەوەبووە تا لە کۆمەڵگە دایبڕێت، بەتایبەتیش لە شیعەکان تا بڕیارو رێنماییان پێنەدات (جعفر مرتضى، 1978: 214-215)؛ بەڵگەش بۆ دابڕاندنەکەی، ئەوەیە کە لەچوارچێوەی پەڕجووی نهێنیزانیدا دەگێڕنەوە کە (أحمد بن محمد بن أبي نصر) لە قادسیە پێشوازی لە عەلی رەزا کردووە، ئەویش پێیوتووە ژوورێکی دوو دەرگای بۆ بگرێت، رۆژێك لە ژوورەکەیدا قورئانێکی بینیوە کە بە عەلی رەزابووە، کە دوو هێندەی ئەو قورئانەی ناو خەڵك، بەڵام نەیزانیوە بخوێنێتەوە، بۆیە ویستوویەتی بینووسێتەوە تا پرسیاری لێبکات، لەوکاتەدا گەشتیارێك دەستەسڕو دەزووی هێناوەو وتوویەتی مەولام فەرمانت پێدەکات قورئانەکە بخەیتە ناو ئەم دەستەسڕەو مۆری بکەیت و بۆی بنێریت (الطبري الشيعي، 1413هـ: 369-370)؛ دەوترێت لە (قزوين)ەوە تێپەڕبووەو وتراوە لەماڵی (داود بن سليمان الغازي)دا خۆی شاردۆتەوە، دواتر داوود بەهۆی ئەوەوە چەندین گێڕانەوەی بەناوی ئەوەوە وتووەو بەو گێڕانەوانەش، بەناوبانگە (القزويني، 1987: 3/3، 428)؛ هەروەها (أحمد بن محمد بن أبي نصر البزنطي) کە گومانی لە ئیمامەتی عەلی رەزا هەبووە، مۆڵەتی چوونەژوورەوەی بۆنووسیوەو لەدڵیدا بووە سێ پرسیاری لێبکات، بەڵام ئەو وەڵامی پرسیارەکانی بۆ ناردۆتە دەرەوەو وتوویەتی هاتنەژوورەوە قورسەو رێگەی هاتنیان بۆلام بەرتەسککردۆتەوە (الشيخ الصدوق، 1984: 229/1؛ ابن حمزة الطوسي، 1412هـ: 477)؛ لەهەمان بازنەی وێناکردنی توانای پەڕجوویيدا، دەوترێت عەلی رەزا لە سەرخەس لە خانوویەکدا دەستبەسەربووە، (عبد السلام بن صالح الهروي) داوایکردووە لە پاسەوانی خانووەکە، تا رێگەی پێبدات بچێت بۆلای، ئەویش رێگەی پێنەداوە، کە پرسیاری هۆکارەکەی لێکردووە، پاسەوانەکە وتوویەتی: چونکە لەوانەیە شەوو رۆژێك هەزار رکات نوێژ بکات...دواتریش چووە بۆلای (الشيخ الصدوق، 1984: 197/1).

گێڕانەوەکان جێگەی رەخنەن، عەلی رەزا لەلایەن نوێنەرو راسپێردراوی تایبەتی خەلیفەوە هاوەڵێتی کراوە یان براوە بۆ خۆراسان، بۆیە ئەگەر دەستبەسەربووبێت، ئەوا رێگەی رۆیشتن و بردنەکەی رانەگەیەندراو نیمچەنهێنی بووە، ئەگەر دەستبەسەریش نەبووبێت، هەر بە ویست و خواستی خۆی نەبووە بەکوێدا تێپەڕبێت و لە چ شارێك و لای کێ و لەکوێ بمێنێتەوەو کێ ببینێت. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر دەستبەسەربووبێت و مەئمون ویستبێتی لە خەڵك دایبڕێت، چۆن خەڵك سەردانیانکردووە، لەکاتێکدا مەئمون ئەوەندە نزیك لەخۆی دایناوە کە دەرگایەك یان پەردەیەك لەنێوان ماڵەکەیاندا بێت (الشيخ الصدوق، 1984: 174/1)؟؛ هاوکات گێڕانەوەکانی شیعە جەختدەکەنەوە لەوەی (هشام بن إبراهيم الراشدي الهمداني)، کە شوێنکەوتەو دەستەڕاستی عەلی رەزا بووە، بووە بە سیخوڕی مەئمون و فەزڵ، مەئموون کردوویەتی بە پەردەداری عەلی رەزا، بەویستی خۆی رێگەی چوونە ژوورەوەی داوەو شوێنکەوتووەکانی نەگەیشتوونەتە لای (الشيخ الصدوق، 1984: 164/1-165)؟؛ یان ئەگەر دەستبەسەربووبێت، چۆن پرسیاری ئەوە لە پاسەوانەکەی دەکرێت کە بۆچی رێگەی چوونە ژوورەوەی پێنادات، یان چۆن پاسەوانەکە هۆکارەکەی گێڕاوەتەوە بۆ سەرقاڵی عەلی رەزا بە خوداپەرستییەوە، خۆ ئەگەر هۆکارەکە ئەوەبووە، چۆن دواتر رێگەی پێداوە بچێتەژوورەوە، بەبێ ئەوەی بە عەلی رەزا بڵێت؛ هاوکات ئەو لەگەڵ مەئموندا بووە کە بە لەشکرێکی گەورەوە بە ئامانجی

7- لە هیچ گێڕانەوەیەکدا تەمەنی، لە شەش و حەوت تێپەڕی نەکردووە. بڕوانە:(الشيخ المفيد، 1993: 271/2؛ الطبري (الشيعي)، 1413هـ: 388).

گێڕانەوەی دەسەڵاتی بەسەر بەغدادو دەوروبەریدا، بە سەرخەسدا تێپەڕیون، ئایا لەدۆخێکی ئاوادا ئەگەر عەلی رەزا دەستبەسەربوو‌بێت، چۆن توانراوە ببینرێت و شوێنکەوتەیەکی سەردانی بکات؟ یان پاسەوانێك بوێرێت سەرپێشی فەرمانەکە بکات؟.

گێڕانەوەکان پرسی دەستبەسەربوونی و دابڕاندنی لە خەڵك و شوێنکەوتەکانی، رەتدەکەنەوە، بەگوێرەی گێڕانەوەکان چواردەوری پڕبووە لە شوێنکەوتەو لایەنگرانی و کەسانی دیکە (الشيخ الصدوق، 1984: 159/2)؛ بۆنموونە (أبو الصلت عبد السلام بن صالح الهروي) لە نەیشاپورو لە سەرخەس لەگەڵیدا بووەو بینیویەتی، هەروەها (الريان بن الصلت الخراساني) خزمەتکاری رەزا بوون، لەنێو خزمەتکارەکانی خەلیفەشدا لایەنگری هەبووە، وەك (صبيح الديلمي) (الخصيبي، 1991: 281؛ قطب الراوندي، 1409هـ: 352/1؛ حسين بن عبد الوهاب، 1369هـ: 99)، کە زۆر گێڕانەوەکان دراونەتە پاڵ ئەو کەسانە. تەنانەت کۆمەڵێك لە شیعەکانی بۆ ماوەی دوو مانگ راگرتووەو مۆڵەتی بینینی پێنەداون (الشيخ الطبرسي، 1966: 2360/2-237)؛ دۆخەکە لەلای سەردانکارانی ئەوەندە ئاساییبووە تا ئەوەی پێشنیاری کوشتنی (رجاء بن أبي الضحاك)ی بۆبکرێت (الشيخ الصدوق، 1984: 148/1، 153، 199،222، 231). لەکاتی گەڕانەوەی خەلیفەو سوپاکەشیدا بۆ بەغداد، لە (طوس) دەستوپێوەندو شوێنکەوتەی خۆی لەگەڵ بووەو پرسیاری ئەوەی لێکراوە کە ئیمامی دوای خۆی کێیە (الطبري (الشيعي)، 1413هـ: 388)؛ یان بە ویستی خۆی وەسیەتی گۆڕو شۆردن و بە خاکسپاردن و بەسەرهاتی هەڵکەندنی گۆڕەکەی بەجیا بۆ (هرثمة)و (ابو الصلت) کردووە کە چۆنبێت (الشيخ الطبرسي، 1417هـ: 82/2؛ ابن حمزة الطوسي، 1412هـ: 480-490)، یان گوایە (هرثمة) کە بە خۆشەویستی خانەوادەی پێغەمبەری دادەنێن و خۆی بە شیعەی ئەوان دانـاوە، کاروباری رەزای رێکخستووە (كمال الدين الشافعي، د.س: 462-463؛ ابن أبي الفتح الإربلي، 1985: 58/3-59)؛ ئیتر رۆڵی دەستبەسەری و چاودێریکردنی لەلایەن خەلیفەوە چ سوودێکی هەبووە؟ ئەگەر وابێت یان ئەو هەموو گێڕانەوەیە لە عەلی رەزاوە جێگەی گومانە، یان پرسی دەستبەسەربوون و ئامانجی دابڕاندنی لە شوێنکەوتووەکانی جێگەی هەڵوێستەکردنە، لەکاتێکدا هەردوو جۆر لەگێڕانەوەکان بەوپەڕی متمانەو بڕواپێبوونەوە گێڕدراونەتەوەو تۆمارکراون، دروستبوونی گومان لەسەر ئاڕاستەیەکیان، گوماناوییبوونی هەموو گێڕانەوەکان دەگەیەنێت.

هاوکات ئەگەر مەئمون لەخەڵك دایبڕیوە، تا خەڵك بەوتارو قسەکانی سەرسام نەبن؟ چۆن لەولاوە مەئمون خۆی سەرسامە پێی و لەبەرچاوی خەڵك و لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵدا دەکات کە خەڵکەکە پێبزانن هۆگرە بە عەلی رەزاوە؟ وەك دەوترێت عەلی رەزا لەبەر مەئموندا هەستاوە، بەڵام مەئمون رێگەی پێنەداوە، ناوچەوانی ماچکردووە؛ تا بگاتە ئەوەی بەهۆی رێزگرتنی مەئمون بۆ عەلی رەزا، وەزیر (فەزڵ) ئیرەیی ببات و دژایەتی رەزا بکات (الشيخ الصدوق، 1984: 166/1، 170). ئەی چۆن رێگەدراوە بەوەی چەندین شاعیر بچنە لای و هۆنراوەی بەسەردا هەڵبدەن؟ (الفتال النيسابوري، د.س: 227-228؛ الشيخ الطبرسي، 1417هـ: 65/2-68)؟ ئەویش پارەو خەڵاتیان بکات! (الشيخ الصدوق، 1984: 155/1؛ الشيخ المفيد، 1993: 264/2؛ الشيخ الطبرسي، 1417هـ: 65/2، 67؛ كمال الدين الشافعي، د.س: 458-459). ئەمە جگەلەوەی کەژاوەی دەرچوونەکانی عەلی رەزا لە ماڵەکەی و چوونی بۆلای خەلیفە مەئمون و بۆ نوێژی هەینی، پۆشاك نایابی و شێوازی پۆشینەکانی و جوانی سیماو شکۆی خۆی و ئاپۆڕەی خەڵك و ریزبوونیان لەسەر رێگەکەی تا ببینن، بووەتە جێگەی سەرنجی گێڕەرەوەکان (بڕوانە: الكليني، 1363ش: 489/1-490: الشيخ الصدوق، 1984: 155/1، 161-162؛ الشيخ المفيد، 1993: 264/2-266؛ الشيخ الطبرسي، 1417هـ: 65/2، 75-77؛ كمال الدين الشافعي، د.س: 461-462؛ ابن أبي الفتح الإربلي، 1985: 58/3، 111). جگە لەوانە ئایا ئەگەر دەستبەسەر بووە، چۆن ئەو هەواڵی بارودۆخ و یاخیبوونی خەڵکی بەغدادی زانیوەو بە مەئمونی وتووە، لەکاتێکدا فەزڵ نەیهێشتووە ئەو هەواڵانە بە خەلیفە بگات؛ ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی عەلی رەزا کەناڵ و رێگەو ئامرازی تایبەتی هەبووەو هەواڵی هەرێم و ناوچەکانی بۆهاتووە؛ بۆیە جێنشینبوونییەکە دەرفەتی زیاتری بۆ عەلی رەزا رەخساند تا تێکەڵ بە زانایان بێت و ئەڵقەی گفتوگۆو مشتومڕی زانستییان لەگەڵدا ئەنجامبدات، هاوکات خۆیشی لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی دەرکەوت. بەپێچەوانەوە وادیارە جێنشینبوونی عەلی رەزا وایکردووە تەنانەت شوێنکەوتەی گروپەکانی دیکە شوێنیبکەون، (النوبختی 300ك/911ز) باسی گروپێکی (المرجئة) دەکات پێیانوتراوە (المحدثة)؛ هەروەها باسی ژمارەیەك کەسانی دیارو زیرەك و زانای شیعەی زەیدی دەکات، کە هەردوولایان بەپاڵنەری دونیایی بوون بەشیعەو دانیان بە ئیمامەتی عەلی رەزادا ناوەو بوونەتە شوێنکەوتەی (1984: 86).

2-4-3 بۆ خستنەڕووی کەسایەتییە عەلەوییەکان تا بۆ خەڵکی دەربکەوێت کە کەسانی سادەو ئاسایین (فاروق عمر، 1977: 137-139؛ موفق سالم، 2008: 193-194)، بەتایبەتیش بۆ لێدان لە پێگەوپایەی کۆمەڵایەتی عەلی رەزاو لەکەدارکردنی ناوبانگی، کە بیست و دووساڵ لە خۆی گەورەتربووەو رازیبوونی بە جێنشینییەکە، واتە گومانبردنی خەڵك بەوەی حەزی لە دەسەڵات و دونیایە (جعفر

مرتضى، 1978: 241-244)؛ هەروەها بۆ دەرخستنی ئەوەی کە فەرمانڕەوا هەرکەسێك بێت هەمان جۆر رەفتارو هەڵسوکەوتی هەیە، واتە چاوەڕوانی ئەوە نەکەن کە یەکێکبێت و دەسەڵات بگرێتەدەست و بەوجۆرە نەبێت (جعفر مرتضى، 1978: 240-241؛ فاروق عمر، 1977: 138-140)؛ بۆ ئەمەش گێڕانەوەیەکی (القفطي 646ك/1248ز) دەکرێتە بەڵگە، لەکاتێکدا گێڕانەوەکە بەبێ ئاماژەدان بەسەرچاوە یان زنجیرەی گێڕەرەوەکان و تێکەڵ بە ئەفسانەی خوێندنەوەی ئەستێرەناسییەو لەسەر زمانی (عبد الله بن سهل بن نوبخت)ی ئەستێرەناسەوە دەگێڕێتەوە کە مەئمون زانیویەتی عەلەوییەکان بەهۆی پەنهانبوونیان لە ترسی دەسەڵاتی عەبباسی و بەشدارنەبوونیان لەژیانی سیاسیدا، دۆخیان لای خەڵکی سادە دیارنەبووە، بۆیە بە پیرۆزیان داناون و هاوشێوەی پێغەمبەران ئەژماریان کردوون، ئەگەرچی سەرەتا ویستوویەتی سزای خەڵکەکە بدات، بەڵام زانی بەمجۆرە زیاتر شەیداو هۆگریان دەبن، وتی ئەگەر لەنێو خەڵکدا دەربکەون، ئەوکات بەدکاری بەدکارەکانیان و ستەمی ستەمکارەکانیان دەبینن و لەبەرچاویان دەکەون، بۆئەمەش ئەگەر بە فەرمان پێیانبوترێت دەترسن و زیاتر خۆیان دەشارنەوە، بەڵام ئەگەر یەکیان بکرێتە بەرپرس ئەوا ئەوانی دیکەش دڵنیادەبنەوەو دەردەکەون؛ ئەمەشی لە کەسە تایبەتەکانیشی شاردەوەو بە فەزڵی وت کە دەیەوێت ئیمامێکی عەلەوی دابنێت و بۆچوونیان هاتە سەر عەلی رەزا، فەزڵ دەستیکرد بەڕێکخستنی کارەکە بەبێ ئەوەی ئاگاداری نیازی مەئموون بێت، رۆژێکی بۆ بەیعەتدانەکە هەڵبژارد...[8]، لەلایەك پرسێکی نهێنی ئاوا گرنگ، کە مەئمون لە کەسە تایبەتەکانیش و لە فەزڵی وەزیریشی شارردبێتەوە، ئایا عەبدوڵڵای ئەستێرەناس چۆن زانیویەتی و چۆن نیازی مەئمونی ئاشکراکردووە؟؛ هاوکات گێڕانەوەکە لە (عیون أخبار الرضا)دا هاتووە، بەڵام (القفطي) زانیاری زێدەی خستۆتەسەرو بەبێ ئاماژەدان بەسەرچاوەکە، وەك تەواوکارییەك، گێڕانەوەکەی ئەوی دووپاتکردۆتەوە، کە ئەستێرەناسەکە ویستوویەتی نیازی مەئمون بزانێت...؛ عەبدوڵڵا شیعە بووەو (ابن طاووس، 1363ش: 132)، بەگوێرەی گێڕانەوەیەك وادەردەکەوێت لە بەغداد بووبێت، نەك لە خۆراسان، چونکە دەوترێت کاتێك مەئمون گەڕاوەیەوە بۆ بەغداد بەگوێرەی پێگەکانیان بە خەڵات کەسایەتییەکانی بەسەرکردەوە، جگە لە (عبد الله بن أبي سهل بن نوبخت) (الزمخشري، 1412هـ: 108/1).

لەلایەکی دیکەوە لەکاتێکدا بنەمای بانگەشەی شیعە کە بریتییە لەوەی پێغەمبەر (د.خ) بۆدوای خۆی (علي بن ابي طالب)ی دیاریکردووە بە پێشەوای مسوڵمانان، ئایا ئەمە بۆ دەسەڵات گرتنەدەست و فەرمان ڕەواییکردن نەبووە، هەروەها راپەڕینەکانی عەلەوییەکان بۆدەسەڵات گرتنەدەست نەبووە، ئیتر چۆن دەگونجێت بڵێین دانانی عەلی رەزا بەجێنشین بۆ لەکەدارکردنی و لێدانبووە لە پێگەی کۆمەڵایەتی بەوەی حەزی لە دەسەڵاتە؛ لەکاتێکدا لەپێش سەروبەندی دانانی عەلی رەزادا چەندین عەلەوی راپەڕیبوون و هەندێکیان چەندین کوشتارو تاڵانی و کاولکارییان ئەنجامدابوو، لەنێویشیاندا زەیدی برای عەلی رەزا، کە بەهۆی سوتاندنی باخ و بێستان و خانووی عەبباسییەکان لە بەسرە، بەڵکو دەوترێت لایەنگرانیانی سوتاندووە، نازناوی زەیدی ئاگری لێنرا، عەلی رەزا سوێندیخوارد تا ماوە قسەی لەگەڵ نەکات (الطبري، 1387هـ: 535/8؛ الشيخ الصدوق، 1984: 258/1-259؛ سبط ابن الجوزي، 2013: 333/13)؛ بۆیە ئەگەر ئەمە ئامانجی مەئمون بوایە، زۆر بەئاسانی خۆیان ئامانجەکەیان بۆ هێنابووە دی و دەیتوانی کارو رەفتارە کاولکارییەکانی ئەو عەلەوییە راپەڕیوانە بەکاربهێنێت بۆ لێدان و لەکەدارکردنیان.

2-4-4 دەوترێت کارەکە هەنگاوێکی سیاسی بووە بۆ ئاشکراکردنی لایەنگرانی عەلەوی (موفق سالم، 2008: 193-194)؛ ئەم هۆکارو ئامانجە، وەك هۆکاری پێشتر بە راپەڕینەکانی عەلەوییەکان و پێش دانانی عەلی رەزا هاتبووە دی، کە زۆر کەسایەتی عەلەوی و بەشێکی زۆر لە لایەنگرانیان بەئاشکرا دژی مەئموون راپەڕین و سەرکوتکران.

2-4-5 لەچوارچێوەی لێکدانەوەکانی تایبەت بە پەیوەندی دوو بنەماڵەکەدا، لێکدانەوەیەکی ئەرێنی هەیە، کە دەوترێت کارەکە بۆ هێنانەئارای تەبایی و یەکڕیزی بووە لەنێوان هەردوو بنەماڵەکەدا (فاروق عمر، 1977: 137)، ئەمەش لەدەقی وتەکانی عەلی رەزادا بۆ وەڵامی پەیمانەکە هاتووە، کە مەئمون چاکەو باشەی دەربارەی پێغەمبەر نواندووە سەبارەت بە نەوەکانی و پەیوەندی خزمایەتی بەجێگەیاندووەو کۆیکردوونەتەوەو پێکەوەیی بۆگێڕاونەتەوەو رق و کینەی لەنێواندا نەهێشتوون، بەهۆی ئەوەوە بوونەتە یەکدەست و یەکگرتوو، کە ئومێد دەکات ببێتە هۆکاری تەبایی و پێکەوەبوون و پاراستنی خوێنی مسوڵمانان و بەهێزیی بۆ ئایینەکەیان،...داوا دەکات دەستوبردیان بۆ گوێڕایەڵی خودا و پاشان ئەمیری بڕواداران هەبێت (الشيخ الصدوق، 1984: 165/1-170؛ ابن أبي الفتح الإربلي، 1985: 127/3).

8- القفطي، 2005: 171-172. توێژەرێك ئەمە دەکاتە بەڵگە بۆ ئەوەی جێنشینییەکە پلانی سیاسی مەئمون بووە بۆ دەرخستنی عەلەوییەکان و لەکەدارکردنیان لەبواری سیاسیەتدا. بڕوانە:(فاروق عمر، 1977: 138-140).

**5-2 پاڵنەری ڕاكێشانی هەست و سۆزی خەڵك:** دەوترێت كارەكەی بۆ ڕاكێشانی خەڵك و بەكارهێنانیان بۆ دژایەتیكردنی عەبباسییەكان، ئەنجامداوە (كامل مصطفى الشيبي، د.س: 219)، كە پشتی براكەیان گرت؛ بەم پێودانگە دەكرێت بوترێت مەئمون وەك تۆڵەیەك لە عەبباسییەكان عەلی ڕەزای كردووە بەجێنشین؛ بەڵام لەلایەك مەئمون كەسێكی لێبوردە بووە، نەك تۆڵەكەرەوەی ڕقهەڵگر، هەروەها وەك دەوترێت ناگونجێت مەبەستی ئەوەبوویێت تۆڵە لە عەبباسییەكان بكاتەوەو ئاگاداریانبكاتەوە كە كاری پێچەوانەو سەرپێچی نەكەن و پشتگیریی بكەن، ئەویش لەمیانەی دروستكردنی مەترسی بۆیان بەوەی خیلافەت دەدات بە عەلەوییەكان. ئەمە لەكاتێكدابوو كە دەیویست متمانەو خۆشەویستی هەر مرۆڤێك بەدەستبهێنێت، چ جای خانەوادەو بنەماڵەكەی خۆی، ئایا دەگونجێت كێشە بۆ خۆی دروستبكات، یان لەكاتێكدا ئەوان لەدوای كوشتنی براكەی، گوێڕایەڵیبوون، ئیتر تۆڵەیان لێبكاتەوە؟ ئایا بۆچی پێشبینی ئەوە ناكات ئەوانیش هاوشێوە بەرەنگاری ببنەوەو لەدژی ڕاپەڕن؟ بۆچی هەلی دەرخستنی هێزو توانای خۆیان بۆ دەرەخسێنێت (جعفر مرتضى، 1978: 260-261).

**6-2 تاوتوێكردنی پرسی شیعەبوونی مەئموون:**

هەندێك لە مێژوونووس و گێڕانەوەكان مەئمونیان بە شیعە داناوە، بەگوێرەی گێڕانەوەی شیعە وتوویەتی:"خانەوادەی پێغەمبەرم خۆشویستووە، بەڵام بۆ نزیكبوونەوە، لە هارونە ڕەشید، وامنواندووە ڕقم لێیانە" ئەو شیعەگەری لەدڵمدا چاند؛ لە گێڕانەوەیەكی دیكەدا وتوویەتی:"باوكم فێری شیعەگەریی كردم!، پێیوتراوە چۆن ئەو فێری كردیت، لەكاتێكدا ئەو دەیكوشتن؟ وتوویەتی: لەسەر دەسەڵات دەیكوشتن" (الشيخ الصدوق، 1984: 84/2-85، 87)؛ هەروەها عەلی لەهەموو هاوەڵانی پێغەمبەری بەباشترو لەپێشتر داناوە[9]؛ هاوكات هۆنراوەیەكی (ابو تمام 213ك/846ز) بەسەر مەئموندا بە ئاماژە بۆ شیعەبوونی دادەنێن، بۆیە شاعیر ویستوویەتی بەو ڕێگەیە سەرنجی مەئمون ڕابكێشێت (حسن الأمين، 1995: 7؛ شوقي ضيف، 1995: 275/3-276، 183/6-184؛ محسن الأمين، 1983: 451/4). توێژەرێكی شیعەش بۆچوونی وایە مەئمون، پێچەوانەی باوكی لایەنگری عەلەوییەكان و بەئاشكرا لایەنگری عەلی ڕەزا بووە، بەرامبەریان لێبوردە بووەو چاوپۆشی لێكردوون، چەندین بەڵگە لەسەر شیعەبوونی هەیە، لەوانە باوەڕبوونی بە دروستكراوێتی قورئان، كردووە بەیەكێك لە بەڵگەكانی شیعەبوونی (محسن الأمين، 1983: 15/2-16). ئەم ئاماژەو بەڵگانە بۆ سەلماندنی شیعەبوونی خەلیفەیەكی عەبباسی لاوازن، ئەگەر هارونە ڕەشید لەسەر دەسەڵات شیعەو ئیمامەكانی كوشتبن، ئەوا ناگونجێت و باوەڕناكرێت خۆی منداڵەكەی خۆی فێری شیعەگەریی بكات، بەڵكو ڕێگەشی پێنادات بەلای ئەو بیركردنەوەیەدا بچێت؛ هەروەها پیاهەڵدانی هۆنراوەیەك لەلایەن شاعیرێك كە خۆی بە شیعە دادەنرێت، نابێتە بەڵگەی شیعەبوونی خەلیفەی پیاهەڵدراو؛ پرسی بەباشتر دانانی عەلی لە هاوەڵانی دیكەش، مانای شیعەبوون ناگەیەنێت، چونكە نەگونجاوە شیعەبوویێت و ئیمامەكەی بكات بەجێنشینی خۆی؟؛ بابەتی بەباشتردانانی عەلی لای مەئموون لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕێزو بەرزنرخاندنی بنەماڵەییدا هاتووە، واتە لە چوارچێوەی خانەوادەی پێغەمبەردایە، نەك لە شیعەگەرییەوە، لەوچوارچێوەیەدا مەئمون بەواتای وشە هەوادارو شوێنكەوتەو شەیدای ئیمامی عەلی بووەو چەندین هۆنراوەی بەسەردا وتووە[10]؛ (الخطابي القاص)ی لە بەصرەوە بانگكرد تا لێپێچینەوەی لەگەڵدا بكات بەهۆی كوژاندنەوەی (رحم الله عليا * إنه كان تقيا) لەسەر یەكێك لە كۆڵەكەكانی مزگەوتەكەی، ئەویش وتوویەتی نووسراوە (ولقد كان نبيا) بۆیە منیش فەرمانمكرد بە سڕینەوەی، مەئمونیش پێیوتووە:"قافەكە لەچاوت دروسترو ڕاسترە" (ابن أبي الحديد، 1959: 100/16)؛ تەنانەت خۆشویستنی ئەوی بەستۆتەوە بە مەرجی وەرگرتنی تۆبە (سبط ابن الجوزي، 2013: 209/14). ئەمەش وەڵامی ئەوەمان دەداتەوە كە بۆچی لەكاتێكدا چل زانای بانگهێشتكردووە بۆ گفتوگۆكردن تا پێیان بسەلمێنێت عەلی باشترین هاوەڵە[11]؛ بەڵام هاوكات بەپێچەوانەوە سەبارەت بە داوای مافی خیلافەت لەلایەن عەلەوییەكانەوە، بەهۆی خزمایەتی و نزیكی لەپێغەمبەرەوە، دەوترێت بەڵگەی بە عەلی ڕەزا نەهێششتووە (ابن

9- أصبح ديني الذي أدين به... ولستمنه الغداة معتذرا حب علي بعد النبي ولا ... أشتم صديقا ولا عمرا

ثم ابن عفان في الجنان مع ... الأبرار ذاك القتيل مصطبرا ألا ولا أشتم الزبير ولا ... طلحة إن قال قائل غدرا

بڕوانە:(ابن عساكر، 1995: 286/33-287، 301؛ الذهبي، 2006: 380/8-381).

10 - بۆ نموونە، ئەم هۆنراوەیەی لەستایشیدا هەڵبەستووە. بڕوانە:(ابن الجوزي، 1992: 128/10؛ سبط ابن الجوزي، 2013: 392/13-393؛ ابن طاووس، 1399ش: 275). ألام على شكر الوصي أبي الحسن ... وذلك عندي من عجائب ذا الزمن

خليفة خير الناس والأول الذي ... أعان رسول الله في السر والعلن ولولاه ما عدت لهاشم إمرة ... وكانت على الأيام تعصى وتمتهن....

11- بۆ دەقی مشتومڕەكە، بڕوانە:(ابن عبد ربه، 1404هـ: 349/5-359). لەگێڕانەوەی شیعەدا گۆڕاوە بۆ سەلماندنی ئەوەی عەلی ڕاسپێردراوی پێغەمبەر بووە بۆ خیلافەت لەدوای خۆی.. بڕوانە:(ابن طاووس، 1399ش: 30).

عبد ربه، 1404هـ: 224/2، 359/5)؛ هاوكات هاوشێوەی خەلیفەكانی پێش خۆی، بەوپەری هێزو تواناوە كاریكردووە بۆ سەركوتكردنی راپەڕینەكانی عەلەوییەكان، كاتێكیش (عبد الرحمن بن أحمد بن عبد الله بن محمد بن عمر بن علی بن ابی طالب) لە ساڵی (207ك/822ز)دا بەهۆی خراپی كاربەدەستانی یەمەنەوە، راپەڕی و بانگەشەی بۆ (الرضى من آل محمد) كرد، بەڵام مەئمون سوپایەكی بە نووسراوی دڵنیاییەوەناردەسەر، دوای ئەوە ئیتر مۆڵەتی نەدا بە تالبییەكان بچن بۆلای و پۆشینی رەنگی رەشی سەپاند بەسەریاندا (الطبري، 1387هـ: 593/8؛ ابن الجوزي، 1992: 160/10).

**3- خوێندنەوەو لێكدانەوەی بەرنامەی سیاسی خەلیفە مەئمون:**

ئەگەرچی رەخنەی ئەوە لە مەئمون دەگیرێت، كەلەسەر دەسەڵات برای خۆی كوشتووە، ئیتر چۆن دەسەڵات دەدات بە كەسانی دیكە (جعفر مرتضى، 1978: 286، 302، 304)، بەڵام مەئمون دوای مردنی باوكی بەیعەتی بە ئەمینی برای داو پێناچێت خودی خۆی نییەتی ناپاكی هەبووبێت (الطبري، 1387هـ: 365/8؛ حسن الأمین، 1995: 35-36)، بەلكو ئەمین پەیمانەكەی باوكی شكاند، (فضل بن سهل)یش ئاڕاستەكاری رووداوەكان بووە لە دژی سیاسەتەكانی خەلیفە ئەمین، تەنانەت پێش مردنی هارون، بەیعەتی بۆ مەئمون وەرگرت[12]. واتە ئەمین ستەمی لەوكردو لە جێنشینی لایداو پێچەوانەی پەیمانەكەی باوكی جوڵایەوە، هەروەها دەوترێت ویستوویەتی (طاهر بن الحسین) لە تۆڵەی ئەمینی برایدا بكوژێتەوە، تاهریش ئەو ترسەی هەبووەو ویستوویەتی خۆی لە مەئمون بەدووربگرێت (ابن طیفور، 2002: 23-24؛ الطبري، 1387هـ: 578/8-579. ابن أعثم، 1411هـ: 419/8-420). دوای یەكلاییوونەوەی خیلافەت بۆ مەئمون لەساڵی (198ك/814ز)دا، قاسمی برای لەجێنشینی لاداو (الطبري، 1387هـ: 499/8؛ المسعودي، 2005: 22/4؛ ابن الجوزي، 1992: 48/10) بۆماوەی سێ ساڵ جێنشینی دیارینەكرد، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی بەرنامەی تایبەتی هەبووە، ئەگەرنا وەك نەریتی خەلیفەكانی پێشتر دەكرا زۆر بەئاسانی عەبباسی كوڕەگەورەی بكات بەجێنشین و كەسیش بیانووی نەیاربوونی نەبێت؛ بەڵام وەك دەوترێت مەئمون خەلیفەیەكی جیاوازتر بووەو بە قەناعەتەوە موعتەزیلە بووە (موفق سالم، 2008: 194)؛ واتە كاریكردووە بۆ بەرجەستەكردنی بیروبۆچوونەكانی موعتەزیلە لە فەرمانڕەواییدا؛ ئەمەش پاڵنەربووە بۆ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی وڵات و مسوڵمانان و دەوڵەت؛ تا دوای سێ ساڵ بیركردنەوە، گەیشتە ئەوەی عەلی رەزا بەشیاوترین كەس بزانێت و بیكات بەجێنشین (حسن الأمین، 1995: 125-126)؛ كە كارەكە بە گواستنەوەی خیلافەت بۆ عەلەوییەكان لێكدراوەتەوە (ابن الطقطقي، 1997: 217؛ حسن الأمین، 1995: 47)؛ توێژەرێكیش ئەمە دەكاتە بەڵگەیەك بۆ گومانكردن لە نیازی مەئمون و دەڵێت دروستكردنی مەترسییەكی لەوجۆرە لەگەڵ بلیمەتی و لێزانی مەئموونی ناگونجێت (جعفر مرتضى، 1978: 260-261)؛ بەڵام پرسی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ عەلەوییەكان لە پەیماننامەكەو وتارەكان و گێڕانەوەكاندا نەهاتووەو تەنها خەملاندنە بۆ ئەوەی كە دوای مردنی مەئمون، عەلی رەزا دەبوو بە خەلیفە، ئەویش كوڕێكی خۆی یان عەلەوییەكی دادەنا، بەتایبەتی كە پەیماننامەكە هیچ ئاماژەیەكی بۆ گواستنەوەی دەسەڵات تێدانییە؛ وەك دەشوترێت هیچ باسی جێنشینی دوای (عەلی رەزا)شی نەكردووە، لێرەوەش دەوترێت ئەمە پرسێكی ترسناكەو زەحمەتە جارێكی دیكە بگەڕایەتەوە بۆ عەبباسییەكان (فاروق عمر، 1977: 141-142). كەواتە ئەم پرسە ترسناكە ناكرێت بەهەنگاوێكی سادەو بێ بەرنامەو پلان یان بە پیلانێكی دژ بە عەلی رەزاو عەلەوییەكان وێنابكرێت، چونكە خۆ مەئمون مسۆگەری ئەوەی نەكردبوو كە لەماوەی جێبەجێكردنی هەنگاوە سادەكەی یان پیلانەكەیدا نامرێت و دەسەڵات بەتەواوی ناكەوێتە دەست عەلی رەزاو وەك دەوترێت عەلەوییەكان، بۆیە ئەمە بەڵگەیە بۆ تۆكمەیی متمانەی مەئمون بە عەلی رەزاو هاوڕاییان لەسەر بەرنامەكەو پابەندبوونیان پێیەوە؛ واتە پرسی بوونی عەلی رەزا بە جێنشین، بەرنامەو پڕۆژەیەكی تایبەتی و نهێنیبووە لەنێوان مەئمون و عەلی رەزادا، چونكە تەبایی و پێكەوە كاركردنی خەلیفەو جێنشین، ئاماژەیە بۆ بوونی بەرنامەیەكی تایبەت بۆ تەبایی و پێكەوەگرێدانی دوو بەرەبابی خانەوادەی پێغەمبەرو رزگاركردنی خیلافەتی عەبباسی لە هەژموونی فەزڵ و گێڕانەوەی پایتەخت بۆ بەغداد؛ ئاماژەیەكی دیكەش ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی لەدوای مردنی عەلی رەزا، مەئمون بیروباوەڕو خۆشەویستی بۆ عەلی و نەوەكانی نەگۆڕا، ناوی كوڕەكانیشی (بۆ ناوەكانیان بڕوانە:الیعقوبي، د.س: 470/2)، ئاماژەن بۆ ئەمەو بۆ خواستی پێكەوەگرێدانی هەردوو بنەماڵەی عەبباسی و عەلەوی؛ بەڵام ئامادەنەبوو كەسایەتییەكی عەلەوی دیكە بكات بەجێنشین؛ بۆیە دەتوانین جەختبكەینەوە لەوەی كە بەرنامەو پرسەكە لەنێوان مەئمون و عەلی رەزادا بووە.

12- بۆ زانیاری لەسەر رووداوەكان و دەستپێكردنی ناكۆكییەكە، بڕوانە:(الطبري، 1387هـ: 565/8-372).

**1-3 تاوتوێكردنی پاشخانی تێڕوانین و هزریی مه‌ئمون و پرسی جێنشین:**

لێكدانه‌وه‌و تاوتوێكردنی سووده‌كانی به‌جێنشینكردنی عه‌لی ره‌زا بۆ مه‌ئموون، له‌گه‌ڵ بڕیاردان و جه‌ختكردنه‌وه‌ له‌وه‌ی مه‌ئموون چ مه‌به‌ست و ئامانجێكی له‌دانانیدا هه‌بووه‌، دوو شتی جیاوازن، واته‌ ناكرێت هه‌موو ده‌ره‌نجامه‌كانی دانانی عه‌لی ره‌زا به‌ مه‌به‌ست و پیلانی پێشوه‌خته‌ی مه‌ئموون بزانین؛ گومان له‌وه‌دا نییه‌ كه‌ مه‌ئمون به‌رنامه‌و پلانێكی تایبه‌تی رانه‌گه‌یه‌ندراوی هه‌بووه‌، به‌ڵام به‌رنامه‌كه‌ی له‌چوارچێوه‌ی بانگه‌شه‌ی عه‌بباسییه‌كاندا بووه‌، واته‌ بانگه‌شه‌ بۆ خانه‌واده‌ی پێغه‌مبه‌ر، كه‌ عه‌له‌وی و عه‌بباسییه‌كانی گرتۆته‌وه‌ (محمد عثمان، 2009: 89-90)؛ هه‌روه‌ها له‌چوارچێوه‌ی بیركردنه‌وه‌و به‌رنامه‌ی سیاسی عه‌بباسییه‌كاندا بووه‌، كه‌ له‌سه‌ره‌تاوه‌ بانگه‌شه‌ی مافی خوداییان بۆ فه‌رمانڕه‌وایی ده‌كردو گوایه‌ ئه‌مان له‌لایه‌ن خوداوه‌ ده‌سه‌ڵاتیان پێدراوه‌و خه‌لیفه‌ ده‌سه‌ڵاتی ره‌های هه‌یه‌، مه‌ئمونیش هه‌ر له‌سه‌ر ئه‌م بنه‌مایه‌ هه‌نگاوینا‌وه‌و پرۆژه‌كه‌ی داڕشتووه‌؛ چونكه‌ مه‌ئمون له‌سیاسه‌تی عه‌بباسچێتی دوورنه‌كه‌وته‌وه‌، واته‌ كه‌سی باڵاو لوتكه‌ی ده‌سه‌ڵات هه‌ر له‌ده‌ستی عه‌بباسیدا مایه‌وه‌.

ئه‌گه‌ر شیعه‌بوونی مه‌ئمون پاڵنه‌ربوایه‌، ئه‌وا به‌گوێره‌ی بنه‌ماكانی شیعه‌ ناكرێت ئیمامێك جێنشین بێت و شوێنكه‌وته‌یه‌كی یان شیعه‌یه‌ك خه‌لیفه‌و فه‌رمانڕه‌واو به‌رپرسی راسته‌وخۆی ئیمام بێت؛ به‌ڵكو مه‌ئمون له‌چوارچێوه‌ی په‌یوه‌ندی خزمایه‌تی و ئه‌ده‌بیاتی موعته‌زیله‌دا هاوسۆزی عه‌له‌وی و شیعه‌كان بووه‌، نه‌ك پاڵنه‌ری شیعه‌بوون، بۆیه‌ نه‌ك له‌ هه‌موو ئه‌و عه‌له‌وییانه‌ خۆشبوو كه‌ له‌ساڵی (200ك/816ز)دا له‌دژی راپه‌ڕین، وه‌ك (محمد بن جعفر بن محمد، علي بن محمد بن جعفر، العباس بن محمد بن عيسى بن محمد بن علي بن عبد الله بن جعفر بن أبي طالب، زيد بن موسى بن جعفر)، ته‌نانه‌ت له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی (محمد بن جعفر بن محمد 204ك/819ز) له‌ مه‌ككه‌ خۆی به‌ خه‌لیفه‌ راگه‌یاند، به‌ڵام دوای ده‌ستگیركردنی نزیكه‌ی سی هه‌زار دینار قه‌رزی بۆدایه‌وه‌، كه‌ مردیش خۆی نوێژی له‌سه‌ركردو به‌ پێی په‌تی به‌دوای ته‌رمه‌كه‌یدا رۆیشتووه‌و بۆماوه‌یه‌كی زۆر له‌سه‌رشانی هه‌ڵیگرتووه‌و به‌گۆڕسپاردن و داپۆشین و كوتانه‌وه‌ی گۆڕه‌كه‌ی ئه‌نجامداوه‌و وتوویه‌تی:"ئه‌م په‌یوه‌ندی و مافی خزمایه‌تییه‌ نزیكه‌ی دوو سه‌د ساڵه‌ پچڕاوه‌"(أبو الفرج الأصبهاني، 1965: 438؛ سبط ابن الجوزي، 2013: 383/13)؛ ئه‌مه‌ش هۆكاری به‌رده‌وامبوونیه‌تی له‌دوای عه‌لی ره‌زاش له‌سه‌ر ئه‌م ئاڕاسته‌یه‌و ده‌سته‌به‌ركردنی مافی عه‌له‌وییه‌كان و له‌پێشترداناني عه‌لی له‌ ئه‌بوبه‌كرو عومه‌رو عوسمان (الدواداري، 1992: 178/5)؛ واته‌ له‌ بازنه‌ی پرس و بۆچوونه‌كانی موعته‌زیله‌دا هه‌نگاوینا‌وه‌و مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵ پرسه‌ سیاسییه‌كاندا كردووه‌؛ وه‌ك ده‌وترێت وه‌ك چاره‌سه‌رێكی نێوه‌ند بۆ رازیكردنی عه‌له‌وی و مه‌والییه‌كان، بیروبۆچوونه‌كانی موعته‌زیله‌ی به‌كارهێناوه‌ (م. ركايا، 1998: 8917/28)؛ كه‌ (يحيى بن المبارك اليزيدي 202ك/817ز)ی موعته‌زیلی په‌روه‌رده‌كاری مه‌ئمون بووه‌ (ياقوت الحموي، 1993: 2827/6)، (أبا الهذيل محمد بن الهذيل العلاف)یش مامۆستاو ئاڕاسته‌كاری بووه‌ بۆ ئه‌نجامدانی كۆڕی مشتومڕه‌ زانستی و ئایینی و ئایینزاییه‌كان (أبو حنيفة الدينوري، 1960: 401؛ ابن النجار، 1417هـ: 147/19)؛ ئاماژه‌و به‌ڵگه‌ی گرنگتریش ئه‌وه‌یه‌ دوو له‌ كه‌سایه‌تی و زانای موعته‌زیله‌ی وه‌ك (ثمامة بن أشرس[13]، بشر بن المعتمر[14]) له‌ گه‌واهیده‌رانی په‌یماننامه‌ی جێنشینییه‌كه‌ن بۆ عه‌لی ره‌زا (ابن شهر آشوب، 1956: 473/3-474؛ ابن أبي الفتح الإربلي، 1985: 129/3)؛ ئه‌مه‌ش به‌ڵگه‌ی ئه‌وه‌یه‌ موعته‌زیله‌كان رۆڵیان هه‌بووه‌و هانده‌ربوون (فاروق عمر، 1977: 133).

به‌مجۆره‌ باوه‌ڕبوونی به‌ بۆچوونه‌كانی موعته‌زیله‌و لێهاتوویی خۆی له‌ ده‌سه‌ڵاتداریدا، كاریگه‌ریی به‌سه‌ر بیركردنه‌وه‌كانییه‌وه‌ هه‌بووه‌و له‌خه‌لیفه‌كانی پێش خۆی جیاوازتر بووه‌و پێچه‌وانه‌ی زۆربه‌ی خه‌لیفه‌كانی پێش خۆی، كوڕی خۆی نه‌كرد به‌جێنشین؛ وه‌ك له‌ ده‌قی په‌یماننامه‌ی به‌جێنشینكردنی عه‌لی ره‌زاشدا هاتووه‌ كه‌ ئه‌میری باوه‌ڕداران (مه‌ئمون) شوێن حه‌زو ویستی مرۆیی خۆی نه‌كه‌وتووه‌، گوێڕایه‌ڵی فه‌رمانی خوداو دواڕۆژی خۆی و به‌رژه‌وه‌ندی مسوڵمانانی پێش خۆشه‌ویستی كوڕو كه‌سه‌كانی دیكه‌ی خستووه‌ (ابن الجوزي، 1992: 97/10؛ ابن الصباغ، 1422هـ: 2/ 1010). دوای مردنی عه‌لی ره‌زاش وتوویه‌تی ئه‌گه‌ر به‌یعه‌تدانه‌كه‌م به‌ خۆشه‌ویستی بوایه‌، ئه‌وا عه‌بباسی كوڕم و سه‌رجه‌م كوڕه‌كانی دیكه‌م له‌دڵمدا خۆشه‌ویسترو له‌چاومدا جوانترن، به‌ڵام من شتێكم ویست و خوداش شتێكی دیكه‌ی ویست، ویستی منیش پێش ویستی خودا ناكه‌وێت (ابن طاووس، 1399ش: 279).

13-(ثمامة بن أشرس النميري 213ك/828ز) خه‌ڵكی به‌سره‌ بوو، له‌ زاناو سه‌رانی موعته‌زیله‌ بوو، بانگه‌شه‌ی دروستكراوێتی قورئانی كردووه‌، كه‌سێكی نزیكبوو له‌ خه‌لیفه‌ هارونه‌ ره‌شید، هه‌روه‌ها خاوه‌ن رێزو پێگه‌و پله‌یه‌كی تایبه‌ت بوو له‌لای خه‌لیفه‌ مه‌ئمون، ویستی وه‌زاره‌تی پێبسپێرێت، به‌ڵام ئه‌و ره‌تیكرده‌وه‌، له‌ تۆڵه‌ی خوێنی (أبي أحمد الخزاعي) له‌ مه‌ككه‌ له‌لایه‌ن (بنو خزاعة)وه‌ كوژرا، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانه‌:( ابن الجوزي، 1992: 7/ 155-158؛ الذهبي، 2006: 338/8-339).

14- (أَبُو سَهْلٍ بشر بن المعتمر البَغْدَادِيّ 210ك/ 825ز) شاعیرو زانای موعته‌زیله‌كان بووه‌، خاوه‌نی چه‌ندین دانراوه‌، له‌وانه‌ (كِتَابُ تَأْوِيْلِ المُتَشَابِه، كِتَابُ الرَّدِّ عَلَى الجُهَّالِ، كِتَابُ العَدْلِ). بڕوانه‌:(الذهبي، 2006: 337/8).

دواجاریش لەکاتێکدا مەئمون نۆزدە کوڕو نۆکچی هەبووە (الطبري، 1387هـ: 645/8-646؛ سبط ابن الجوزي، 2013: 225/14)؛ عەبباسی کوڕیشی کەسێکی پێگەیشتووبوو، بەڵام موعتەصەمی برای کرد بەجێنشینی خۆی و لەساڵی (218ك/833ز)دا نامەی بۆ کاربەدەستی هەرێمەکان نووسی، دەشوترێت نامەکەی تەنها بۆ عەبباسی کوڕی و (عبد الله بن طاهر) نووسیوە کە خەلیفەی دوای خۆی (أبو إسحاق ابن الرشيد) موعتەصەمە (الطبري، 1387هـ: 645/8؛ ابن مسكويه، 2000: 168/4-169؛ ابن الاثير، 1997: 577/5).

**2-3 زانایی و سروشتی کەسایەتی مەئمون:**

مەئمون کەسێکی زانابووەو لە سەرچاوەکاندا ستایشێکی زۆرکراوە، بەیەکێك لە باشترین کەسانی عەبباسی و زاناو داناو شارەزای زانستەکانی سەردەمی خۆی و بە سوارچاك و ئەستێرەی عەبباسییەکان لە زانست و حیکمەتدا، ناوبراوە (أبو حنيفة الدينوري، 1960: 401؛ ابن أعثم، 1411هـ: 434/8-435). بەهۆی زانست و دەسەڵاتەکەیەوە، بیروبۆچوونەکانی خۆی سەپاندووەو بە سیاسەت و بە تۆپزیی ویستوویەتی هەموو کۆمەڵگە بکاتە شوێنکەوتەی بۆچوونەکانی خۆی، هەروەها بەچاوێکی کەم و نزمەوە سەیری بۆچوونە جیاوازەکانی دیکەی کردووە (ابن طيفور، 2002: 181-185؛ الطبري، 1387هـ: 631/8-634؛ محمد عثمان، 2009: 91-92). کارو بڕیارەکانی ئەوەیان لێ دەخوێندرێتەوە کە زۆر بەرزتر لە بازنەی دەسەڵاتی خەلیفەو هەستی رابەریی و سەرۆکی موعتەزیلە خۆی ئەژمارکردووەو مامەڵەیکردووەو خۆی بە ئیمامی هەموو مسوڵمانان داناوە، واتە مافی ئاراستەکاری لایەنی ئایینی بەخۆی داوەو خۆی وابینیوە. ریشەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێش بوونی بەخەلیفە، کاتێك ساڵی (183ك/799ز)دا باوکی بەیعەتی جێنشینی بۆوەرگرت، لەلایەن (سلم بن عمرو الخاسر)ی شاعیرەوە بە کۆمەڵێك نازناوو سیفاتی ئایینی وەك (پێشەوای رێنمایی، زانای بۆچوون رەتنەکراوە، تەواوکەری پرشنگی باڵا و دانا و زانا)و باشترینی عەبباسی و هاوشێوەی (ابو جعفر المنصور) ناوبرد (الطبري، 1387هـ: 276/8-277)؛ ئیبراهیمی مامیشی بەخشی، کاتێك بە هۆنراوەیەك داوای بەخشینی لێکردو بە ئیمامی حەوتەم ناویبرد کە خودا لە پشتی ئادەم و نەوەکانیدا خیلافەتی پێداوە (الطبري، 1387هـ: 604/8-606)؛ بەم هۆکارو پاڵنەرە بەکارهێنانی نازناوی ئەمیری بڕواداران و ئیمام، لەنێو کاربەدەست و بەرپرس و دەستوپێوەندەکانیدا، باوبووە نەك خەلیفە (ابن طيفور، 2002: 100، 112-113، 125-126، 168؛ الطبري، 1387هـ: 663/8).

لێرەوە دەتوانین بڵێین مەئمون پرۆژەو بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبووە، بۆیە هەوڵی سەپاندنی بۆچوونەکانی داوەو کاریکردووە بۆ ملکەچکردنی عەبباسییەکان و سەرکردە و بەرپرس و زانایان بۆ بۆچوونەکانی، شانبەشانی ئەوە کاریکردووە بۆئەوەی عەلەوییەکانیش خۆویستانە پابەندبن؛ ئەمەش لەچوارچێوەی کارکردنیدا بووە بۆ سەلماندن و چەسپاندنی رەهایی دەسەڵاتی خۆی، وەك دەوترێت ئەگەر بە بازدانیش بوویێت بەسەر شەرع و فیقهداو بەزۆر ملکەچپێکردنی فەقیە و زاناکانیش بوویێت (محمد عثمان، 2009: 93). سەپاندنی باوەڕبوون بە دروستکراوێتی قورئانیش بۆ ناچارکردنی ئەوانەبووە کە خۆیان بە ئەهلی سوننە ناساندووەو وتوویەتی ئەوانە خۆیان بە ئەهلی حەق و جەماعەت دەردەخەن و ئەوەی لەوان نەبێت لەسەر پووچ و بێباوەڕە...مەئموون لە فەرمانەکەیدا بۆ (إسحاق بن إبراهيم الخزاعي) جێگری لە بەغداد، تا پرسی دروستکراوێتی قورئان بسەپێنێت و قازی و کاربەدەستەکان تاقیبکاتەوە، بەناشیرترین شێوە ناویبردوون، وەك (بە کۆگای نەفامی، سەرقافڵەی درۆ، زمانی ئیبلیس، درۆزن و درۆکار بەدەم خوداوە) شوێنکەوتەکانیشیان بە درۆزن ونەفام، خەڵکە زۆرینەکەش بە گێل و گەمژە باسدەکات؛ خۆیشی بە خەلیفەی دانراو لەلایەن خوداو ئەمینداری لەسەر بەندەکانی و هەڵبژاردەی خودا بۆ بەرپاکردنی ئایینەکەی و میراتگری پێغەمبەر لە پەیامەکەیدا، بەهۆی ئەو زانست و زانایارییەی کە پێیداون بۆ خەڵکە گشتییەکە – نەفامەکە- پرسەکانیان بۆ روونبکەنەوەو رێنماییان بکەن (ابن طيفور، 2002: 181-185؛ الطبري، 1387هـ: 631/8-634؛ محمد عثمان، 2009: 91-92).

وەك دەردەکەوێت دانانی عەلی رەزا بەجێنشین لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی تایبەتدا، کە کرۆك و بنەماکەی بریتیبووە لەوەی لە ئاکامی نزیکی و تەبایی موعتەزیلەو شیعەداو لەچوارچێوەی پەیوەندی خوێنی عەبباسی و عەلەویدا[15]، لەژێر دروشمی رازیبوون لە خانەوادەی موحەممەد (د.خ)دا، بەپێشەوایەتی خۆی و بەجێنشیایەتی (عەلەوییەکی میانڕەو) عەلی رەزا تێڕوانین و سستمێکی کۆکەرەوەی هەردوو بنەماڵەکە وەك یەك تیرەو بەرەباب و ئاراستەیەکی سیاسی ئایینی نوێ بهێنێتەئارا، بە نزیککردنەوەو تێهەڵکێشکرنی عەلەوی و عەبباسییەکان بتوانێت خیلافەت بەهێزتربکات و لەژێر هەژموونی فەزڵی وەزیردا بیهێنێتەدەر. پرۆژەکەشی بەدانانی عەلی رەزا دەستپێکرد، بەڵام مردنی عەلی رەزا بەشی تایبەت بە عەلەوییەکانی لە پرۆژەکەیدا وەستاندو هەڵوەشاندەوە،

15 - بۆ نزیکی موعتەزیلەو شیعە، بڕوانە:(فاروق عمر، 1977: 131-132).

بۆیە دەڵێت پاداشتمان دایەوەو ئیتر ئەوە دەبینن کە پێتانخۆشە (ابن أعثم، 1411هـ: 425/8)؛ لەم سۆنگەیەشەوە راسپاردەی بۆ موعتەصەمی برای ئەوەبوو لەگەڵ عەلەوییەکاندا باشبێت و لەتاوانبارو خراپەکاریان خۆشببێت؛ ئەم راسپاردەیەی مەئموون بوو، تا موعتەصەمیش هەمان راسپاردەی بۆ واسقی کوڕی هەبێت و داوای لێبکات لەگەڵ عەلەوییەکاندا باشبێت و لەتاوانبارو خراپەکاریان خۆشببێت، ساڵانە بەشە پێدانی خۆیان لەکاتی خۆیدا بۆ بنێرێت (الطبري، 1387هـ: 649/8-650؛ ابن الاثير، 1997: 578/5؛ سبط ابن الجوزي، 2013: 223/14). واتە لەچوارچێوەی پرۆژەکەیدا نەبووبێت، مەئمون بواری بە شیعەبوون و لایەنگربوونی بەرپرس و کاربەدەستەکانی بۆ عەلەوییەکانی لەدەرەوەی ئاراستەو سێبەری رابەرایەتی خۆیدا نەداوەو لەکاتی بوونی بچوکترین گومان و دەنگۆ لەسەریان، لێپێچینەوەی لەگەڵدا کردوون، بۆنموونە لەساڵی (211ك/826ز)دا (عبد الله بن طاهر)ی کاربەدەستی میسرو شامی تاقیکردۆتەوە کاتێك وتراوە مەیلی بەلای عەلەوییەکانەوەیە (الطبري، 1387هـ: 615/8-616. ابن أعثم، 1411هـ: 422/8). سیاسەتی ئاینیشی تێهەڵکێشکردنێك بووە لەنێوان بنەماکانی موعتەزیلەو بۆچوونەکانی شیعەدا، چونکە هەر لەوساڵەدا لەگەڵ راگەیاندنی دروستکراوێتی قورئاندا، لەپێشتربوون و باشتربوونی عەلی لە ئەبوبەکرو عومەرو هەموو هاوەڵانی پێغەمبەر راگەیاند، هەروەها جاڕی ئەوەیدا هەرکەسێك بە باشە باسی معاویە بکات یان بەباشتری دابنێت لە یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر، ئەوە خوێنی خۆی حەڵاڵکردووە (الطبري، 1387هـ: 618/8-619؛ ابن أعثم، 1411هـ: 422/8؛ ابن مسكويە، 2000: 164/4-165؛ ابن الجوزي، 1992: 235/10)؛ لێپێچینەوەشی کردووە لە زانایانەی کە بەنەرێنی باسیانکردووە (ابن أبي الحديد، 1959: 100/16)، هەروەها زەوی (فدك)ی گێڕایەوە بۆ نەوەکانی فاتمەی کچی پێغەمبەر (البلاذري، 1988: 42؛ اليعقوبي، د.س: 469/2). هاوکات سەپاندنی پرسی دروستکراوێتی قورئانی کردە پرسێکی تایبەت لە سیاسەتی خۆیدا، بەڵام بەهۆی ملنەدانی خەڵك بۆ دروستکراوێتی قورئان و بەباشتردانانی عەلی لە هاوەڵانی دیکەی پێغەمبەر، تاساڵی (218ك/833ز) نەیسەپاندو دەستینەکرد بەتاقیکردنەوەی بەرپرس و زاناو قازییەکان (اليعقوبي،د.س: 467/2-468)، دواتریش سەپاندنەکە گەیشتە ئاستی کوشتن و خۆشاردنەوەوی زاناو فەقیهەکان و نەچوونیان بۆ مزگەوت و مانەوەیان لە ماڵەکانی خۆیاندا (الدواداري، 1992: 194/5).

**3-3 پەیوەندی و هەڵوێستی مەئمون و عەلی رەزا بەرامبەر بە یەکدی:**

چەندین هەنگاوو کاروکردەوەی مەئمون و عەلی رەزا ئاماژەو بەڵگەن بۆ ئەوەی سەرجەم ئەو لێکدانەوانەی لە تەوەری دووەمدا باسکراون، لێکدانەوەی لاوازن و بابەتەکەیان نەپێکاوە، چونکە زۆردووره مەئمون لە پرسێکی وا گەورەو مەترسیداردا مەبەست و ئامانجی لاوەکی و بچوکی هەبووبێت. هەنگاوو رێکارەکانی مەئمون و مامەڵەو هەڵوێستی عەلی رەزاو مەئمون بەرامبەر بەیەکدی، ئاماژەن بۆ بوونی بەرنامەیەکی فراوانترو گەورەتری رانەگەیەندراو، چونکە ئەگەر بەجێنشینکردنی عەلی رەزا هەنگاوێکی سیاسی دامالراو لە بەرنامەیەکی گەورەبووبێت، ئەوا دەکرا بەشێوەیەکی سادە کارەکە ئەنجامبدرایەو کۆمەڵێك هەنگاو کە بە نەرێنی بەسەر مەئمون و دەوڵەتدا شکانەوە، ئەنجامی نەدانایە، کە هەندێك لەو رێکارو هەنگاوانە زۆر نامۆبوون و چەندین خەلیفەی ئومەوی و عەبباسی ئەگەرچی کوڕو برای خۆیشیان کردووە بەجێنشین، بەڵام ئەو هەنگاوو رێکارانەیان نەگرتۆتەبەر.

لە رێکارەکانی خەلیفە مەئمون، سەرەڕای بەکاربردنی پارەیەکی زۆر بۆ رازیکردنی عەبباسی کوڕی و سەرکردەو خزمەکانی (الشيخ الصدوق، 1984: 161/1؛ الفتال النيسابوري، د.س: 225)؛ بریتیبوو لە بەندکردنی ئەو بەرپرس و سەرکردانەی لە خۆراسان بوون و ناڕازیبوون بە دانانی رەزا، کە بەهۆی بەردەوامبوونیان لە دژایەتیان بۆ کارەکە، دواتر کوشتنی (الشيخ الصدوق، 1984: 165/1، 161، 171-172؛ ابن شهر آشوب، 1956: 457/3)؛ هەروەها لادانی رەنگی رەشی فەرمی عەبباسیەکان و گۆڕینی بۆ رەنگی سەوز (ابن خياط، 1397هـ: 470)، فەرمانەکەشی (پۆشینی سەوز لەجیاتی رەش)و وتاردان بەناوی عەلی رەزاوە بۆ هەموو هەرێمەکان نارد (الطبري، 1387هـ: 554/8؛ أبو الفرج الأصبهاني، 1965: 456؛ الشيخ المفيد، 1993: 262/2)؛ تەنانەت دەوترێت مەئمون لە وتاری بەیعەتدانەکەدا ناوی باوانی عەلی رەزای تا (علي بن ابي طالب) بردووەو سوێندی خواردووە:"ئەم ناوانە بەسەر کەڕو لاڵدا بخوێندرێتەوە بە مۆڵەتی خودا چاکدەبێتەوە" الشيخ الصدوق، 1984: 158/1)؛ سەرەڕای ئەم کارو هەنگاوانە لەسەر سکە ناوی نەخشاندو درهەمی بەناوەوە لێدا (الشيخ الصدوق، 1984: 159/1؛ أبو الفرج الأصبهاني، 1965: 456؛ الشيخ المفيد، 1993: 263/2؛ ابن خلكان، 1900: 269/3)، کە لای شیعە بە درهەمی (الرضوية) ناوبراوە (الخصيبي، 1991: 280)؛ ئەمەش بە بەکرداکردنی جێنشینییەکە دادەنرێت (حسن الأمين، 1995: 134). لەلایەکی دیکەوە شاعیرو وتاربێژان لە ئاهەنگی بەیعەتدانەکەدا ئامادەبوون (الشيخ المفيد، 1993: 263/2؛ الفتال النيسابوري، د.س: 226-227)، مەئمون خەڵاتی گەورەی بەخشیوە بەو شاعیرانەی ستایشی عەلی رەزا یان ئەهلولبەیتیان کردووە، دەوترێت دەمی (عبد الله بن مطرف بن هامان)ی پڕکردووە لە گەوهەر (الشيخ الصدوق،

1984: 155/1)؛ (دعبل بن علي الخزاعي 246ك/860ز) هۆنراوەی (مدارس آيات خلت من تلاوة)ی بەسەر عەلی رەزادا وتووە، مەئمون پەنجا هەزار درهەم خەڵاتی پێداوە (كمال الدين الشافعي، د.س: 458).

لەگێڕانەوەكانی شیعەدا، ئەگەرچی زۆریان لەچوارچێوەی پەڕجوویيدا هاتوون و جێگەی سەرنجن، بەڵام ئاماژەن بۆ ئەوەی عەلی رەزا لەماوەی جێنشینییەكەیشیدا پێگەیەكی باڵای لەلای مەئمون هەبووە، ساڵی بەیعەتدانەكە وشكەساڵی بووەو برسێتی تەنگی بە خەڵكی خۆراسان و رەی و ئەسفەهان هەڵچنیوە (الطبري، 1387هـ: 556/8؛ ابن الجوزي، 1992: 100/10)؛ لەلایەن نەیارانییەوە وشكەساڵییەكە بە شومی عەلی رەزا دانراوە، مەئمون نیگەرانبووەو داوای لێكردووە لەخودا بپاڕێتەوە، ئەویش نوێژەبارانەی كردووەو پاڕاوەتەوە كە دوای گەیشتنەوەی خەڵكەكە بە ماڵەكانیان ببارێت، بۆیە تا دە هەور هاتووەو خەڵك ترساون تەڕببن، ئەو وتوویەتی ئەو هەورە بۆ ئێوە نییەو بۆ فڵان شوێن (الشيخ الصدوق، 1984: 179/1-180؛ الطبري (الشيعي)، 1413هـ: 376-378؛ ابن حمزة الطوسي، 1412هـ: 467؛ قطب الراوندي، 1409هـ: 658/2)؛ بەگوێرەی گێڕانەوەكانی شیعە، عەلی رەزا ویستوویەتی لەبەر مەئمون دا هەڵبستێت، بەڵام ئەو سوێندیخواردووە كە نابێت لەبەریدا هەڵبستێت، پاشان ناوچەوانی عەلی رەزای ماچكردووەو لەبەردەمیدا دانیشتووە (الشيخ الصدوق، 1984: 170/1؛ ابن شهر آشوب، 1956: 456/3)؛ تەنانەت شوێنی كڕنووشبردنی عەلی رەزای ماچكردووە، باوەڕی وابووە عەلی رەزاو باوانی ئاگاداربوون و دەبن لە داهاتوودا چیدەبێت و چینابێت تا رۆژی دوایی، هەواڵی پێداوە كە مناڵیكی بەو سیفەتانە دەبێت، مۆرە ئەڵقەییەكەی لە پەنجەی داكەندووەو كردوویەتییە پەنجەی عەلی رەزا،...(ابن حمزة الطوسي، 1412هـ: 487-488؛ ابن شهر آشوب، 1956: 446/3)؛ لە كاتی بەستنی دانیشتنەكانی دیوانی لێپێچینەوە لە ستەمكارییەكانیشدا، رەزای لەتەنیشتی خۆیەوە داناوە (ابن شهر آشوب، 1956: 477/3)؛ لەسەر داوای ئەویش لەچەندین كەس خۆشبووەو (ابن أبي الفتح الإربلي، 1985: 100/3)، بە زاناترین كەسی هاشمی ناساندوویەتی (الشيخ الصدوق، 1984: 168/2-169). چەندینجار فەرمانیكردووە (پەڕاو، وتار، وتە)ی عەلی رەزا بە ئاوی زێڕ بنووسرێت (المجلسي، 1983: 306/59، 356؛ محسن الأمين، 1983: 26/2) دواجاریش وەك پیرۆزیی لەتەنیشت باوكییەوە بەخاكی سپارد (الشيخ الصدوق، 1984: 269/1).

**1-3-3 هەڵوێستی عەلی رەزا بەرامبەر بەدەسەڵاتی مەئمون:**

عەلی رەزا نەك هیچ مەترسییەكی بۆسەر دەسەڵاتی مەئمون نەبوو، بەڵكو دژی هەڵگڕانەوە بووە لەدەسەڵاتی عەبباسییەكان و مەئمون، تەنانەت پەیوەندی لەگەڵ والی مەدینەدا ئەوەندە بەهێزبووە بۆ پێشوازیكردنی چووەتە سەرڕێگەی (الكليني، 1363ش: 488/1؛ ابن حمزة الطوسي، 1412هـ: 474)؛ نوێژی لەگەڵدا كردووەو ئەویش لەكاروباری دەوڵەتدا راوێژی پێكردووە (قطب الراوندي، 1409هـ: 342/1)؛ كاتێكیش مەئمون زەیدی برای (زەیدی ئاگر) بەخشی، عەلی رەزا سەرزەنشتی زۆری كردو پێیوت:"سبەینێ چی بە پێغەمبەری خودا دەڵێیت كە خوێنت رشت و خەڵكت ترساندو سامانت بەناهەق وەرگرت و هەڵگرت؟ گێلی و نەفامی خەڵكی كوفە لەخشتەی بردیت..." (سبط ابن الجوزي، 2013: 389/13).

هاوشێوەی مەئمون، عەلی رەزا رێزێكی زۆری بۆ خەلیفە هەبووە، لە وتاری بەیعەت پێدانەكەیدا وتوویەتی خودا ئەمیری بڕواداران سەركەوتوو بكات بۆ كاری باشە، مافی ئێمەی زانیوە، كە كەسانی دیكە فەرامۆشیان كردووە، پەیوەندی خزمایەتی بەجێگەیاند كە پچڕابوو، كۆمەڵێك خودی دڵنیاكردەوە كە ترسێنرابوون، بەڵكو زیندوویكردنەوە، بۆخودا كردوویەتی و تەنها پاداشتی ئەوی دەوێت؛ لەگەڵ خەلیفەدا دۆستایەتیان بەهێزبووەو بە ئەمیری بڕواداران ناویبردووە (الشيخ الصدوق، 1984: 157/1-158)؛ هەر بەگوێرەی گێڕەرەوە شیعەكان عەلی رەزا سێ نامیلكە یان پەڕاوی بۆ مەئمون نووسیوە، یەكیان دەربارەی نۆژداری و گژوگیای پزیشكی و خۆراكە، بەهۆی ئەوەی مەئمون فەرمانیكردووە بە ئاوی زێڕ بنووسرێت، بە پەیامی ئاڵتوونی (الرسالة الذهبية) یان (الرسالة المذهبة) ناسراوە[16]؛ یەكیشیان دەربارەی كرۆكی ئیسلام و رێساكانی ئایینە بەناوی (أصول الدين)و (واجب الاعتقاد) ناوبراوە (آقا بزرگ الطهراني، 1983: 7/11، 4/25)؛ سێیەمیشیان بەناوی كۆكراوەی شەریعەتە (محض الاسلام وشرائع الدين) دەربارەی حەڵاڵ و حەرام و ئەركە ئاینییەكان و سوننەتە (الشيخ الصدوق، 1984: 129/1؛ المجلسي، 1983: 306/59؛ محسن الأمين، 1983: 26/2). عەلی رەزا لە پەڕاوی چارەسەرە سروشتییەكەیدا، بیستویەك جار نازناوی ئەمیری بڕوادارانی بۆ مەئمون بەكارهێناوە (المجلسي، 1983: 309/59-327). دەوترێت رۆژێك مەئمون پرسیاری لێكردووە ئایا عەلەوییەكان لەبارەی (العباس بن عبد المطلب)ی باپیرمانەوە چیدەڵێن؟ ئەویش وتوویەتی:"چی دەڵێن دەربارەی پیاوێك كە خودا گوێڕایەڵبوونی نەوەكانی لەسەر

16- الشيخ الصدوق، 1984: 129/1؛ المجلسي، 1983: 306/59، 356؛ محسن الأمين، 1983: 26/2. هەرچەندە پەرتوكەكە دەیەها چەندین راڤەو شیكردنەوەی بۆ كراوە، یەكێكە لە بابەتە بڵاوو ناسراوەكانە لای شیعەی ئیمامی (بڕوانە: آقا بزرگ الطهراني، 1983: 364/13)؛ بەڵام ساغكردنەوەی بۆ نەكراوە تا بزانرێت لەنووسینی عەلی رەزایە، یان نا؟.

خەڵك پێویستکردووە، گوێڕایەڵیکردنی ئەویشی لەسەر نەوەکانی پێویستکردووە"، یەك ملیۆن درهەمی پێداوە (ابن خلكان، 1900: 271/3؛ الذهبي، 2006: 117/8).

عەلی رەزا بەکردار جێنشین بووەو لای سەرکردەو و کاربەدەست و پیاوانی دەوڵەت و خەڵکی گشتی، دیوەخانەکەی جمەی هاتووە لە میوان و سەردانیکارانی، دەوترێت کەسانی سەرکردەو جەنگاوەرو عەرەب لە دەرگاکەیدا ریزیانگرتووە بۆ چوونەژوورەوە (حسين بن عبدالوهاب، 1369هـ: 99). مەئمون داوای لێکردووە وتاری هەینی بۆ بنووسێت (إبن حاتم العاملي، د.س: 691- 692)؛ هەروەها هەندێك کەسی باوەڕپێکراو پێشنیار بکات تایبکەن بەکاربەدەستی ئەو ناوچانەی ئاژاوەیان تێدایە[17]. دوای ئەزموونی ساڵێك بەسەر ئەم پەیوەندییە پتەوەدا، مەئمون دوو کچی خۆی بەناوی (ام حبيب) لە عەلی رەزا و (ام الفضل) لە موحەممەدی کوڕی عەلی رەزا مارەکرد (الطبري، 1387هـ: 566/8؛ الشيخ الصدوق، 1984: 159/1، 274؛ ابن مسكويه، 2000: 141/4؛ الشيخ الطبرسي، 1417هـ: 85/2-86)؛ هەرچەندە لەگێڕانەوەکاندا ئاماژە بەکاتی جیاواز دەکرێت، بەڵام هاوسەرگیرییەکە راستەوخۆ دوای جێنشینییەکەی نەبووە، دەوترێت لەسەرەتای ساڵی (202ك/816ز)دا کچەکەی پێداوە (اليعقوبي، د.س: 448/2؛ الشيخ الصدوق، 1984: 274/1؛ ابن أبي الفتح الإربلي، 1985: 123/3)؛ بەگوێرەی گێڕانەوەی دیکە دەوترێت پێش کاتی بەڕێکەوتن بەرەو بەغداد بووە، واتە ساڵی (203ك/818ز) (ابن الصباغ، 1422هـ: 2/ 1017)؛ ئەگەری ئەمەش دروستترە، چونکە بەهۆی کەمی ماوەی هاوسەرگیرییەکەوە، باسوخواسی هاوسەرەکەی لەئارادا نەماوە.

ئەم رەفتارو رێکارانە، ئەگەر بەشێکیشیان هەڵبەستراوو دروستکراوبن، یان لەلایەن گێڕەرەوەکانەوە زێدەڕۆییان تێداکرابێت، ئەوا ئاماژەن بۆ ئەوەی عەلی رەزا جێنشینێکی بایەخپێدراوو گرنگ و خاوەن رێزی تایبەت بووە لەلای مەئمون؛ بۆیە جێنشینبوونەکەشی بە پەیمانێکی تایبەت نووسیوە، وەك وتراوە رێزی زۆری لێگرت و پەیمانێکی بەهێزی پێدا (ابن أعثم، 1411هـ: 424/8)؛ لەکاتێکدا جێنشینییەکە ئەگەر ئامانجێکی سیاسی کورت مەودای هەبوایەو بۆ کاتیی بوایە، پێویستی بەمەنەدەکرد، بۆیە دەکرێت ئەمە بە ئاماژەیەکی بەهێز دابنرێت بۆئەوەی مەئمون بەکردار ویستوویەتی گۆڕانکارییەك بەسەر سستمی دەسەڵاتدا بهێنێت.

### 4-3 هەماهەنگی مەئمون و عەلی رەزا بۆ کەمکردنەوەی هەژموون و پێگەی فەزڵی وەزیر:

دەوترێت لای مەئمون فەزڵ تاوانبارترین کەس بووەو بەهۆکاری هەموو کێشەکانی خۆی و ئەمینی زانیوە (ابن أعثم، 1411هـ: 419/8)؛ بۆیە ئەگەر هەیە یەکێك لە پاڵنەرەکان هەوڵدانبووە بۆ دۆزینەوەی کەسێك تا رێگریی لە فەزڵ بکات و هەژموونی بەسەر دەوڵەتدا کەمبکاتەوە، مەئمون ئەوەی بۆ دەرکەوتبێت کە خۆدەرخستنی بەرپرسە ئێرانییەکانی وەك بەرامکەو فەزڵ بە لایەنگربوون و خۆشویستنی عەلەوییەکان، تەنها هەنگاوێکی سیاسی بووە، بۆیە بەهێنانی کەسێکی عەلەوی وەك عەلی رەزا ئەم دەرچەیەی لە فەزڵ گرت؛ رووداوەکانی ماوەی جێنشینێتی عەلی رەزاش ئاماژەدەرن بۆ ئەوەی کە مەئمون بە عەلی رەزا بەهێزبووە بەرامبەر بە فەزڵ (الشيخ الصدوق، 1984: 171/1). بێگومان جۆری پەیوەندی نێوان عەلی رەزاو فەزڵ لەلایەك وەڵامی زۆربەی لێکدانەوەکانی کە لەتەوەری دووەمدا خرانەڕوو دەداتەوە، لەلایەکی دیکەوە ئەو ئەگەرە روونکەرەوەکانەوە کە ئایا لەنێوان مەئمون و عەلی رەزادا بەرنامەو رێککەوتنێکی نهێنی و رانەگەیەندراو هەبووە، یان نا؟

### 1-4-3 پەیوەندی نێوان عەلی رەزاو فەزڵی وەزیر:

پێش بوونی عەلی رەزا بەجێنشین، فەزڵ زۆربەی کاروبارەکانی لەدەستی خۆیدا کۆکردبووەوە، تەنانەت (هرثمة بن أعين) چوو بۆلای مەئمون تا ئەوەی پێڕابگەیەنێت کە (الفضل بن سهل) لەگەڵیدا راستگۆ نییەو دەستی بەسەر کاروبارەکاندا گرتووەو بەویستی خۆی بڕیاردەدات و ناهێڵێت هەواڵەکانی پێبگات، بەڵام پێش ئەوەی بگات بەخەلیفە، فەزڵ راپەڕینی ئەبو سەرایای دایە

---

17- الشيخ الصدوق، 1984: 177/1. لەگێڕانەوەی دیکەدا، بەهەمان زنجیرە گێڕەرەوە، گوایە مەئمون داوای نامەنووسینی لێکردووە بۆ هەندێك لەو کەسانەی گوێڕایەڵنی لەو ناوچانەی ئاژاوەیان تێکەوتووە؛ لە گێڕانەوەیەکی دیکەشیاندا وتوویەتی لەمر دەوروبەرەی کە لێت تێکداوین، ئەویش وتوویەتی ئەگەر تۆ وەفات بۆ من هەبوو، منیش وەفام بۆت هەیە، واتە پابەند بە بەڵێن و مەرجی دەستتوەرنەدان لەکاروباری دەوڵەت، لە مەدینە بووم نووسراوەکانم لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا جێبەجێدەکران. بڕوانە:(الكليني، 1363ش: 151/1؛ الشيخ الصدوق، 1984: 177/1). ئەگەر وەك ئەوەی هەمان ئەم سەرچاوانە جەختدەکەنەوە لەوەی عەلی رەزا بەهەرەشەی کوشتن جێنشینییەکەی وەرگرتووە؛ ئایا بەهەمان هەرەشەش ناچارنەکراوە لەگەڵ داواکانی خەلیفەدا هەماهەنگبێت؟.

پاڵ هەرسەمەو پێیوت هاتی بۆ خۆراسان سەرپێچیکردنی فەرمانی خەلیفەیە، بۆیە مەئمون سوکایەتی پێکردو خستییە بەندیخانە، لە بەندیخانەشدا بە پیلانی فەزڵ کوژرا (اليعقوبي، د.س: 2/449-450؛ ابن الاثير، 1997: 5/474-475). بەگوێرەی گێڕانەوەکان فەزڵ بەویست و بۆچوونی خۆی هەواڵەکانی گەیاندووە بە مەئمون؛ عەلی رەزاش هەوڵیداوە دۆخە راستەقینەکە بۆ مەئمون روونبکاتەوەو (الاسكافي، 1979: 201)؛ بووەتە رێگر لەبەردەم سیاسەتەکانی فەزڵدا، توێژەرێك هۆکارەکە دەگێڕێتەوە بۆ جیاوازی ئاڕاستەی بیرکردنەوەیان، فەزڵیش بە پیادەکاری سیاسەتی فارسی دادەنێت (عبدالعزيز الدوري، 2009: 213، 215-216)؛ پێدەچێت ئەمەش زیاتر هۆکاری ناکۆکی و تێڕوانینیان بوو بێت بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

لەگێڕانەوەکانی شیعەدا، پەیوەندی نێوان عەلی رەزاو فەزڵی وەزیر پەیوەندییەکی نەرێنی و دژبووە، دەوترێت فەزڵ رقی لێیبووەو دژایەتی کردووە، عەلی رەزاش لەدژی فەزڵ نامەی بۆ کاربەدەستەکان نووسیوە، ئەویش نووسراوەکەی بینیوە (الشيخ الصدوق، 1984: 1/165-168، 177)، هەروەها باسی خراپییەکانی فەزڵ و حەسەنی برای بۆ مەئمون کردووە (أبو الفرج الأصبهاني، 1965: 456). لەگێڕانەوە گشتییەکانیشدا هەمان پەیوەندی پشتڕاستکراوەتەوەو عەلی رەزا خۆی هەواڵی خراپی بارودۆخی بەغدادی گەیاندووە بە مەئمون، کە خزم و بنەماڵەکەی لێی نیگەران و تووڕەن و پێیدەڵێن جادووی لێکراوە؛ تەنانەت عەلی رەزا ئەوەشی پێوتووە کە لە بەیعەتدان بەمر و بوونی بەجێنشین نیگەران و ناڕازین؛ هاوکات دڵنیایکردۆتەوە لەوەی (الفضل بن سهل) هەواڵەکانی لێشاردۆتەوەو وەك خۆی نەیگەیاندووە پێی، بەڵکو بەگوێرەی ویست و بەرژەوەندی خۆی دایرشتوونەتەوەو پێیوتووە، لەوێنەی بەیعەتدانی خیلافەت بە ئیبراهیمی مامی؛ کەسانی دیکەی وەك (يحيى بن معاذ، عبد العزيز بن عمران، موسى و علي بن أبي سعيد/ خوشکەزای فەزڵ، خلف المصري)، لە ترسی فەزڵ نەیانوێراوە هەواڵەکانی پێبڵێن، دوای ئەوەی مەئموون بەڵێنی پاراستنی بەو سەرکردانە داوە، هەموویان قسەکەی عەلی رەزایان بۆ خەلیفە پشتڕاستکردۆتەوە، بەڵام دواتر لەلایەن فەزڵەوە قامچیکاری کراون و ریشیانی ڕنیوەتەوەو بەندیکردوون (الطبري، 1387هـ: 8/564-565؛ ابن مسكويه، 2000: 4/137-139؛ ابن الاثير، 1997: 5/500؛ سبط ابن الجوزي، 2013: 13/375)؛ عەلی رەزاش شکاندنی پەیمانی پاراستنەکەی لەلایەن فەزڵەوە بە مەئموون گەیاندووەو هانیداوە تا لە خۆراسان نەمێنێت و بگەڕێتەوە، بەپێچەوانەوە فەزڵ دژی ئەوەبووەو هەوڵیداوە خەلیفە پەشیمانبکاتەوە، بەمجۆرە پێش بەڕێکەوتن و گەڕانەوە بۆ بەغداد، ناکۆکی و رقەبەرایەتی لەنێوان عەلی رەزاو فەزڵدا هەبووە، دواجار فەزڵ ویستوویەتی ئەو لە خۆراسان بمێنێتەوە، بەڵام مەئمون و عەلی رەزا نامەی دڵنیاییان پێداوە[18]، بێگومان لەم دۆخەدا، ئەگەری سڵەمینەوەی فەزڵ لە گەڕانەوە بۆ بەغدادو دڵنیاکردنەوەی خەلیفەو جێنشین بۆی، پرسێکی چاوەڕوانکراوە، هاوکات ئاماژەیە بۆ یەك بەرنامەیی خەلیفەو جێنشین و کارکردنیان لەنێو چوارچێوەی یەك بەرنامەدا، وەك دواتر زیاتر روونده‌بێتەوە.

**2-4-3 کوژرانی (الفضل بن سهل):**

دوای بەڕێکەوتنی خەلیفە مەئمون بە هاوەڵێتی عەلی رەزاو فەزڵی وەزیر، بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوونی عەبباسییەکان لە بەغداد، کاتێك گەیشتنە سەرخەس، لە (2ی شەعبانی 202ك/817ز)دا (الفضل بن سهل)ی وەزیر، کوژرا (ابن خياط، 1397هـ: 471؛ ابن الجوزي، 1992: 10/110؛ سبط ابن الجوزي، 2013: 13/380)، بۆچوون و لێکدانەوەی جیاواز هەیە لەسەر بکوژانی، پەنجەی تۆمەت بۆ مەئمون راکێشراوەو گوایە بەپیلانی ئەو، غالبی خاڵی مەئموون کوشتوویەتی (ابن الاثير، 1997: 5/164؛ ابن خلكان، 1971: 4/42)، کە چەند کەسێکی دەستوپێوەندی خەلیفە، وەك (غالب المسعودي الأسود/ الشعوذى، قسطنطين الرومي، فرج الديلمي، موفق الصقلبي) بوون، کوشتوویانەو هەڵهاتوون، بەڵام مەئمون خەڵاتی دە هەزار دیناری دانا بۆ ئەو کەسەی دەستگیریان بکات، کاتێك دەستگیرکران، لەبەردەم مەئموندا هەریەکەیان شتێکی وتووە، هەیانبووە وتوویەتی (على بن أبى سعيد) خاڵۆزای فەزڵ فەرمانی پێکردووین، هەشیانبووە نکوڵی لەوەکردووەو وتوویەتی تۆ فەرمانت پێکردین بە کوشتنی؛ دواجار مەئمون

[18]- الشيخ الصدوق، 1984: 1/171-173. گێڕەرەوەکە لەلایەك لە کۆڕی رەزادا بووەو مەئمون هاتووە، لەلایەکی دیکە لای مەئمون بووەو فەزڵ هاتووە، بۆ بەیانیش لای مەئمون بووەو عەلی رەزا هاتووە. لە گێڕانەوەی دیکەدا گوایە مەئمون خەڵکی لە کۆڕو دانیشتنەکانی رەزا دەرکردووە، کە هەواڵپێدراوە، ئەویش نزایکردووە لەوەی سوکایەتی پێدەکات و شیعەکانی لە دەرگاکەی دووردەخاتەوە، بەمەش کۆیلەو کارگوزارو غوڵامەکان لە مەئمون یاخیبوون، ئیتر مەئمون زانیویەتی ئەمە بەهۆی نزای رەزاوە بووە، بۆیە هاتووە بۆلای و داوای ئامۆژگاری لێکردووە، ئەویش پێیوتووە بچێتەوە بۆ زێدی موهاجیرو ئەنصارو کاروباری مسوڵمانان نەداتە دەست ئەمر و ئەو، تا بەپێچەوانەی رێساکانی خوداوە بەڕێوەی ببات، گوایە مەئمون خۆی ئامادەکردووە بۆ رۆیشتن، فەزڵ هاتووەو پێیوتووە:"دوێنێ براکەتت کوشت، ئەمڕۆش رەزات کردووە بەجێنشین و خیلافەتت لەعەبباسییەکان دەرکرد، ئایا خەڵکی لێت رازیدەبن، لێرەش دۆست و دڵسۆزانی باوکت کە بەیعەتیان بە جێنشین نەداوە، وەك (علي بن عمران، ابن مؤنس، الجلودي) لە بەندیخانەدان، دوای ئەوە مەئمون کوشتنی، بەمەش فەزڵ نیگەرانبوو، مەئمونی لە رەزا هاندەداو بارودۆخی بۆ بەغداد دەنووسی، دواتر بڕیاری بەردەوامی وەزیری بۆ نووسی، بەڵام رەزا واژۆی نەکرد.

لەتۆڵەی فەزڵدا کوشتنی؛ پاشان کەوتە پرسوجۆکردن لەگەڵ (عبد العزيز بن عمران الطائ، موسى و علي بن أبي سعيد، خلف بن عمرو البصري/ المصري)، ئەوانیش رەتیانکردەوە ئاگایان لە کوشتنەکە بووبێت، بەڵام خەلیفە باوەڕی پێنەکردن و کوشتنی و کەللەسەری ناردن بۆ (الحسن بن سهل) لە (واسط)و لەشوێنی فەزڵیش کردی بە وەزیر[19]. ئەگەری تێوەگلانی مەئمون، لە کوشتنی فەزڵدا زۆرەو کارەکە بە پیلانی ئەو دادەنرێت[20]، وەك هەندێك توێژەر دەڵێن، لەوانەیە بۆ رازیکردنی عەبباسییەکان و سەرکردەکان کوشتبێتی و کردبێتی بە قۆچی قوربانی (حمود عبدالمجيد، 2012: 112؛ موفق سالم، 2008: 192)؛ بەڵام تێوەگلانی خاڵی و دەستوپێوەندە نزیکەکانی و کوشتنەوەیان، ئەگەرەکە لاوازدەکات، چونکە ئەگەر مەئمون پیلانی کوشتنی دابنایە، دەیتوانی خەڵکی تایبەتی نهێنی خۆی رابسپێرێت، تا گومان بۆ ئەو نەبرێت؛ هاوکات ئەگەر مەئمون بەنیازبووبێت فەزڵ بکوژێت، ئەوا پێش بەرێککەوتنی بۆ بەغداد، (رجاء بن أبي الضحاك)ی ئامۆزای فەزڵی نەدەکردە بەرپرسی خۆراسان و بەجێینەدەهێشت (اليعقوبي، د.س: 452/2؛ الطبري، 1387هـ: 539/8، 540؛ سبط ابن الجوزي، 2013: 331/13)؛ کاتێکیش (رجاء) بەهۆی خراپی بەڕێوەبردنییەوە بارودۆخەکەی تێکدا، لەساڵی (204ك/819ز)دا (غسان بن عباد بن أبي الفرج)ی ئامۆزایەکی دیکەی فەزڵی لەشوێن دانا، وادیارە تا ساڵی (213ك/828ز)دا والی خۆراسان بووەو لەو ساڵەشدا رایسپارد بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوونی سند، (غسان بن عباد بن أبي الفرج) ئامۆزای فەزڵی نارد (ابن طيفور، 2002: 34، 130؛ اليعقوبي، د.س: 2/452-453، 456، 458). (المسعودي 346ك/957ز (2005: 24/4)) دەڵێت:"کارەکەی بەلاوە گەورە بووەو بکوژەکانی فەزڵی کوشتۆتەوە"؛ (اليعقوبي 292ك/905ز)ش دەڵێت:"نیگەرانی و دڵتەنگی زۆری بۆ فەزڵ دەربڕی، خۆی پێشبینی کردووە کە لەلایەن غالبێکەوە دەکوژرێت" (اليعقوبي، د.س: 452/2).

ئەگەری زۆرە کوژرانی فەزڵ بە پیلانی مەئمون بووبێت، جا راستەوخۆ یان لەمیانەی هاندانی ئەو سەرکردانەوە بووبێت کە فەزڵ قامچیکاریکردن، بەڵام ئەگەر کارەکە لەدەرەوەی ویستی ئەویشدا بووبێت، ئەوا هەر ئاماژەی ئەوەمان پێدەدات کە خەلیفەو جێنشین لەچوارچێوەی یەك پرۆژەو بەرنامەدا کاریانکردووەو کاری یەکدییان تەواوکردووە، لەم چوارچێوەیەشدا بڕیاری بەجێهێشتنی خۆراسان و گێڕانەوەی پایتەخت و ناوەندی خیلافەت بۆ بەغداد درا، هاوکات رۆڵی عەلی رەزا لە رێگرتن لەوەی بەشێك لە جەنگاوەران و لایەنگرانی فەزڵ لە دوای کوژرانی فەزڵ ئاژاوە دروستبکەن، ئاماژەیەکی بەهێزە، سەرباری هەموو ئەوانە، دەوترێت لەوکاتەی فەزڵ کوژراوە، سەرکردەو جەنگاوەرەکانی لە دەرگای مەئموندا کۆبوونەوەو وتوویانە ئەو کوشتوویەتی، ویستوویانە دەرگاکەی بسوتێنن، مەئمون تکای لە عەلی رەزا کردووە بچێتەدەر بۆلایان، ئەویش بووە هۆکاری پاراستنی مەئمون و بڵاوەی پێکردن و بە ئاماژەی پەنجەی پێیوتوون بڕۆن، هەموویان رۆیشتوون (الكليني، 1363ش: 490/1؛ الشيخ الصدوق، 1984: 74/1؛ الشيخ المفيد، 1993: 267/2؛ الفتال النيسابوري، د.س: 229؛ الشيخ الطبرسي، 1417هـ: 78/2).

**5-3 مردنی عەلی رەزا:**

لەدوای کوژرانی فەزڵ، کاتێك کاروانەکەی خەلیفە گەیشتە گوندی (سناباد)ی (طوس) لە مانگی (سەفەری 203ك/819ز)دا، دەشوترێت لە (21ی رەمەزانی 203ك/819ز)دا، عەلی رەزا کۆچی دوایی کرد (الكليني، 1363ش: 486/1؛ الشيخ المفيد، 1993: 247/2؛ ابن النجار، 1417هـ: 142/19)، بەگوێرەی هەندێك گێڕانەوە حەوت قۆناغ پێش گەیشتن بە (طوس) عەلی رەزا نەخۆشکەوتووە، بەوهۆیەشەوە مەئمون چەند رۆژێك ماوەتەوە، نۆژدار نەیتوانیوە چارەسەری بکات و گیانی سپاردووە (اليعقوبي، د.س: 452/2؛ أبو الفرج الأصبهاني، 1965: 456-457؛ الشيخ الصدوق، 1984: 1/269-271، 277؛ حسين بن عبد

---

19- الطبري، 1387هـ: 565/8؛ ابن مسكويه، 2000: 4/139-140. لگێڕانەوەکان جیاوازن سەبارت بە ژمارەی کەسەکان و ناوەکانیان، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:(ابن خياط، 1397هـ: 471؛ اليعقوبي، د.س: 2/451-452؛ ابن الجوزي، 1992: 112/10؛ ابن الاثير، 1997: 5/500-501؛ سبط ابن الجوزي، 2013: 382/13).

20 - جعفر مرتضى، 1978: 350، 391؛ م. ركايا، 1998: 8916/28. توێژەرێك دەڵێت:"سەرکردەکانی هەواڵی هەڵگەڕانەوەی بەغدادیان بۆ مەئمون پشتڕاستکردەوە، ناڕاستەوخۆ مەئمونیان هاندا تا واز لە فەزڵ بهێنێت و بیکوژێت". بڕوانە:(فاروق عمر، 1977: 145). گێڕانەوەکانی شیعە رووداوەکەیان تێکەڵ بە پەڕجوو کردووەو دەڵێن حەسەنی برای نامەی بۆ فەزڵ ناردووە، کە بەگوێرەی ئەستێرەناسی و خوێندنەوەی ئەستێرەکان لە رۆژی چوارشەمەی فڵان مانگدا بەرەوڕووی گەرمی ئاسن و ئاگر دەبیتەوە، بۆیە پێشنیارم وایە هەرسێکتان (فەزڵ، مەئون، عەلی رەزا) بچنە گەرماو،...فەزڵ بۆ مەئمونی نووسیوە، مەئمونیش بۆ عەلی رەزا، دووجار، رەزا وتوویەتی پێغەمبەر لەخەودا پێیوتووم نەچمە گەرماو، تۆش و فەزڵیش مەچن.. بڕوانە:(الكليني، 1363ش: 1/490-491؛ الشيخ الصدوق، 1984: 1/173-174). پرسەکە هەرسێکیان پێکەوە لەیەك هەڵمەتی سەربازیدا بوون بەرەو بەغداد، بۆیە ئەم نامەو نامەکارییە لەنێوان خەلیفەو جێنشیندا، کارێکی ئەستەمە.

الوهاب، 1369هـ: 104). لەگێڕانەوەی دیكەدا بەهۆی حەزبوونی لە ترێ، ترێیەکی زۆری خواردووەو کتوپڕ مردووە (ابن أعثم، 1411هـ: 424/8؛ الطبري، 1387هـ: 568/8؛ ابن الجوزي، 1992: 107/10، 115؛ ابن خلكان، 1900: 271/3)، وەك دەنگۆش وتراوە ترێکە ژەهراوی بووەو ژەهرخواردکراوە (المسعودي، 2005: 24/4) (اليعقوبي، د.س: 452/2) دەڵێت:"دەوترێت (علي بن هشام) هەناری ژەهراوی پێداوە"؛ بەڵام زیاتر مەئمون تۆمەتبارکراوەو(ابن الاثير، 1997: 504/5؛ ابن خلدون، 1988: 38/4) دەوترێت مەئموون بە ترێ ژەهرخواردیکرد (الخصيبي، 1991: 279؛ أبو الفرج الأصبهاني، 1965: 454؛ الشيخ الصدوق، 1984: 176/1).

ئەگەرچی سەرچاوە نزیکترەکان لەکاتی رووداوەکەدا، جەخت لەپرسی ژەهرپێدانی ناکەنەوەو بەلاوەکی لەچوارچێوەی (گومان و قسەهەڵبەستندا) ئاماژەیان پێکردووە، بەڵام گێڕانەوەکانی شیعە بەبێ تاوتوێکردن قسەوباسەکانی نێو خەڵکیان وەك راستی گێڕاوەتەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی ژەهرخواردکردنی عەلی رەزا لەلایەن مەئمونەوە، بۆ نموونە، بڕوانە:(أبو الفرج الأصبهاني، 1965: 456-458؛ الشيخ الصدوق، 1984: 263/1-273، 281؛ الشيخ المفيد، 1993: 261/2، 269-271؛ الشيخ الطبرسي، 1417هـ: 80/2-85؛ ابن شهر آشوب، 1956: 477/3، 481)، ئەمەش لەچوارچێوەی بنەمای بیروباوەڕیی ئایینزاکەدا چارەسەرکراوە، لە پەرتوکی (الكافي) دا سەرباسێك یان دەروازەیەك هەیە بەناونیشانیی (ئیمامەکان سڵاوی خودایان لێبێت، دەزانن کەی دەمرن و ئەوان بەهەڵبژاردنی خۆیان نەبێت، نامرن) (الكليني، 1363ش: 258/1)، ئەمەش باوەڕی شیعەیە بەرامبەر بە ئیمامەکان، لەم چوارچێوەیەشدا لای گێڕەرەوەو مێژوونووسانی شیعەی ئیمامی، عەلی رەزا زانیویەتی کە پرسی جێنشینبوونەکەی ناگاتە کۆتایی و لەلایەن مەئمونەوە ژەهرخوارد دەکرێت و گۆڕەکەشی لە تەنیشت گۆڕی هارونەڕەشیدەوە دەبێت لە (طوس)[21]، تەنانەت لەباوانییەوەو لەسەر زمانی هەریەك لە (موسى الكاظم، جعفر الصادق، محمد الباقر، علي بن ابي طالب)و لە پێغەمبەریشەوە، هەواڵەکە دراوە (الشيخ الصدوق، 1984: 151/1-152، 279 ، 285-286، 288-291؛ الفتال النيسابوري، د.س: 234)؛ بۆیە (الشيخ الصدوق) لە لەپەرتوکەکەیدا دوو باسی بە ناونیشانی (هۆکارەکانی کوشتنی عەلی رەزا بە ژەهر لەلایەن مەئمونەوە)و (غافڵکوژکردنی رەزا بە ژەهر)دا نووسیوە (الشيخ الصدوق، 1984: 263/1، 267). زۆربەی توێژەرانی هاوچەرخیشیان پابەندن بە گێڕانەوەکان و خۆیان لە تاوتوێکردن و شەنوکەوکردن و جۆراوجۆرییان و تەنانەت دژبەیەکییان لادەدەن. بڕوانە:(جعفر مرتضى، 1978: 425؛ حسين عبدالعال، 2012: 35، 38؛ محسن الأمين، 1983: 31/2؛ المجلسي، 1983: 313/49). ژمارەیەك توێژەری دیکەش بەبێ ئەنجامدانی بەدواداچوونی تەواوو زانستی ورد، تەنانەت توێژەرێك دەڵێت راستبێت یان هەڵبەستراو، دەبڕینێکی راستگۆیانە بۆ دۆخ و هەڵوێستەکە، واتە بەجێنشینکردنی عەلی رەزاو دواتر کوشتنی. بڕوانە:(فاروق عمر، 1977: 147؛ محمد عثمان، 2009: 88).

هاوکات چەندین مێژوونووسی گشتی و شیعەش رووداوەکەیان لەچوارچێوەی مردنی ئاساییدا گێڕاوەتەوە (ابن خياط، 1397هـ: 471؛ النوبختي، 1984: 86؛ الكليني، 1363ش: 492/1؛ الفسوي، 1981: 1/ ؛ الاسكافي، 1979: 166؛ القزويني، 1987: 425/3)، هەندێکیش پرسی کوژرانی عەلی رەزا، بەتایبەتیش لەلایەن مەئمونەوە رەتدەکەنەوە (ابن الاثير، 1997: 504/5؛ سبط ابن الجوزي، 2013: 388/13؛ ابن خلدون، 1988: 38/4)، لەنێویشیاندا (ابن أبي الفتح الإربلي) کوشتنی عەلی رەزا لەلایەن مەئمونەوە رەتدەکاتەوە؛ هەورەها دەڵێت پێمگەیشتووە کە (السيد رضى الدين علي بن الطاووس 664ك/1265ز)، کە خوێندنەوەی زۆربووەو وردبووە لە ئەنجامدانی بەدواچووندا، رەتیکردۆتەوە (ابن أبي الفتح الإربلي، 1985: 76/3-77)؛ هاوکات بەردەوامبوونی پەیوەندی نێوان مەئمون و خانەوادەی عەلەوییەکان، بەتایبەتیش کە موحەممەدی کوڕی پێگەیەکی گرنگی هەبووە لەلای و دوای مردنی باوکی، کردی بەزاوای خۆی (أبو الفرج الأصبهاني، 1965: 456؛ الطبري (الشيعي)، 1413هـ: 391؛ الفتال النيسابوري، د.س: 238)، خەڵاتی زۆریشی لە رێوەڕەسمی مارەکردنەکەیدا داوە بە هەزارو نەداران، تەنانەت دەوترێت موحەممەدی لەپێش منداڵەکانی خۆی و عەبباسییەکان داناوە (الفتال النيسابوري، د.س: 241). موحەممەد کە چووە بۆلای مەئمون لەبەریدا هەستاوەو بەخۆیەوە گووشیوە، ئەویش پێشنیاری خۆپاراستنی بۆ کردووەو نزای بۆ بنووسێت (نووشتە) (حسين بن عبد الوهاب، 1369هـ: 116-117؛ ابن النجار، 1417هـ: 136/19؛ إبن حاتم العاملي، د.س:711). بەگوێرەی گێڕانەوەکان تۆمەتبارکردنی مەئمون قسەو باس بووە، نەك بەڵگەو زانیاری تەواو، ئاساییە دەنگۆو پڕوپاگەندە لە ئاکامی مردنە کتوپڕەکەیدا بڵاوبێتەوە. لێرەوە بەدوادچوون بۆ پرسی تەمومژاوی مردن یان ژەهرخواردکردنی عەلی رەزا پێویستی بەئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تایبەت و سەربەخۆیە.

---

21- بڕوانە:((الكليني، 1363ش: 341/1، 491؛ الشيخ الصدوق، 1984: 199/1، 233-234، 244، 275،248،247-279، 285، 287 292، 294 ، 295؛ الشيخ المفيد، 1993: 263/2؛ الفتال النيسابوري، د.س: 223-224، 226، 220-230؛ الشيخ الطبرسي، 1417هـ: 59/2-60، 74، 286-687؛ قطب الراوندي، 1409هـ: 363/2، 367-368؛ حسين بن عبد الوهاب، 1369هـ: 98، 101-106).

**4- دەرەنجام:**

گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی لە ئاكامی توێژینەوەكەدا پێیگەیشتین، بریتین لە:

1.لەلایەك بەهۆی نامۆیی كارەكەو پێچەوانەبوونی لەگەڵ سیاسەتی باوی عەبباسیدا لە پرسی دیاریكردنی جێنشیندا، لەلایەكی دیكەش بەهۆی ململانێی سیاسی و ئایینزاییەوە، بەجێنشینكردنی عەلی رەزا نەك خوێندنەوەی جیاوازی بۆكراوەو لەگۆشەنیگای جیاوازەوە بابەتەكە تاوتوێكراوە، بەڵكو چەندین گێرانەوەی جیاوازو دژبەیەكی دەربارە گێردراوەتەوەو هەڵبەستراوە، كە هەندێك لەو گێڕانەوانە لە بازنەی گێڕانەوەی مێژوویی چوونەتەدەرو بەهای مێژووییان لەدەستداوە.

2.دەقی پەیماننامەی خەلیفە مەئمون بۆ عەلی رەزای جێنشین و ناساندنی بە دەقی رەسەن و دەستنووسی خودی خەلیفە، ناتوانرێت بە بەڵگەی مێژوویی پشتڕاستبكرێتەوە، بەڵكو دەركەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ چارەكی كۆتایی سەدەی شەشەمی كۆچی/ دوازدەیەمی زایینی.

3.عەبباسیە ناڕازی و هەڵگەڕاوەكانی بەغداد بە ئامانجی بەدەستهێنانی پشتگیریی خەڵكی بەغدادو سەركردە سەربازییەكان، كە لەوكاتەدا لە دەسەڵاتی والی (حەسەنی برای فەزڵ) یاخیبووبوون؛ راستەوخۆ دانانی (عەلی رەزا)یان بەجێنشین بەكارو پیلانی (الفضل بن سهل) ناساند، كە گوایە دەیەوێت لەم رێگەیەوە، واتە لەمیانەی گواستنەوەی دەسەڵات لە عەبباسییەكانەوە بۆ عەلەوییەكان، دەیەوێت دەسەڵات بۆ فارس بگێڕێتەوە.

4.پەسەندكردنی جێنشینییەكە لەلایەن (عەلی رەزا)وە پێچەوانەی بنەماكانی شیعەو تێڕوانینی شیعەیە بۆ دەسەڵات و دەسەڵاتی عەبباسییەكان، بۆیە كارەكە بە لێدان دادەنێن بۆ بنەمای سەرەكی ئایینزاكە، كە بریتییە لە دانانی خیلافەت بە مافی (علي بن ابي طالب)و كوڕو نەوەكانی و بوونی دەق لەسەریان.

5.لە ئاكامی دەرەنجامی پێشتردا، چەندین گێرانەوەو بانگەشە لەسەرچاوەكانی شیعەی ئیمامیدا، جەخت لەوەدەكەنەوە كە عەلی رەزا لەژێر هەڕەشەدا جێنشینییەكەی وەرگرتووەو لەو ماوەیەدا دەستبەسەربووەو لە خەڵك و شوێنكەوتەكانی دایانبڕیوە؛ بەڵام بانگەشەكە لەگەڵ ئازادی كاركردنی و هەڵسوكەوتی لەماوەی جێنشینییەكەیداو رێزو مامەڵەی مەئمون بۆی و مامەڵەی عەلی رەزا و دڵسۆزبوونی بۆ كاروبارەكانی دەوڵەت و خەلیفە مەئمون و پشتگیریكردنیان لە یەكدی و دانانی دوژمنی لایەكیان بە دوژمنی هەردووكیان،یەكنایەتەوە.

6.زۆربەی ئەو پاڵنەرو هۆكارانەی خراونەتەڕوو وەك هۆكاری دانانی عەلی رەزا بەجێنشین، وەڵامی دڵنیاكەرەوە نین بۆ خودی پرسیارەكە، چونكە ئەو هۆكارانە نەمردن لەگەڵ مردنی عەلی رەزاداو بەردەوامبوون، بۆیە ئەگەر كارەكە لەژێر كاریگەریی یەكێك لەو هۆكارانە روویبدایە، ئەوا دەبوایە مەئمون دوای مردنی عەلی رەزا جێنشینێكی هاوشێوەی دابنایە.

7.بێگومان هاوشێوەی هەر فەرمانڕەوایەك، مەئمون لەدانانی عەلی رەزادا یەكێك لە ئامانجەكانی بریتیبووە لە بەهێزتربوون و جەماوەریتربوونی دەسەڵاتەكەی؛ بەڵام بەو گوزارشت و هۆكارە نا كە زۆر لەو لێكدانەوانەی ئەم هۆكارەیان بەپاڵنەری دانانی جێنشینییەكە داناوە، دەیگێڕنەوە بۆئەوەی مەئمون لەئاكامی لاوازی دەسەڵاتیداو نەبوونی لایەنگرو زۆری و مەترسیداریی راپەڕینەكانی عەلەوییەكاندا كارەكەی ئەنجامداوە؛ چونكە لەڕاستیدا پێش دانانەكە زۆربەی شۆڕش و راپەڕینەكانی عەلەوییەكان سەركوتكرابوون و مەئمون لەبەهێزی دەسەڵاتیدا توانی هەنگاوێكی سیاسی مەترسیدارو نامۆی وا بەسیاسەتی باوو باپیرانی ئەنجامبدات و كاردانەوەی عەبباسی و سەركردەكان بەهەند وەرنەگرێت.

8. تەبایی و  هاوهەڵوێستی خەلیفەو جێنشین (مەئمون و عەلی رەزا) لە پرسە سیاسییەكان و كارگێڕییەكاندا ئاماژەیە بۆ بوونی بەرنامەیەكی تایبەتی رانەگەیەندراو لەنێوانیاندا بۆ خیلافەت و دەوڵەت.

9.خەلیفە مەئمون كەسایەتییەكی تایبەت و جیاوازتری لە خەلیفەكانی پێش خۆی هەبووە، متمانەی بەخۆی و هەنگاوە سیاسییەكانی هەبووە، وەك پێشەوای ئایینی مسوڵمانان و كۆمەڵگە لەخۆی روانیوەو بڕیارەكانی سەپاندووە؛ بۆیە كەسایەتییەكی عەلەوی دەكات بەجێنشین و هەر سەركردەیەك رەتیدەكاتەوە دەیكوژێت؛ دواتریش بیروبۆچوونەكانی موعتەزیلە، بەتایبەتیش پرسی دروستكراوێتی قورئان بە سەر كاربەدەست و بەرپرس و زاناو فەقیهەكاندا دەسەپێنێت.

**5- لیستی سەرچاوەكان:**

**1-5 سەرچاوە رەسەنەكان:**

10.ابن الأثير، علي بن أبي الكرم محمد الشيباني (630هـ/1233م): الكامل في التأريخ، تحقيق: عمر عبد السلام تدمري، دار الكتاب العربي، (بيروت، 1997م).

11.ابن أبي الفتح الإربلي، أبي الحسن علي بن عيسى (693هـ/1294م): كشف الغمة، الطبعة الثانية، دار الأضواء، (بيروت، 1985م).

12.الاسكافي، محمد بن عبدالله الخطيب (421هـ/1030م): لطف التدبير، تحقيق: احمد عبدالباقي، الطبعة الثانية، دار الكتب العلمية، (بيروت، 1979).

13.ابن أعثم الكوفي: أحمد بن علي (314هـ/926م): كتاب الفتوح، تحقيق: علي شيري، الطبعة الأولى، دار الأضواء للطباعة والنشر والتوزيع، (بيروت، 1411هـ).

14.البلاذري، أحمد بن يحي بن جابر (277هـ/892م): فتوح البلدان، دار ومكتبة الهلال، (بيروت، 1988م).

15.الجهشياري، محمد بن عبدوس بن عبد الله الكوفي (331هـ/943م): كتاب الوزراء والكتاب، تحقيق: مصطفى السقا وإبراهيم الأبياري وعبدالحفيظ شلبي، الطبعة الاولى، (مصر، 1938م).

16.ابن الجوزي، عبد الرحمن بن علي بن محمد القرشي (597هـ/1201م): المنتظم في تأريخ الملوك والأمم، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، مصطفى عبد القادر عطا، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية, (بيروت، 1992).

17.إبن حاتم العاملي (664هـ/1265م): الدر النظيم، مؤسسة النشر الإسلامي التابعة لجماعة المدرسين بقم المشرفة، (قم، د.س).

18.ابن أبي الحديد، أبو حامد عبدالحميد بن هبة الله بن محمد بن الحسين (656هـ/1258م): شرح نهج البلاغة، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، الطبعة الأولى، دار إحياء الكتب العربية، (د.م، 1959م).

19.ابن حزم الأندلسي: علي بن أحمد بن سعيد (456هـ/1064م): جمهرة أنساب العرب، تحقيق: عبد السلام محمد هارون، دار المعارف، (مصر، 1962).

20.حسين بن عبد الوهاب (القرن الخامس الهجرى): عيون المعجزات، مطبعة الحيدرية، (النجف، 1369هـ).

21.ابن حمزة الطوسي، محمد بن علي (560هـ/1165م): الثاقب في المناقب، تحقيق: نبيل رضا علوان، الطبعة الثانية، مؤسسة أنصاريان، (قم، 1412هـ).

22.أبو حنيفة الدينوري، أحمد بن داود (282هـ/895م): الأخبار الطوال، تحقيق: عبد المنعم عامر، مراجعة: الدكتور جمال الدين الشيال، الطبعة الأولى، دار إحياء الكتب العربي وعيسى البابي الحلبي وشركاه، (القاهرة، 1960م).

23.الخصيبي، أبو عبدالله الحسين بن حمدان (333هـ/946م): الهداية الكبرى، الطبعة الرابعة، مؤسسة البلاغ للطباعة والنشر والتوزيع، (بيروت، 1991م).

24.ابن خلدون، عبد الرحمن بن محمد بن محمد الحضرمي (808هـ/1406م): ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر، تحقيق: خليل شحادة، الطبعة الثانية، دار الفكر، (بيروت، 1988م).

25.ابن خلكان، شمس الدين أحمد بن محمد بن إبراهيم (681هـ/1282م): وفيات الأعيان وانباء أبناء الزمان، تحقيق: احسان عباس، ، دار صادر، (بيروت، 1900). ج4 السنة 1971

26.ابن خياط، أبو عمر خليفة الليثي العصفري (240هـ/ 854م): تأريخ خليفة بن خياط، تحقيق: د. أكرم ضياء العمري، الطبعة الثانية، دار القلم ومؤسسة الرسالة، (دمشق وبيروت، 1397هـ).

27.الدواداري، أبوبكر بن عبدالله بن أيبك (بعد 736هـ/1335م): كنز الدرر وجامع الغرر، تحقيق: دوروتيا كرافولسكي، عيسى البابي الحلبي، (مصر، 1992م).

28.الذهبي، محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز (748هـ/1348م): سير أعلام النبلاء، دار الحديث، (القاهرة، 2006م).

29.الزمخشري، محمود بن عمر بن محمد الخوارزمي (538هـ/1144م): ربيع الأبرار ونصوص الأخيار، الطبعة: الأولى، مؤسسة الأعلمي، (بيروت، 1412هـ).

30.سبط ابن الجوزي، يوسف بن قزأوغلي البغدادي (654هـ/1256م): مرآة الزمان في تواريخ الأعيان، تحقيق وتعليق: عمار ريحاوي و رضوان مامو، دار الرسالة العالمية، الطبعة الأولى، (دمشق، 2013). ج4 من تحقيق: سبط ابن الجوزي: مرآة، تح: رضوان مامو، محمد معتز كريم الدين و فادي المغربي.

31.ابن شهر آشوب، مشير الدين أبو عبدالله محمد بن علي المازندراني (588هـ/1192م): مناقب آل أبي طالب، تصحيح وشرح ومقابلة: لجنة من أساتذة النجف الأشرف، مطبعة الحيدرية، (النجف، 1956م).

32.ابن الصباغ، علي بن محمد بن أحمد المالكي المكي (855هـ/1451م): الفصول المهمة في معرفة الأئمة، تحقيق: سامي الغريري، الطبعة الأولى، دار الحديث للطباعة والنشر، مطبعة ستاره، (قم، 1422هـ).

33.الشيخ الصدوق، محمد بن علي بن الحسين بن بابوية القمي (381هـ/991م): عيون أخبار الرضا (ع)، تصحيح وتعليق وتقديم: الشيخ حسين الأعلمي، مؤسسة الأعلمي للمطبوعات، مطابع مؤسسة الأعلمي، (بيروت، 1984م).

34.الصولي، محمد بن يحيى بن عبد الله (ت 335هـ/937و): الأوراق قسم أخبار الشعراء، شركة أمل، (القاهرة، 1425هـ).

35.ابن طاووس، علي بن الطاووس الحلي (664هـ/1266م): الطرائف في معرفة مذاهب الطوائف، الطبعة الاولى، مطبعة الخيام، (قم، 1399ش).

36.ابن طاووس، علي بن الطاووس الحلي (664هـ/1266م): فرج المهموم، منشورات الرضي، مطبعة أمير، (قم، 1363ش).

37.الشيخ الطبرسي، أبو علي الفضل بن الحسن بن الفضل (548هـ/1153م): إعلام الورى بأعلام الهدى، تحقيق: مؤسسة آل البيت عليهم السلام لإحياء التراث، الطبعة الأولى، مؤسسة آل البيت عليهم السلام لإحياء التراث، مطبعة ستارة، (قم، 1417هـ).

38.الشيخ الطبرسي، أبو علي الفضل بن الحسن بن الفضل (548هـ/1153م): الاحتجاج، تعليق وملاحظات: محمد باقر الخرسان، دار النعمان، (النجف، 1966).

39.الطبري، محمد بن جرير (310هـ/923م): تاريخ الطبري، تاريخ الرسل والملوك، وصلة تاريخ الطبري, الطبعة الثانية, دار التراث, (بيروت, 1387هـ).

40.الطبري (الشيعي)، محمد بن جرير بن رستم (ق 4هـ/11م): دلائل الإمامة، تحقيق: قسم الدراسات الإسلامية/مؤسسة البعثة/قم، الطبعة الأولى، مركز الطباعة والنشر في مؤسسة البعثة، (قم، 1413هـ).

41.ابن الطقطقي، فخرالدين محمد بن علي بن طباطبا (709هـ/1309م): الفخري في الاداب السلطانية والدول الاسلامية، تحقيق: عبد القادر محمد مايو، الطبعة الاولى، دار القلم العربي، (بيروت، 1997م).

42.الشيخ الطوسي: أبو جعفر محمد بن الحسن بن علي بن الحسن (460هـ/1068م): اختيار معرفة الرجال، تحقيق: السيد مهدي الرجائي، تصحيح وتعليق: مير داماد الأسترابادي، مؤسسة آل البيت عليهم السلام لإحياء التراث الكتاب، مطبعة بعثت، (قم، 1404هـ).

43.ابن طيفور، أحمد بن أبي طاهر (280هـ/893م): كتاب بغداد، تحقيق:السيد عزت العطار الحسيني، الطبعة الثالثة، مكتبة الخانجي، (القاهرة، 2002م).

44.ابن عبد ربه، أحمد بن محمد بن عبد ربه الأندلسي (328هـ/940م): العقد الفريد، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، (بيروت، 1404هـ)

45.ابن عساكر: علي بن الحسن إبن هبة الله بن عبد الله الشافعي (571هـ/1176م): تأريخ مدينة دمشق وذكر فضلها وتسمية من حلها من الأماثل، تحقيق: عمرو بن غرامة العمروي، دار الفكر، (بيروت، 1995م).

46.العياشي، محمد بن مسعود (320هـ/932م): تفسير، تحقيق: السيد هاشم الرسولي المحلاتي، المكتبة العلمية الإسلامية، (طهران، د.س).
47.الفتال النيسابوري، محمد بن الحسن بن علي بن أحمد (508هـ/1114م): روضة الواعظين، تقديم: السيد محمد مهدي السيد حسن الخرسان، منشورات الشريف الرضي، (قم، د. س).
48.أبو الفرج الأصبهاني، علي بن الحسين بن محمد بن أحمد (356هـ/967م): مقاتل الطالبيين، تقديم وإشراف: كاظم المظفر، الطبعة الثانية، منشورات المكتبة الحيدرية ومطبعتها، (النجف، 1965م).
49.الفسوي، يعقوب بن سفيان الفارسي (277هـ/890م): المعرفة والتاريخ، تحقيق: أكرم ضياء العمري، الطبعة الثانية، مؤسسة الرسالة، (بيروت، 1981م).
50.القزويني، عبد الكريم بن محمد الرافعي (623هـ/1226م): التدوين في أخبار قزوين، تحقيق: عزيز الله العطاري، دار الكتب العلمية، (بيروت،1987م).
51.قطب الراوندي، أبو الحسن بن سعيد بن هبة الله بن الحسن (573هـ/1178م): الخرائج والجرائح، تحقيق: مؤسسة الإمام المهدي، بإشراف السيد محمد باقر الموحد الأبطحي، الطبعة الأولى، مطبعة العلمية، (قم، 1409هـ).
52.القفطي، علي بن يوسف بن إبراهيم الشيباني (646ك/1248ز): إخبار العلماء بأخبار الحكماء، تحقيق: إبراهيم شمس الدين، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، (بيروت، 2005م).
53.القمي، علي بن إبراهيم (329هـ/941م): تفسير القمي، تصحيح وتعليق: السيد طيب الموسوي الجزائري، الطبعة الثالثة، مؤسسة دار الكتاب، (قم، 1404هـ).
54.الكليني، محمد بن يعقوب بن اسحق الرازي (329هـ/941م): الكافي، تصحيح وتعليق: علي أكبر الغفاري، دار الكتب الإسلامية، الطبعة الخامسة، مطبعة حيدري، طهران، 1363ش. ج8، الطبعة الرابعة، السنة 1362ش.
55.كمال الدين الشافعي، محمد بن طلحة (652هـ/1254م): مطالب السؤول في مناقب آل الرسول (ع)، تحقيق: ماجد احمد عطية، (د. م. س).
56.المقدسي، المطهر بن طاهر (بعد 355هـ/966م): البدء والتاريخ، مكتبة الثقافة الدينية، (بورسعيد، د.س).
57.المقريزي، أحمد بن علي بن عبدالقادر العبيدي (845هـ/1441م): المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والآثار، تحقيق: محمد عبد الحميد النميسي، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، (بيروت، 1418هـ).
58.المسعودي، علي بن الحسين بن علي (346هـ/957م): مروج الذهب ومعادن الجوهر، مراجعة: كمال حسن مرعي، الطبعة الاولى، المكتبة العصرية، (بيروت، 2005م).
59.ابن مسكويه، أحمد بن محمد بن يعقوب (421هـ/1030م): تجارب الأمم وتعاقب الهمم، تحقيق: أبو القاسم إمامي، الطبعة الثانية، نشر سروش، (طهران، 2000م).
60.الشيخ المفيد، أبو عبدالله محمد بن محمد بن النعمان بن عبدالسلام العكبري (413هـ/1022م): الإرشاد، تحقيق: مؤسسة آل البيت عليهم السلام لتحقيق التراث، الطبعة الثانية، دار المفيد، (بيروت، 1993م).
61.ابن النجار، محمد بن محمود بن الحسن بن هبة الله البغدادي (643ه/1245م): ذيل تاريخ بغداد، تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا، مطبوع مع تاريخ بغداد، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، (بيروت، 1417هـ).
62.النوبختي، أبو محمد الحسن بن موسى (300هـ/911م): فرق الشيعة، الطبعة الثانية، دار الأضواء، (بيروت، 1984م).
63.ياقوت الحموي، ياقوت بن عبد الله الرومي (626هـ/1229م): معجم الأدباء أو إرشاد الأريب إلى معرفة الأديب، الطبعة الأولى، تحقيق: إحسان عباس، دار الغرب الإسلامي، (بيروت، 1993).
64.اليعقوبي: أحمد بن أبي يعقوب بن جعفر بن وهب بن واضح (بعد 292هـ/905م): تاريخ اليعقوبي، اعادة النشر نسخة دار صادر من قبل مؤسسة نشر فرهنگ أهل بيت عليهم السلام/قم، (بيروت، د.س).

**2-5 ژێدەرەکان:**

65.احمد فريد الرفاعي (الدكتور: عصر المأمون، مطبعة دار الكتب، (القاهرة، 1927).
66.آقا بزرگ الطهراني: الذريعة، الطبعة الثالثة، دار الأضواء، (بيروت، 1983م).
67.البهائي العاملي (1031هـ/1621م): مفتاح الفلاح، مؤسسة الأعلمي للمطبوعات، (بيروت، د.س).
68.جعفر مرتضى الحسيني: حياة الإمام الرضا، دار التبليغ الإسلامي، (د. م، 1978م).
69.حسن الأمين: الرضا (ع والمأمون وولاية العهد وصفحات من التاريخ العباسي، الطبعة الاولى، دار الجديد، (بيروت، 1995).
70.شوقي ضيف (الدكتور): تاريخ الأدب العربي، الطبعة الأولى، دار المعارف، (مصر، 1995).
71.عبدالعزيز الدوري (الدكتور): العصر العباسي الاول، الطبعة الثانية، مركز دراسات الوحدة العربية، (بيروت، 2009).
72.فاروق عمر فوزي (الدكتور): بحوث في التاريخ العباسي، الطبعة الاولى، دار القلم/ بيروت و مكتبة النهضة/ بغداد، (بيروت، 1977).
73.كامل مصطفى الشيبي (الدكتور): الصلة بين التصوف والتشيع الدكتور كامل مصطفى الشيبي، الطبعة الثانية، دار المعارف، (القاهرة، د.س).
74.المجلسي، الشيخ محمد باقر (1111هـ/1699م): بحار الأنوار الجامعة لدرر أخبار الأئمة الاطهار، تحقيق يحيى العابدي، ط2، مؤسسة الوفاء، (بيروت، 1983).
75.المجلسي، الشيخ محمد باقر. (1983). بحار الأنوار الجامعة لدرر أخبار الأئمة الاطهار، جزء 49، من تحقيق محمد الباقر البهبودي، ط2، مؤسسة الوفاء، (بيروت، 1983).
76.محسن الأمين: أعيان الشيعة، تحقيق وتخريج: حسن الأمين، دار التعارف للمطبوعات، (بيروت، 1983م).
77.محمد بيومي مهران (الدكتور): الإمامة وأهل البيت، الطبعة الثانية، مركز الغدير للدراسات الإسلامية، مطبعة نهضت، (د.م، 1995م).
78.محمد علي البار: إمام علي الرضا ورسالته في الطب النبوي، دار المناهل، (بيروت، د.س).
79.نبيلة عبد المنعم داوود: نشأة الشيعة الإمامية، الطبعة الأولى، دار المؤرخ العربي، (بيروت، 1994).

**3-5 توێژینەوەكان:**

80.حسين عبدالعال اللهيبي (الدكتور): دور الإمام علي بن موسى الرضا (عليه السلام) في الحراك الفكري والسياسي، مجلة القادسية للعلوم الانسانية، السنة (15)، العدد (4)، 2012.

81.حمود عبدالمجيد بهية (الدكتور): هجرة الإمام الرضا عليه السلام من المدينة إلى خراسان، مجلة القادسية للعلوم الانسانية، السنة (15)، العدد (4)، 2012.

82.م. ركايا (M. Rekaya): المأمون، موجز دائرة المعارف الإسلامية، تحرير: م. ت. هوتسما، ت. و. أرنولد، ر. باسيت، ر. هارتمان، ترجمة / نخبة من أساتذة الجامعات المصرية والعربية، المراجعة والإشراف العلمي: أ. د. حسن حبشي، أ. د. عبد الرحمن عبد الله الشيخ، أ. د. محمد عناني، الطبعة الاولى، مركز الشارقة للإبداع الفكري، (د.م، ١٩٩٨م)؛ ، المجلد (124).

83.محمد عثمان ابو ساق (الدكتور): لماذا تبنى الخليفة المأمون افكار الاعتزال والتشيع، مجلة دراسات اسلامية/ جامعة الخرطوم، العدد الثاني، 2009.

84.موفق سالم نوري: ثقافة الخليفة العباسي المأمون وأثرها في سياسته الداخلية والخارجية، مجلة اداب الرافدين،السنة (38)، العدد (50)، 2008م.

85.نبيل جواد الخاقاني (الدكتور): الأبعاد السياسية لاختيار المأمون الإمام الرضا (عليه السلام) وليا للعهد، مجلة القادسية للعلوم الانسانية، السنة (15)، العدد (4)، 2012.

**تنصيب علي الرضا وليا للعهد ما بين السياسة والعقيدة (201-203هـ/816-819م)**

**بەختيار عبدالله كريم**
قسم التاريخ – كلية العلوم الانسانية/ جامعة السليمانية

**ملخص**

على الرغم من أن الدعوة العباسية ضد الأمويين بدأت في أوائل القرن الثاني الهجري تحت شعار (الرضا من آل محمد)، لكن مع قيام الدولة العباسية، ظهر صراع دموي بين العباسيين والعلويين اللذان ينتميان للبيت النبوي؛ فقاد العلوييون العديد من الحركات والتمردات ضد ابناء عمومتهم، لكن في نهاية المطاف فقد دفع العلوييون ضحايا كبيرة. في مستهل القرن الثالث الهجري خطى الخليفة المأمون خطوة غير مسبوقة و متناقضة لسياسة العباسيين ألا وهو تنصيب (علي بن موسى بن جعفر الصادق 203هـ /819م) العلوي وليا للعهد من بعده؛ وهذا ما أثار سخط العباسيين في حاضرة الخلافة بغداد بالاضافة الى بعض القادة والولاة وموالي العباسيين، وفي نفس الوقت ولغرابة ما اقدم عليه الخليفة ووفات علي الرضا بعد مرور عامين على تنصيبه وليا للعهد، اثيرت الكثير من الشكوك حول نية الخليفة المأمون من تنصيب على الرضا وهناك تفسيرات وآراء متنوعة ومختلفة لما اقدم عليه.

هذا البحث في جوهره جهد متواضع لتقييم وبيان الدوافع الشخصية للخليفة مأمون التي كانت وراء تنصيب علي رضا وليا من بعده، وهو تحليل و توضيح الدوافع التي نسبت الى المأمون ومدى ملائمة تلك التحليلات او سذاجتها، أضافة الى اظهار مدى التأثير الديني والفكري و وجهة النظر السياسية لاصحابها، والهدف منه هو تكوين رؤية قريبة للبرنامج السياسي والإطار الفكري للخليفة المأمون والذي يعد من كان وراء تنصيب على رضا وليا للعهد.

ينقسم هذا البحث على ثلاثة محاور، المحور الاول تناول اجراءات تعيين علي الرضا وليا للعهد و تحليل الروايات وما كان لهذه الاجراءات من ردود افعال. المحور الثاني خصص لقراءة ومناقشة التفسيرات المطروحة لإظهار الدوافع والاهداف التي كانت وراء تنصيب على رضا وليا للعهد. وفي المحور الثالث حاولنا الوقوف على لرسم اطار البرنامج السياسي للخليفة المأمون الذي قرر من خلاله تعيين علي الرضا وليا للعهد.

**الكلمات المفتاحية:** الخليفة المأمون؛ ولي العهد؛ العباسيون؛ العلويون؛ البرنامج السياسي.

**Appointment of Ali Rida as Crown Prince between politics and faith (201-203AH/817-819AD)**

**Bakhtyar Abullah Karim**
College of Humanities, Department of History, University of Sulaimani

**Abstract**

Although the Abbasid call began under the slogan of ‘’The satisfaction from the family of Muhammad’’, against the Umayyad state, at the beginning of the second century AH, with the establishment of the Abbasid state, the bloody conflict intensified between the two prominent branches of the prophet's family, the Alawites and the Abbasids.

The Alawites led many rebellions against their cousins, but in the end, the Alawites and their followers lost the conflict and had many victims. At the beginning of the third century AH, the Caliph Al-Ma'mun (198-218 AH / 814-833 AD) took an unprecedented step which was opposite to the mainstream policy of the Abbasids, and he appointed (Ali bin Musa bin Jaafar bin Muhammad bin Ali bin Hussein bin Ali bin Abi Talib 203 AH / 819 AD) the Alawi as crown prince. This action led to the insurgency of the Abbasids of Baghdad, in addition to some of the Abbasid leaders, followers and supporters. Meanwhile, there are doubts that there were different reasons behind his decision due to the strangeness of what the Caliph did and the sudden death of Ali Radha after two years of appointing him a crown prince and the differences in political and sectarian perspectives.

This research is an attempt to analyse and understand the distinctive reasons of the Caliph Al-Ma'mun for the appointment of Ali Radha as a crown prince. It endures to explain and analyse the probability of the convenient and superficial analysis of the perspectives and explain the impact of political ideology and religion on the narrators. The study aims to reach a close commiseration of the political perspective of Caliph Al-Ma'mun and his intellectual framework، which was the reason for the appointment of Ali Radha as a crown prince.

This study is divided into three chapters. The first chapter describes the arrangements of the appointment of Ali Radha as a crown prince, the perspectives and analysis, and the reactions. The second chapter analyses the analysis and perspectives on the reasons for naming Ali Radha as a crown prince. The last chapter endures an understanding of the political perspective of Caliph Al-Ma'mun, which led to the appointment of Ali Radha as a crown prince.

**Keywords:** Caliph al-Ma'mun; Crown Prince; The Abbasids; Alawites; political programme.